ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٢٧ ■ سێشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٧ _ ٥ی ژوئەن ٢٠١٨
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




# زایەڵەی شاخ

## بە خەباتی پێشمەرگانە و یەکڕیزیی نەتەوەیی سەرکەوتنمان مسۆگەرە







هاوکات لەگەڵ دەرچوونی ئەم ژمارەیەی کوردستان، پۆلێکی دی لە لاوانی دڵگەرمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەڵبژاردوە، بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی خولی ڕاهێنانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەدا کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ڕایگەیاند قۆناغێکی چارەنووسساز لەبەردم بزووتنەوەی کورد لە ئێران دایە و ئەرکی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانە ئامادەکاریی پێویستی بۆ بکەن.

ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێران و ستاتۆی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچەدا، تیشکی خستەسەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی هەم لە نێوخۆی وڵات بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیرانی گۆڕانخولقێن و هەروەها نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک بۆتەوە کە توانای وەڵامدانەوە و چارەسەری ئەم کێشانەی نیە، هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی خەریکە تاڵاوی شکستی بەرزەفڕی و دەستێوەردانەکانی بە دەمدا دەکەن.

بەڕێزیان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو بارودۆخە نوێیە کۆمەڵێک ئەرکیشی خستووەتە بەردەم حیزبەکان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تا بە هاوخەباتی و یەکڕیزیی نەتەوەیی هەل و دەرفەت بخولقێنن و، بوارە ڕەخساوەکان لە پێناو بەرژەوەندیی پرسی کورددا بقۆزنەوە.

### ڕێژیمی ئێران٣٠٠ هەزار کەس لە غەزە نان دەدا





کۆمیتەی ئیمدادی خومەینی هەموو ڕۆژێ بەربانگ و پارشێو و ژەمەخواردنی هەزاران کەس لە غەزە دابین دەکا.

داهاتی سەرەکیی کۆمیتەی ئیمداد لە شوێنی کۆبوونەوەی سندووقی خێراتی خەڵک و هەروەها بودجەی ساڵانەی وڵاتە و بە گشتی ناندانی ٣٠٠ هەزار کەس لە غەزە هەمووی لەسەر حسێبی گیرفانی خەڵکی ئێرانە. ئەو سیاسەتە تەبلیغییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدایە کە لە مێژساڵە خەڵکی ئێران لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینەکاندا دژی یارمەتییە ماڵییەکانی ئێران بە لوبنان و غەزە و سووریە و عێراق دروشم دەدەن.

چالاکانی تۆڕە کۆڵایەتییەکان دەڵێن خەڵک لە ئێران بۆ نان و دەواودەرمان گورچیلەیان دەفرۆشن و لە نیو زبڵوزاڵدا بەدوای پاشماوەکانی خواردندا دەگەڕێن، بەڵام ڕێژیم بە سامانی گشتیی خەڵکی ئێران خەڵکی فەلەستین بەخێو دەکا.

### فەرمانی خامنەیی بۆ گەڕانەوە بۆ پێش بەرجام



خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران فەرمانی دا ١٩٠ هەزار سانترفیووژ وەکار بخرێتەوە.

وەگەڕکەوتنەوەی ئەوەندە ژمارەیە لە سانترفیووژەکان یەکێک لە هێڵە سوورەکانی خامنەیی پێش ڕێککەوتنی ئەتومیی ڤییەن بوو، بەڵام بەرجام ئێران پێمل بە وەستاندنی سانترفیووژەکان تا ١٠ ساڵ دوای ڕێککەوتنە کردبوو. دوای ئەو ماوەیەش ئێران بۆی هەبوو تەنیا ٥ هەزار سانترفیووژی هەبێ. پێش خامنەیی و لەگەڵ هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام، حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێرانیش فەرمانی بە ڕێکخراوی وزەی ئەتومی کردبوو خۆیان بۆ پیتاندنی پیشەیی و بێسنووری ئۆرانیوم ئامادە بکەن.

خامنەیی ڕوو بە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا گوتی ئەوان چاوەڕوانیی ئەوەیان لە ئێران هەیە هەم گەمارۆی ئابووری لەسەر بێ و هەم دەست لە بەرنامە ئەتومییەکەشی هەڵگرێ، بەڵام ئەو خەونە نایەتە دی!

■ سەروتار

### کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحات؟

کەماڵ کەریمی

ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ماوە چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆ، پرسیاری زۆری لە سەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە. لەلایەکەوە بە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی کۆشکی سپی لە ئەمریکا و توندتربوونی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پڕکێشییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی، ئێران کەوتووەتە ژێر فشارێکی زۆری ئابووری و دیپلۆماسییەوە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە. لەولاشەوە لە نێوخۆی ئێران بە هۆی کێشەگەلی زۆر و هەمەلایەنەوە، دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و گشتگیرتر دەبێ. هەڕەشە ئابوورییەکانی ئەمریکا بە هۆی نوێکردنەوە و زیادکردنی تەحریمەکانەوە، کشانەوەی یەک لەدوای یەکی کۆمپانیە گەورە جیهانییەکان کە بە دوای ڕێککەوتنی بەرجام ڕوویان لە ئێران کردبووەوە بە هۆی مەترسیی سزادانیان لەلایەن ئەمریکاوە، هۆکارێکی بەرچاون بۆ چاوەڕوانکردنی داتەپینی یەکجارەکیی ئابووری دەوڵەت و گەورەتربوونی قەیرانی دارایی و ئابووری لە ئێراندا. ئەمە ئەو وەزعەیە کە یەخەی کۆماری ئیسلامیی گرتوە و بەرەو چارەنووسێکی نادیار پاڵی پێوەدەنێ.

لە تەواوی ساڵانی ڕابردوو، لە نێوخۆی وڵاتدا کۆماری ئیسلامی بە سەپاندنی فەزای ئەمنییەتی قورس و هەوڵی سەرکوتی خەڵک لە ڕێگەی گرتن، زیندانیکردن، ئەشکەنجە و تەنانەت ڕەشەکوژی و ئیعدامکردنەوە، بە هەموو شێوەیەک مافە سەرەتاییەکانی خەڵکیان پێشێل کردووە و هەوڵی دەمکوتکردنی خەڵکی نارازی و مافخوازیان داوە و هیچ گوێیان بە داخوازییەکانی خەڵک نەداوە. بەڵام بە بەردەوامی و تەنیا لەپێناو مانەوە و بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی ڕێژیمەکەیان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەرکات هەستیان بە توندکردنی فشارە دەرەکییەکان کردبێ، ملیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکان ڕاکێشاوە. بەرجام دوایین نموونەی ئەو پەلکێشکردنەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ سیاسەتێکی داسەپێندراو بەسەریاندا. سازش و ڕێککەوتن هەرکات هەستیان بە مەترسی کردبێ لەگەڵ هێزەکانی بێگانە. ئەمە لە حاڵێکدا بووە کە سەرەڕای مانۆڕە درۆزنانەکانیان بە ناوی یاسای بنەڕەتی و مافی شارۆمەندی و بەشداریکردنی خەڵک لە چارەنووسی خۆیاندا، هەرگیز ئامادە نەبوون لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان کە چەند جیلیان خۆیان لە پێناو سەقامگرتوویی ئەو نیزامەدا فیداکرد سازش بکەن، و بە ملدان بە ویست و داوا ڕەواکانیان و...

٢



وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/٢



پەڵەیەکی ناشیرین بە ڕوخساری شارستانیی ئەمڕۆی کوردستانەوە/٣



هیوای ڕووخاندنی ڕێژیم بە دەستی هێزی دەرەکی/٥




تیۆری و کردەی سیاسی/٦



تێڕوانینی دەسەڵات و نوخبەی ناوەندگەرا بۆ پرسی نەتەوەکان و.../٨



ڕۆژهەڵاتییەکان و دیپلۆماسی شەقام لە دەرەوەی وڵات/١٠



ڕەوت و قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/١١

کوردستان
• ژماره ٧٢٧
١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٧ _ ٥ی ژوئەن ٢٠١٨



دریژەی:

# کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحات؟

داوا ڕەواکانیان و بە هاوبەشکردنیان لە ژیانی سیاسی و ئیداری وڵاتدا ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئیمزا بکەن. ڕێککەوتنێک کە دەیتوانی بە پێی یاسایەکی خەڵکی و نیشتمانی، ئێران لەو هەموو فەقر و وێرانییە بپارێزێ. ئەم کایەی شێر و ڕێوییە چەندجارێک لە سەردەمی سەرۆککۆماری ڕەفسەنجانییەوە هەتا ئێستا دووبارە بووەتەوە.
ئێستا بۆ جارێکی دیکە بە هۆی فشارەکانی دەرەوە بە تایبەت دەوڵەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ کایە هەمیشەییەکە دەستی پێکردوەتەوە. لە حاڵێکدا خامنەیی کە زیاتر لە جاران ترسی ڕێ نیشتووە بە بەردەوامی قسە لە بێباوەڕی بەرامبەر ئەمریکا دەکا، نوێنەرەکانی بە ناوی دەوڵەتەوە، لە دەرەوە بە واستەگەری و دانیشتنی بە دزی لە هەوڵی ڕازیکردنی دڵی ئەمریکاییەکانن. لەولاشەوە وەک عادەتی هەمیشەیی کە لە کاتی تەنگانەدا خەڵکیان وەبیر دێتەوە، دیسان باس باسی قبووڵکردنی هێندێک لە گلەییەکان و هەوڵی چارەسەری گیروگرفتەکانە. هەرچەند باش دەزانن کە کار لە گلەییدا نەماوە و ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییانەی بەرەبەرە هەموو ناوچە و شارە جیاجیاکانی ئێرانی تەنیوەتەوە و هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە، قسەی زیاتر لە گلەییەکی تێدایە و دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانانە کە هەرکامەی بە هۆکارێک سازدەکرێ دروشمی هەوڵدانە بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کە لەوانەیە ئەو گۆڕانکارییە، ڕووخانی ڕێژیم بە دوای خۆیدا بێنێ.
هەرچۆنێک هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بارووودۆخە بکرێ ئەوە بە ڕوونی دەبیندرێ کە ڕێژیم بە حکوومەت و دەوڵەتەوە و بە گشتی نیزامەکەیان، کەوتوونەتە بەر تەوژمی ڕق و تووڕەیی خەڵک. بێگومان زۆربوونی فشارەکان لە دەرەوە بە تایبەت کە سیستمی ئابووری لەبەر یەک هەڵوەشاوی ئێرانی کردوەتە ئامانج و لەبەردەستدانەبوونی ڕێگە چارەیەکی ماوەکورت بۆ چارەسەری بە پەلەی کێشەکان _ئەگەر بیر لە چارەسەریش بکەنەوە_ مەیدان بۆ پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکان خۆشتر دەکا. درێژەکێشانی ئەم بارووودۆخەش لانیکەم ڕێژیم بەرەو لاوازیی زۆرتر دەبا و تواناکانی خۆڕاگری و بەکارهێنانی دەزگا و هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ پێشگرتن لە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان کەمتر دەکاتەوە. بەمجۆرە ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی جگە لە پاشەکشە بۆ نەماوەتەوە. هەرچەند ئەزموونەکانی پێشوو پێمان دەڵێن کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان تەسلیمبوون بە دەرەوە حاسانترە بۆیان، هەتا وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵک و ڕازیکردنی ئەوان.
درێژەی ئەو وەزعە لەگەڵ ئەوەی عەلی خامنەیی وانیشان دەدا کە شتێکی سەیر نەهاتوەتە ئاراوە و وا پێدەچێ کە دیسانیش بیر لە درێژەی دەسەڵاتی خۆی وەک ڕابردوو بکاتەوە، وای کردوە کە سەرۆککۆمار و هێندێک لە دەوڵەتمەدارانی ئێران و تەنانەت بەشێک لە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیشیان بیر لە ئیسلاحی وەزعەکە بکەنەوە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەو بەڵایەی کە تووشی خۆیان کردوە. بەڵام بەڕاستی ڕێگەیەک بۆ ئیسلاح ماوەتەوە؟ دیارە ئەگەر هەرکەس یا جیناحێک لە ڕێژیم بیەوێ باس لە ئیسلاحات بکا پێش هەموو شتێک پێویستە باس لە بوونی قەیرانێکی قووڵ بکا کە بە هۆی دەسەڵاتداریی نیزامەکەیانەوە هەموو جومگەکانی ژیانی ئێرانییەکانی گرتووەتەوە و ڕەوابوونی داواکارییەکانی خەڵک نە بۆ پۆزی سیاسی و فریودەرانە، بەڵکوو وەک ڕاستییەکی ژیانی ئەمڕۆی خەڵک قبووڵ بکا. دواتر ئەو یا هەرکەسێک کە قسە لە بەرنامەیەکی لەو جۆرە دەکا دەبێ باوەڕمەندی خۆی بە ئیسلاحات لە ڕێگەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ساختارێک کە، بە پێی یاساکەیان و بە هۆی بوونی ڕێبەرێک کە بە تەنیا دەسەڵاتی لە هەمووان زیاترە و بە ئەمری ئەو فەرماندەکانی سپا، ڕاگەیاندنی ڕەسمی، سەرۆکی دادوەری و چی و چی دیاری دەکرێن و، لەم ڕێگەوە دەسەڵاتێکی ئیستبدادی بەسەر وڵاتدا سەپاندوە بە ئاشکرا نیشان بدا. لەگەڵ ئەوەش ئیسلاحات کاتێک جێبەجێ دەبێ کە پێشتر یاسای بنەڕەتی بگۆڕدرێ، دەستی سپا لە کاروباری نێوخۆیی کورت بکرێتەوە و بوونی ئازادیی ڕادەربڕین، ڕاگەیاندنی ئازاد و پێکهێنانی کۆبوونەوە و دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بە شێوەی کردەیی بە ڕەسمی بناسرێ. دەنا ئەو قسە و باسانە بۆ ئەوان خەیاڵی خۆشی ڕزگاربوونیانە لە چنگی عەداڵەت و خەڵکی ئێرانیش جارێکی دیکە فریوی ئەو موعیزانە ناخۆن.

# مستەفا مەولوودی: بەرجام نە بۆ خەڵکی ئێران بوو بە نان و ئاو نە نیگەرانیی کۆمەڵگەی جیهانیی لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی ڕەواندەوە

دیمانە: مووسا باباخانی



«کوردکاناڵ»، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو حەوتوویەدا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. لەم وتووێژەدا گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچە، کاریگەریی هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام، ئاسۆی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و، نەخش و شوێنی پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتووی ئێراندا تیشکیان خرایە سەر. «کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژە دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی.

**کاک مستەفا ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دەڵێ ئەو ڕێژیمە وەک دەنوێنێ بەهێز و خۆڕاگر نیە. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئێران لەگەڵ قەیرانی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوە. حیزبی دێموکرات چۆن چاو لە گۆڕانکارییەکان لە ئێرانی ئێستادا دەکا؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی جەوهەری خەباتەکەی بۆ دەستەبەری مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی

> ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە و ناتوانێ حوکمەتێکی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بێ. بۆیە ناڕەزایەتییەکان بەردەوام لە پەرەئەستن دان و ئێمە بە ئەزموونێک کە لە یەک سەدەی ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران هەمانە، دەگەین بەو ئاکامگیرییە کە خەڵکی ئێران لێ بڕاون و بەرەو ئەوە دەچن کە ئەم ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە

کوردستانە، ئەوەی کۆماری ئیسلامی حاشای لێ دەکا. حیزبی ئێمە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە بە هەموو شێوەیەک دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران ببینێ و دانی پێدا بنێ. حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی باسی لە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستان کردوە، هەروەها بەو دووربینیئەندیشییەی ڕێبەرانی حیزب بوویانە، لە کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتەوە دروشمی ڕووخان و گۆڕینی ڕێژیمی هەڵگرت. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە لای وابوو ئەم نیزامە چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و پێکهاتەکانی گەلانی ئێران و دەستەبەری دێموکراسی ناتوانن وەڵامدەری ویست و داوای خەڵک بێ، بۆیە ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا. ئێستاش بە سەرنجدان بە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و ئەم کەلێن و مەودا زۆرەی لە نێو خەڵک و دەسەڵاتدا هەیە، دەردەکەوێ شوعاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی قورس بووە لەو کاتدا، بەڵام لە جێگای خۆیدا بووە. ئەم ڕێژیمە نەیتوانیوە و ناتوانێ حوکمەتێکی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بێ. بۆیە دەبینین ناڕەزایەتییەکان بەردەوام لە پەرەئەستن دان و ڕۆژ نیە چەند ناڕەزایەتییەکی گشتی لە چەند شار و ناوچەیەکی ئەم وڵاتە لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە دژی دەسەڵات وەڕێ نەخرێ. ئێمە بە ئەزموونێک لە لانیکەم لە سەدەی ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران هەمانە، دەگەین بەو ئاکامگیرییە کە خەڵکی ئێران لێ بڕاون و بەرەو ئەوە دەچن کە ئەو ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**کاک مستەفا لە ئێستادا کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم گۆڕینی ڕێژیم چین؟ بۆ ئەو ناڕەزایەتییانە نەبوونە هەوێنی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری بە ئاراستەی ئینقلاب و گۆڕینی ڕێژیم؟**

ڕاستە لە ئێستادا لە سۆنگەی سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا ناڕەزایەتی زۆرە و بواری پەرەسەندنی ئەو ناڕەزایەتییانە و حزووری خەڵک بۆ گۆڕینی ڕێژیم لەبارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەموو زەمینەکە ڕەخساوە. حاشا لەو حەقیقەتە ناکرێ کە خەڵکی ئێران زەرفییەتی خەباتگێڕیی ئەوەیان تێدا کە بەرەوڕووی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەری وەک کۆماری ئیسلامی ببنەوە و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و تێچووی ئەو بەرەنگارییەش بدەن. بەڵام ئایا دەسەڵات لە ئێستادا بە گژی خەڵکدا دێتەوە یان پاشەکشە دەکا و هەوڵی دەربازبوون لە قەیرانەکان دەدا، یان ئەوەی بەریەککەوتنە قورسەکە ڕوو دەدا و خەڵک ئامادە دەبن تێچووە قورسەکەی ڕووخاندنی ڕێژیم بدەن، ئەوە دەبێ کاری زیاتری بۆ بکرێ و بواری خۆشتری بۆ بڕەخسێندرێ. ئاراستەکان دەبێ بەو لایەدا بن کە ئەوەندەی دەلوێ خەڵک بە تێچووی کەمترەوە ئەو ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هێزە کوردییەکان و بە تایبەت حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە چییان کردوە؟ چی دەکەن و بە تایبەت حیزبی دێموکرات لەو بارەوە بەرنامەی چیە؟**

مەسەلەی ئەڵتەرناتیڤ و ئۆپۆزیسیونی جیددی باسێکی گرینگە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە زەبروزەنگ و سیاسەتی توند و تیژ کەوتە وەلانی دژبەرانی خۆی. لە ماوەی چوار دەیەی

> ئێمە لامان وایە پرسی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران و پرسە ئابووری و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران و لە مەرکەزی ئێران، واتا لە تاران چارەسەر دەکرێ. بۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە پرسی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرێ بدرێ بە بزووتنەوە سەرانسەرییەکان و لەگەڵ ئەوان ڕێک بخرێ

ڕابردووشدا هەموو مەبەستەکانی لەسەر ئەو تەوەرە بووە کە نەهێڵێ ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز دروست ببێ و ڕێبەریی سیاسی و ڕێکخراوەیی ناڕەزایەتییەکان بکا. هەڵوەشاندن و لەنێوبردن و لە مەیدان وەدەرنانی ڕەوت و ڕێکخراوەکان، گرتن و ئێعدامی دژبەرانی سیاسی و تێرۆری مخالیفانی سیاسی بەشێکی سەرەکی لە هەوڵەکانی ڕێژیم لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بووە و لە حەقیقەتدا کاریگەریی خراپیشی لەسەر شکڵنەگرتنی ڕێبەرییەکی سیاسیی کارامەی دژبەری ڕێژیم داناوە. بەڵام ئەوە ناتوانێ هەروا بمێنێتەوە و ڕێژیم پاڵ بداتەوە و بە ئەرخەیانی بڵێ ئۆپۆزیسیۆنم نەهێشتووە. خەڵکی ئێران خەباتگێڕن و هێزە سیاسییەکانیش لە ئێران خاوەن کارنامەی دیار و ڕوونن و بێگومان ئاراستەکان دەگۆڕدرێن. ئەوە نیە سەرباری ئەو دۆخە و لە نەبوونی ڕێبەرییەکی یەکگرتووشدا بەڵام ناڕەزایەتییەکان هەردەم لە زیادبوون و پەرەسەندن دان. مەسەلە ئەوەیە کە کاردەکە گەیوەتە ئێسقان و ئاستی تەحەمولی خەڵک ئیدی ئەوە نیە ڕێگە بە بەردەوامیی تەڕاتێنی ئەو ڕێژیمە بدا. هەر ئەو بارودۆخە خۆی یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی ڕێبەریی سیاسی و ئۆپۆزیسیونی بەرپرسیار بۆ ڕێکخستنی خەڵک و وزەی خەباتگێڕییان بە دژی کۆماری ئیسلامی.

**بەدەر لە ناڕەزایەتییە گشتییەکان، ئەدی پرسی کورد لە ئێران و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە کوێدا جێ دەگرێ؟ ئێوە بۆ دواڕۆژی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە تاران چیتان کردوە؟ هێزە سیاسییەکانی کوردستان چییان لە بەردەستە؟**

ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێدا لە جێی خۆی دایە. ئێمە لامان وایە پرسی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران و پرسە ئابووری و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران و لە مەرکەزی ئێران، واتا لە تاران چارەسەر دەکرێ. بۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە پرسی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرێ بدرێ بە بزووتنەوە سەرانسەرییەکان و لەگەڵ ئەوان ڕێک بخرێ. وەک پێشتریش باسم کرد ئەگەرچی سیاسەت و ئامانجی ڕێژیم لێدان لە ئۆپۆزیسیون و نەهێشتنی بووە، بەڵام بە خۆشییەوە کورد و بزوتنەوە سیاسییەکەی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیداندا ماونەتەوە و حزووری بەرچاو و شوێندانەریان لە گۆڕانکارییاندا هەیە. بەو ئەزموونە سیاسییە پڕبایەخەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵەکان ئەوەن کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات تێکەڵاویی زیاتری هەبێ لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەری و گشتییەکان لە تەواوەتیی ئێراندا. حیزبی ئێمە لەسەر ئەو تەعامولە و دروستبوونی ئەو پێوەندی و لێگرێدانی خەباتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری کردوە و بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.
لە دەرەوەی وڵاتیش کەس و کەسایەتی و ڕەوتی سیاسیی جۆراوجۆر هەیە کە لەگەڵیان لە پێوەندی داین و هەموو مەبەستەکەش ئەوەیە کە ڕێ بۆ دروستبوونی هاوپێوەندییەک خۆش بکرێ و ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە پێناو درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیدا دروستی کردوە. بێگومان دروستبوونی ئەو ئیئتلاف و هاوپێوەندییە کە بەرەو شکڵگرتنی ئادرەسێکی دەقیق بڕوا، وزە و توانای زیاتر بە خەڵک و ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا دەکا. ئێمە لەو بەسێنەشدا هەر چالاک و لەسەر خەتین.

> لە ململانێی ئێستای ئەمریکا و ئێراندا بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و پارسەنگی هێز شانسی زیاتر بۆ ئەمریکایە کە ئێران ناچار بە ملدانەواندن بۆ مەرجەکانی بکا. ئەوەی لەو نێوەدا دەتوانێ گرینگ بێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی وڵاتەکەمان بتوانێ لەو فشارانەی دەخرێتە سەر ئێران بە قازانجی بردنەپێشێی ئامانجەکانی کەلک وەرگرێ

**کاک مستەفا کوردستان ئەزموونی تاڵ و شکستخواردووی ٥٧ی هەیە. گۆڕانکارییە سیاسییەکانیش چاوەڕواننەکران، ئێوە ئامادەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

لە پێشدا با بڵێم کە ئەزموونی ٥٧ و بەشداریی کورد لەو ڕاپەڕینە شکستخواردوو نەبووە. هەم خەڵکی ئێران و هەم گەلی کورد دەسکەوتی باشیان لە...

٣ ⇦



قادر وریا

# پەڵەیەکی ناشیرین به ڕوخساری شارستانیی ئەمڕۆی کوردستانەوە

**بەرایی:**

خەڵکی چەند ناوچەی کوردستان ساڵانێکە بە دەست کێشە و ناکۆکی و دوژمنایەتیی هێندێک تایفە و گوند لە گەڵ یەکتر، دەناڵێنن. مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە لە ڕابردوو دا دوو تایفە یا دانیشتووانی دوو یا چەند گوندی ئەو ناوچانە، لە سەر ئاو، زەوی و زار، مەرتەع یا ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، ناکۆکی و کێشە و گرژی لە نێوانیاندا دروست بووە. کێشەکە، پێکهەڵپڕژان و پێکگەیاندنی زیانی ماڵی و گیانیی لێ کەوتووەتەوە. دواتر هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشە و دوژمنایەتییانە، بێ ئاکام ماونەوە.

**بەردەوامی و دووپاتبوونەوەی کارەسات:**

کێشە و ناکۆکییە بنەماڵەیی، تایفەیی و ناوچەییەکان، وەک ئاوری بن کایە ماونەوە و هەر جار نا جارێک گەشاونەوە و، سەرلەنوێ بوونەوە بە هۆی گرژی و پێکهەڵپڕژانەوە و، گیان و ماڵی نەک هەر دوو یا چەندلایەنی کێشەکان، بەڵکوو هی خەڵکی دیکەشیان خستووەتە مەترسی.

کێشەی چەند ساڵەی خەڵکی گوندەکانی «هێ»یە و «میراوێ» لە سەر ئاو (لە ناوچەی شنۆ)، ناکۆکیی نێوان ئاوایییەکانی «بیون» لە جوانڕۆ و «شۆیسەر» سەر بە باینگان(لە پارێزگەی کرماشان)، تێکهەڵچوونی ئەم دواییانەی نێوان چەند کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی «قوبە» و «خالدار» (لە ناوچەی پیرانشار) لە سەر لەوەڕگە کە گیانلەدەستدانی کەسێکی لێ کەوتەوە، پێکهەڵپڕژانی ماوەیەک لەمەوبەری خەڵکی ئاوایییەکانی «دێشەمس» و «چواربۆت» (لە ناوچەی شنۆ) هەر لە بەهاری ئەمساڵدا، لەو جۆرە کێشە و ناکۆکییانەن. دیارە بە داخەوە لە پارێزگە و ناوچەکانی دیکەش نموونەی ئەو جۆرە کێشە و ناکۆکییانە کەم نین.

**ڕەهەندی خەسارەکان:**

هەڵوێستە کردن لە سەر ئەم جۆرە کێشە و پێکهەڵپڕژانانە و زیان و ئاکامەکانیان، لە جیی خۆی دایە و لە چەند بارەوە پێویستە. لەم دەرفەتەدا لانیکەم لە دوو ڕوانگەوە، لە سەریان دەوەستین:

**لە ڕوانگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەوە:** لە سۆنگەی بەردەوامیی ناکۆکییەکان و ئەو توند و تیژییانەی لێیان دەکەوێتەوە، نەک هەر کەسە ناکۆکەکان و لایەنەکانی کێشەکان، بەڵکوو ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەسوکاریان، هێندێک جاری دیکەش خەڵکی دیکە بێ ئەوەی کەم یا زۆر پێوەندییان بە کێشەکانەوە هەبێ، تووشی زیانی ماددی و گیانی دەبن و ئەمنیەتیان دەکەوێتە مەترسی. هەموو جارێش ژمارەیەکی زیاتر لە مرۆڤەکان و بنەماڵەکان بۆ نێو بازنەی دوژمنایەتی و تۆڵە و تۆڵە ئەستاندنەوە پەلکێش دەکرێن. مۆتەکەی هەستکردن بەنائەمنی و دوژمنی، بەردەوام لەگەڵیان دەژی و هەموو بوارەکانی ژیانیان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، خاوەن یاسا و لە ڕووی مەدەنییەوە پێشکەوتوو، ئەم جۆرە ناکۆکیانە بە ڕێگای قانوونی و بە وەبەرچاوگرتنی مافی ڕەوای لایەنە پێوەندیدارەکان چارەسەر دەکرێن و ڕێگە بە سەرهەڵدان و ڕێشەئاژۆیان نادرێ.

**لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە:** خەڵکی کوردستان، ئەوە بۆ چوار دەیە دەچێ لە سەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەبات دان. بە هەزاران ڕۆڵەی گەلی کورد لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان و بەرگری، گیانیان پێشکەش کردوە. ئەم جۆرە کیشە و ناکۆکییانەی نێوان هۆز و تایفە جیاوازەکان و ئەم گوند و ئەو گوند، وای کردوە کەلێن بکەوێتە ڕیزەکانی خەڵک. دام و دەزگا و کاربەدەستانی ڕێژیم، زۆربەی جارەکان ئەم جۆرە کەلێنانەیان قۆستووەتەوە. ئەوان بە ڕواڵەت بۆ پێشگیری لە تەشەنا نەکردنی زیاتری گرژی و ئاڵۆزییەکان، دێنە نێو ڕووداوەکان. بەڵام هەوڵ دەدەن لە نێوخۆیاندا تەقسیمی کارێکی زیرەکانە بکەن. هێندێکیان پشتی لایەنێکی کێشەکە دەگرن، بەشێکیشیان خۆیان وەک دڵسۆز و داشدار وپشتیوانی لایەنی بەرامبەری دەنوێنن. لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، بە ئەنقەست هەوڵ دەدەن کێشەکان نەبڕێنەوە و ڕێگادەستیان بۆ نفووزکردنە نێو خەڵک بمێنێتەوە، بە خۆشکردنی ئاوری ناکۆکییەکان، لایەنەکانی کێشەکان بۆ هەڵگرتنی چەکی حکوومەت و تێکەڵاوی و پەنابردن بۆ دامودەزگا سەرکوتکەرەکان، هان دەدەن.

**«دەردەکورد» ماکەی کارەسات**

ڕاستییەکی تاڵە کە «تاکی کورد»، وزە و ڕژدی و سەرسەختییەکی زۆری بۆ کێشە و ململانێ و دوژمنایەتیی کەسێکی هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی هەیە. زۆر جار دیتوومانە تاکێک، بنەماڵەیەک، تایفەیەک یا هۆزێکی کورد بەرامبەر تاوان و دەستدرێژی و سووکایەتییەک کە لە لایەن کاربەدەستان و دەستوپێوەندەکانی داگیرکەرێکی خاکەکەی و ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافەکانی پێیان کراوە، دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە و هەر وەسەر خۆشیان نەهێناوە. هەر وا بزانە هیچ ڕووی نەداوە! بەڵام لە سەر کێشە و ناکۆکیی زۆر بچووک و بێ بایەخ، بەو پەڕی توندوتیژییەوە بەرەوڕووی دراوسێ و هاوگوند و هاوزمانی خۆیان، بوونەتەوە. ئەوە نەخۆشییەکی کوشندەیە کە بیرمەندان و زانایانی نەتەوەکەمان لە نووسینەکان و ئامۆژگارییەکانی خۆیاندا ناوی «دەردەکورد»یان لێ ناوە. «دەردەکورد» واتە نەخۆشیی دڵفرەوانبوون بەرامبەر دوژمنی خاک و زمان و ماف و شوناسی نەتەوەیی، هەر لەو کاتەدا ڕقئەستوور بوون بەرامبەر هاوخوێن و هاوزمان و وەڵاتانی ڕێگەی سازش و پێکەوە حاوانەوە لەگەڵ خۆیی.

**پێویستیی دەنگ هەڵبڕینی بژاردەکانی کۆمەڵ**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا زۆر ڕوخساری مەدەنی لە پێگەیشتوویی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی بیر و ڕوانینی تاکەکانی و جوانیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی پێشان داوە. ئەم کێشە و ناکۆکییە تێکەڵ بە توند و تیژییانە، پەڵەیەکی ناشیرنن بە ڕوخساری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانەوە. لێرە دایە کە پێویست دەکا ڕووی قسە بکەینە بژاردەکانی کۆمەڵ، کەسە دیار و کاریگەرەکانی بوارەکانی فکر و سیاسەت و هونەر و ئەدەب و ئایین و داوایان لێ بکەین کە پێکەوە و هەر کامیان بە ڕێگە و شیوازی خۆی، دژی «دەردەکورد» و «کۆنەقین» وەک ماکە و سەرچاوەی ئەم پەڵە ناشیرنەی سەر ڕوخساری کۆمەڵگە، دەنگ هەڵبرن و بە گژیدا بچنەوە. لاوازکردنی ئەم دیاردە زیانبارە، پێویستی بە هەوڵێکی بەرینی نوخبەکان و کەسایەتییە شوێندانەرەکان هەیە. بەڵام پێش هەموو کارێک، حەق وایە ببێتە مژارێک بۆ قسە لەسەر کردن و هەڵویستە لە سەر زیان و ئاسەوارەکانی، دواتریش دۆزینەوەی ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی.

دریژەی:

# وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا هەبوو. دیارە ڕاستە دەسکەوتەکانی کورد بارتەقای خوێن و قوربانیدانی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵام بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتر زیندووبوونەوە و بووژانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد وایکرد کە لە ئێستادا بە خۆشییەوە مونسەجیمترین هێزی سیاسی لە ئێراندا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بن. ئەمن لام وایە سیاسیبوونی خەڵکی کوردستان، شعوور و تێگەیشتوویی سیاسیی و پێگەیشتوویی ئەوان لە خەبات و گەشەکردنی خەبات و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵک ئەوانە هەموو دەسکەوتی بزووتنەوەی کورد لەو ئەزموونەن کە جەنابت باسی دەکەی.

لە ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش دەتوانین بڵێین ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە. ئەوەی وەک پێشتریش باسمان کرد لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرانسەریی وڵاتدا هەماهەنگ بچێتە پێشێ و پێکەوە بە ئاراستەی گۆڕینی ڕێژیم و هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کار بکەن، کە لەو حاڵەتەدا کوردیش پشکی لە دەسکەوتەکان هەبێ و دەستەبەری مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کردبێ. بە گشتی ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان خەبات دژی ڕێژیم و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردە کە دەبێ پێکەوە هەماهەنگ و یەکڕیز بن. گۆڕانکارییەکانیش کەم نین و بەرچاون. چوار دەیە لەوە پێش کەم هێزی سیاسی لە ئێران باوەڕی بەو ماف و داخوازە نەتەوەییانە بوو، بەڵام ئێستا دەبینین کە زەروورەتەکان مەنتیقی ئەو لێک تێگەیشتنەی دروست کردوە و بێگومان ڕێژیمێک کە دوای ڕووخان یان نەمان و گۆڕانی کۆماری ئیسلامی بێتە سەرکار، ئەزموونێکی لە سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی ڕێژیمی ئێستا دەبێ. بۆیە دەبێ بە هەموومان کار بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و هێنانەسەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە پاراستنی مافی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکان لە ئێرانی داهاتوودا بکەین.

**ئەدی ڕاتان لەسەر ململانێی توندی ئێستای ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی چیە؟ ئایا بەو ستراتیژییەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندوە، ئێران ناچار بە پاشەکشە دەبێ یان شتی دی ڕوو دەدا؟**

مەسەلە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بەرزەفڕی و هێژمۆنیخوازییەکانی ڕێژیمە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا ژیانی لە خەڵکی ئێران تاڵ کردوە و خەریکە دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی ڕێژیمیش. دەیان ساڵە کۆماری ئیسلامی لەسەر حسێبی سامانی گشتیی ئێران سیاسەتی دەستێوەردەرانە و ئاژاوەخوڵقێنیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بردووەتە پێشێ و ئەمنیەت و سەقامگیریی لە ناوچە هەڵگرتووە. لە هەموو بشێوییەکانی ناوچە، لە یەمەن، بەحرەین، لوبنان، عێراق و سووریە و زۆر جێگەی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لایەنێکی قەیران و ئاڵۆزییەکەیە. ئەوە کێشەی نەک بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ سەر بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەش دروست کردوە. ئەوە بوو کە وڵاتانی زلهێزی دنیا ویستیان لە چوارچێوەی «بەرجام»دا لەگەڵ ئێران ڕێکبکەون، بەڵام بینیمان کە بەرجام نە بۆ خەڵکی ئێران بوو بە نان و ئاو، نە توانیی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە سیاسەت و نەخشی خراپی ئێران بڕەوێنێتەوە و لە ئێستادا ئەمریکا بە جۆرێک و یەکیەتیی ئورووپا و ڕووسیەش بە جۆرێکی دی لەگەڵ ئێران کەوتوونەتەوە بەرامبەری یەک.

لە پێوەندی لەگەڵ ململانێی ئێران و ئەمریکادا دەبینین کە ئورووپا و وڵاتانی ناوچەش لە هەوڵی جۆرێک سازان و نیزیککردنەوەی ئەم دوو وڵاتەن، بەڵام ڕوونە لە ئەگەری سەرنەگرتنی ئەو هەوڵانەدا، بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و پارسەنگی هێز شانسی زیاتر بۆ ئەمریکایە کە ئێران ناچار بە ملدانەواندن بۆ مەرجەکانی بکا. ئەوەی لەو نێوەدا دەتوانێ گرینگ بێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی نارەزایەتی وڵاتەکەمان بتوانێ لەو فشارانەی دەخرێتە سەر ئێران بە قازانجی بردنەپێشێی ئامانجەکانی کەلک وەرگرێ.

**فاکتۆر و پاڵنەری دەرەکی یان فاکتۆرە نێوخۆییەکان کامیان دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لەسەر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئێراندا هەبێ؟**

بۆ خەڵکی ئێران و بۆ ئێران و بۆ کۆمەڵگەی ئێران زۆر تەبیعییە دەبێ ئەولەوییەت بدا بە فاکتەری نێوخۆیی. چونکی فاکتەری نێوخۆیی دەرەنجامی پێویستی و نیازی خەڵکی ئەم وڵاتەیە و خەڵکی ئەم وڵاتەیە کە دەزانێ چیی دەوێ و دەزانێ چ هێز و حکومەتێک لا دەبا و کێ دێنێتە سەر کار. لەو نێوەدا فاکتۆری دەرەکی دەتوانێ دەرفەت و بواری گونجاوتر بخوڵقێنێ، بەڵام مەرج نیە فاکتەری دەرەکی هەمووی بە قازانجی خەڵکی ئێران بێ، چونکی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکەی تێدا بەندە کە لەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵک ئێران لە زۆر جێدا یەک نەگرنەوە. بۆیە گرینگی و ئەولەوییەت هەر بە فاکتەرە نێوخۆییەکانە کە داهاتووی دڵخواز بۆ ئێرانی لەسەر بنیات دەنرێ.

**کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوەش و ماندو نەبن.

# کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە



هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. لە کۆبوونەوەی نێوان دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەدا چەند باسێکی ڕۆژەڤی سیاسیی ئێران و کوردستان تاوتوێ کران کە گرینگترنیان چۆنیەتیی وەڵامدانەوە بە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستا لە ئێران و ناوچە بوو.

ڕۆژی سێشەممە، ٨ی جۆزەردان هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. لێکدانەوەی ئەم بارودۆخە سیاسییەی لە ئێستادا کۆماری ئیسلامیی ئێران تێی کەوتووە، تەوەری سەرەکیی باسەکانی کۆبوونەوەکەی حیزب و کۆمەڵە بوو. دوو لایەن لەوەدا کۆک بوون کە هۆکارەکانی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پتر لە هەموو کاتێک دیار و بەرچاوە. نارەزایەتییەکان لە هەموو بەستێن و بەشەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆژ بەڕۆژ بەرینتر دەبنەوە و ترسی خەڵک لە دەزگای سەرکوت شکاوە، قەیرانە ئابوورییەکان تەنگیان بە خەڵکی هەڵچنیوە و ڕێژیم توانای چارەسەری ئەم قەیرانە و قەیرانەکانی دیکەی لە دەست چۆتە دەرێ؛ هەروەها دەسەڵات لە ئێران لەرزۆک بووە و لە حاڵەتی هێرشبەرانەی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوە دابەزیوە و چۆتە قاوغی دیفاعی؛ هەموو ئەوانەش پێمان دەڵێن ئێران لەبەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دایە و ئەمەش ئەرک دەخاتە ئۆپۆزیسیون بە گشتی و بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی بە تایبەتی. دوولایەن لە درێژەی ئەو باسەدا تیشکیان خستە سەر ئەو ڕاستییە کە لەو بارودۆخەدا چەشنی هاوکاریی حیزبەکان لە ئاستی پێویستییەکان و ئاڵوگۆڕەکاندا نین و ئەگەرچی دەسبەکاربوون و چالاکیی چەند مانگەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» هەنگاوێکی باش و بەجێ بۆ کاری هاوبەش و لێکنیزیکیی زیاترە، بەڵام وەڵامدەری زەروورەتە بنەڕەتییەکە نیە و دەبێ حیزبە سیاسییەکان بەرەو قۆناغی دروستکردنی «بەرەی کوردستانی» بڕۆن. لەو بەشە لە باسەکەشدا ستراتیژیی بەرە، ئامانج و بەرنامەکانی بەرە و هەر لە جێدا کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم دروستکردنی بەرەی کوردستانی و لە هەمان کاتدا ئەو دۆخ و دەرفەتانەی بەرەیەکی لەو چەشنە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی بخولقێنێ، دوولایەن ئاڵوگۆڕی بیر و ڕایان لەسەر کردن و بە ئەرکێکی گرینگ و هەنووکەییان لە قەڵەم دا کە لەسەر شانی حیزبەکان و ناوەندی هاوکاری قورسایی دەکا.



عومەر باڵەکی

# قازی محەممەد

## قۆناغەکانی دروستبوونی ڕێبەرێکی کاریزما

**(بەشی سێهەم و کۆتایی)**

ـ عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری لە کتێبی «یادادشتەکانم لە کۆماری کوردستان»دا لەسەر پێشەوا ئاوا دەڵێ: « قازی محەممەد» پلەی خوێندەواریی زۆر باش بوو. لە قوتابخانەی ئایینی و شەرع خوێندبووی و جگە لەوەش زۆر خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک کردبوو. زمانی فەرەنسیی دەزانی و تا ڕادەیەکیش دەیتوانی بە زمانی ڕووسی قسە بکا. زمانی تورکی و فارسیی لە کوردی باشتر دەزانی و بە زمانی عەرەبیش جوان قسەی دەکرد. مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو. ڕزگاری کوردستانی بەلاوە گەورەترین ئاوات بوو. زۆر خۆبەکەمگر و خاکەڕایی بوو. ئەو کاتەی بە سەرۆککۆماریی کوردستان هەڵبژێرا هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهات و هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری میللەت ناو دەبرد و دژی «کەشخە و فەخ فەخە» بوو. زۆر هێواش و هێمن بوو. نەیدەزانی تووڕەیی چیە و زۆر جار سەری لە فەقیر و هەژاران دەدا و دەردی لێقەوماوان و هەژارانی تیمار دەکرد. زۆر جار لە کیسەی خۆی پارەی دەبەخشی. لە خوێندنەوەی وتاردا زۆر بلیمەت بوو، دڵی گوێگرانی بە تەواوی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. زۆر دژی زوڵم و زۆرداری بوو. هەمیشە ئامۆژگاریی سەرۆک عەشیرەتەکانی دەکرد کە واز لە چەوساندنەوەی جوتیارەکان بهێنن تاکوو ئەوانیش ئازاد و سەربەست بۆ خۆیان لە کوردستاندا بژین.»

ـ کریس کۆچێرا لە کتێبی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە زمانی ڕەحیم قازییەوە لەبارەی بواری فیکریی پێشەوادا ئاوا دەنووسێ: «لە بواری فیکرییەوە قازی محەممەد نە مارکسی بوو، نە سۆسیالیست و نە لیبرالی بوو. قازی محەممەد ڕێبەری وشیاری بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و ڕێبەری نەتەوەیی بە هۆش و گۆش بوو.» کریس کوچێرا هەر لەو کتێبەیدا دەڵێ: «... کتێبخانەیەکی هەبوو کە پڕ بوو لە کتێبی مێژوویی و ئەدەبی بە زمانە جۆراوجۆرەکان. هەر وەها مێژووی سەلاحەدینی بە شانۆ نوسیبوو و شانۆی دایکی نیشتمان کە باس لە بەسەرهاتی نەتەوەی کورد دوای بەستنی پەیماننامەی سەعدئاباد _لەنێوان ئێران و عێراق و تورکیە لە ساڵی ١٩٣٧_دا دەکا و ئەو شانۆیانە لە مەهاباد پیشان دران.

ـ ژەنەراڵ حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا بە ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ قازی محەممەد بەو شێوەیە باس لە کەسایەتی و چاونەترسیی پێشەوا دەکا: «... هەر چەند سەدر و سەیفی قازی حزووریان لەو دانیشتنەدا هەبوو، بەڵام وەک قازی محەممەد بەڕاشکاوانە و بێ پێچوپەنا مەسەلەکانیان باس نەدەکرد. قازی محەممەد کە ڕاشکاوانەتر لەم دووانە قسەی دەکرد، لە سەرەتادا گلەیی لە گیروگرفتەکانی پێشوو کرد و پاشان لە گەندەڵی و ناکارامەیی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردنشینەکان دوا و لەم بارەیەوە ڕەخنەی لەوە گرت کە حوکمەت بۆچی لە کوردەکان بۆ کاری دەزگاکانی بەڕێوەبەریی ئەو ناوچانە کەڵک وەرناگرێ...» حەسەن ئەرفەع دەڵێ ئەمن لە وەڵامدا باسی لوتفی شا و یەکیەتیی ئێرانییەکانم بۆ قازی محەممەد باس کرد کە دەبێتە پاڵپشتی ئەوە کە ئێران بۆ هەمووان بێ؛ بەڵام هەستم کرد کە قازی محەممەد کەسێک نیە بەو بایانە بلەرزێ و بێگومان لە داهاتوودا گیروگرفتمان بۆ پێکدێنێ. حەسەن ئەرفەع درێژەی دەدا و دەڵێ: «بە دوای ئەوەدا ئەمن پشتی ژەنەراڵ هوشمەند ئەفشارم گرت و هێرشی توندم کردە سەر سەربزێوییەکانی کورد. قازی محەممەد تووڕە بوو و بە منی گوت: ئەتۆ کۆنەپەرەستی.»

ـ درک کینان لە کتێبی «کردها وکردستان»دا ئاوا لە کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ: «ئەو کەسانەی کە هەلیان بۆ هەڵکەوتبوو لەگەڵ قازی محەممەد دیداریان هەبێ، بێ ئیختیار کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی پێشەوا و زۆر بە ئاسانی بۆیان دەرکەوتووە کە بۆچی بۆ میلیۆنان کەس بۆتە ڕەمز. قازی محەممەد پیاوێکی کورتە باڵا بوو _لەڕاستیدا مام ناوەند بووە_ پاڵتۆیەکی نیزامیی لەبەردا بوو، نە سیگاری دەکێشا و نە ئارەقی دەخواردەوە، زۆر کەم خۆراک بوو. دەنگی نەرم و خۆشئاهەنگ بوو، حەرەکات و جووڵەی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. جۆرێک ئینترناسیوناڵ بوو، ڕێز و حورمەتی بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان هەبوو و خۆشی دەویستن. چەند زمانی بیانیی دەزانی وەک ڕوسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆ. میزی کارەکەی پڕ بوون لە کتێبی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان و ئەدەبیاتی بێگانە.››

ـ جەعفەر عەلی لە کتێبی «ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی» دا دەنووسێ: «قازی محەممەد بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان کەسایەتییەکی سیاسی _ کۆمەڵایەتی، دینی، ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەری بەهێزی کورد بوو... بە بڕوای من دەرکەوتنی قازی لە ڕووی سیاسی و بەشداریی چالاکانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەت دوای بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی «ژێکاف»دا. وەک بۆرزویی باس دەکا؛ ڕۆڵی قازی محەممەد لە بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی سیاسی لێ کەوتەوە، زۆر لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» زیاترە؛ بۆ نموونە: قازی محەممەد هەوڵی داوە بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانیی یەکێک لە دوو هێزە گەورەکانی سۆڤیەت و ئینگلیس. هەروەها هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزەکانی عەشیرەتی و تیرە و تایەفە جیاوازەکان و، هەروەها بە سیاسی لەقەڵەمدانی هێندێک بێزاری و نارەزایەتیی خەڵک لە دەوڵەتی ناوەندیی ئێران.»

ـ گۆڤاری هەڵاڵە ژمارە ٢، ساڵی ١٣٢٥ لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکا: «هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە. ئاکارێکی جوانی هەیە و دەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکا و بە تایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەڵە. زۆری عەلاقە بە تەڕەقی و عیلم و زانست هەیە، لە بەر ئەوە لە تافی جەوانیدا چەند ساڵ بۆخۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابلاغی وەعۆدە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بە تەواوی فێری نەسڵی تازە کرد...»

ـ کەسایەتیی پێشەوا و پێگەی کۆماری کوردستان وای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کردبوو کە کاتێک پێشەوا لە سەر بانگهێشتنی سەرۆکوەزیران، قەواموسەڵتەنە دەچێتە تاران، وەک سەرۆکی وڵاتێک لە فرۆکەخانەی تاران پێشوازیی لێ دەکرێ. حەوتوونامەی «کوهستان» لە ژمارە٦٢ی خۆیدا ئاوای بڵاو کردووەتەوە: «تەیارەی ئاغای قازی محەممەد لە نێوان پێشوازیی گەرمی خەڵکێکی زۆری تاران کە لە فرۆکەخانەی میهرئاباد کۆ ببوونەوە، لە مەیدانی تەیارەخانە لە سەر زەوی نیشت. پێشوازیی ڕێبەرانی کوردی دانیشتووی تاران لەگەڵ دەربرینی هەستی شادمانیی خەڵک هەنگاو بە هەنگاو ئەو میوانە خۆشەویستەیان بەڕێ دەکرد. ئاغای قازی محەممەد هەتا ئەوکاتە لە تارانن میوانی دەوڵەتن و لە ویلای ژمارە پێنجی میوانخانەی دەربەند نیشتەجێن. یەکەم دیداریان لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت لە فەزایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو. وتوویژی ئەساسی و بنەڕەتی لەم حەوتوویەدا دەست پێدەکا و ئومێد هەیە بەو نیازپاکییە کە لایەنەکان هەیانە مەسەلەی کوردستان بە شێوەیەکی باش و گونجاو چارەسەر بکرێ.» نموونەیەکی دیکە لە داننان بە کەسایەتیی بەرزی پێشەوا لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە لە حەوتوونامەی کوهستان ژمارە٧٢ ساڵی ١٣٢٥دا بەرچاو دەکەوێ کە باس لە تلگرافێک دەکا قەواموسەڵتەنە بۆ پێشەوای ناردووە. دەقی تێلێگرافەکە بەمجۆرەیە: «ئاغای قازی محەممەد! بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری من کە دەبێ هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی هێزی ئەمنی کە لە ناوەندەوە دەنێردرێ بەڕێوە بچێ و پێویستە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان بە هاوکاریی دۆستانە و ڕەزامەندی تەواوی ئێوە بەڕێوە بچێ؛ هەر بۆیە لە خۆی، شاپوور، ڕەزائیە و مەهاباد کە ناوچەی کوردنشین، پێویستە دیاری بکرێ کە بە چ شێوەیەک ئێوە هاوکاریی هێزە ئەمنیەتییەکان دەکەن. هەتا لەو پێوەندییەدا فەرمانی دیار و ڕوون دەربچێ. .بە هاوکاریی دۆستانە و هۆگرییەکی تایبەت کە لەو ماوەیەدا لە شەخسی تۆم دیوە و هەستم پێ کردووە، لەو بەشەدا کە بابەتی کوردانی تێدایە چاوەڕوانیم هەیە ڕەزامەندیی تەواوی خۆت بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان بە کردەوە پیشان بدی.»

ـ حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە هەلومەرجی ئەوکاتدا باس لە هەڵوێستی پێشەوا دەکا و دەنووسێ: «پێشەوا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لە نێو چوارچێوەی ئێراندا ڕێگای ئاشتییانەی وتوویژی هەڵبژاردبوو. شیرازەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی پێشەوا تەنیا لە ڕێبازی پەرەگرتووانەی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێراندا دەیتوانی بەرهەم و سەمەری خۆی بدا. پێشەوا بە حەق گاندیی کوردستان بوو و لە شەڕ و خوێنڕشتن نەفرەتی هەبوو. بە نیازێکی پاکەوە وەدوا چارەسەری عادڵانەی مافی نەتەوەیی کورد کەوتبوو و لە گفتەکانی قەواموسەڵتەنەدا ئاسۆیەکی ڕوونی دەبینی.»

هەر لەو پێوەندییەدا عەبدوڵڵا ڕەسوڵ پشدەری لە کتێبی «یادادشتەکانم»دا ئاوا دەنووسێ: «قازی محەممەد هەر تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە هیچ شەڕ و ئاژاوەیەک لە ناوچەکانی کوردستاندا دروست نەبێ لە مابەینی هێزی چەکداری کۆمار و سوپای ئێراندا، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی بیانوو بە دەستی حکومەتی ئێرانەوە بۆ تێکدانی وتوویژ.»

ـ عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (ماموستا هەژار) لەسەر چۆنیەتیی پێویستبوونی قازی محەممەد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی «ژێکاف» لە کتێبی چێشتی مجیوردا ئاوا دەنووسێ: «بە نەمانی توانای حکومەتی پەهلەوی لە موکریان، قازی محەممەد بۆ بەرگری لە شار لە بەرامبەر هێرشی هۆزەکانی دەوروبەر، خەڵکی هان دا بە کڕینی چەک هەتا شەوانە کێشک بدەن. ڕۆژانە ئەوانی لە جێگایەک کۆ دەکردەوە و ئامۆژگاریی دەکردن. شار بە تەواوی لە دەست ئەودا بوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بەلایەوە کەمایەسی بوو لەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناوونیشان زرمەزلیتانی بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عشایر و خەڵکی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەتگرتنە بێنە گەڵمان. بەڵام قازی چۆن چارە بکەین؟ ڕاماندەسپاردە ئەندامان و لایەنگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات کە قازی خۆی هەستی بەوە کرد حیزب بەهێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ، ئەوسا داوامان لێ کرد کە بێتە نێو حیزبەوە. قەبوولی کرد و زۆر زوو بڕیار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و پیاوماقوڵان کە بچووکیی «قازی»یان پێ شەرم نەبوو هاتنە نێو حیزبەوە. قازی ماڵەکەی قۆناغی میوانانی ڕووس بوو و توانی نێوان حیزب و ڕووسان خۆش بکا.»

ـ غەنی بلوریان لە کتێبی «ئاڵەکۆک»دا لەسەر ئەم سەروبەندە کە هەژار باسی دەکا، ئاوا دەنووسێ: «دوای چەککردنی شارەبانی و هەڵاتنی فەرماندار، خەڵکی و پیاوماقوولانی شار گەیشتنە ئەو ئاکامە کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی شاری مەهاباد و چاوەدێریی بازاڕ و کوچەوکۆڵانەکانی شار، کەسێکی جێگای باوەڕ بۆ سەرپەرستیی شار دیاری بکەن، هەتا ئەویش چەند کەسێکی دیکە دەستنیشان بکا و بەرپرسیارەتیی شار وەئەستۆ بگرن. بۆ ئەو مەبەستە پیاوماقوولانی شار کە قازی محەممەدیش لە نێویاندا بوو لە شارەداریی شار کۆ بوونەوە. دوای باسێکی چەندسەعاتە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە قازی محەممەد بە عینوانی بەرپرسیاری شار دەستنیشان بکەن و سەید خدر نیزامی بە عینوانی بەرپرسی ئەمنیەتی شار هەڵبژێرن. قازی محەممەد یەکەم کەسایەتیی شار بوو کە شایستەی بەڕێوەبردنی شاری هەبوو و خەڵکی مەهابادیش ئەوەیان بەباشی دەزانی.» ـ حەمەدەمین شێخولئیسلامی (مامۆستا هێمن) لە پێشەکیی «تاریک و ڕوون»دا ئاوا لە سەر کەسایەتیی پێشەوا دەدوێ: «من لەمێژ بوو پێشەوام دەناسی و لە ڕۆژی تەنگانەدا دیبووم. بە دەست و تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند جار عەشایر هاتنە سەر مەهاباد و پێشەوا بۆخۆی لە یەکەم سەنگەردا بۆ دیفاع ئامادە بوو. ئەدی چۆن بوو ئەوجار تەسلیم بوو؟ بۆخۆم لێم بیست گوتی لە سەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نیە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوی لە نێو ئەواندا بمرم.» ماموستا هێمن لە درێژەی ئەو بابەتەدا لەدەستدانی پێشەوا بە خەسارێکی گەورە دەزانی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد و لە هەمان کاتدا بە زیانێکی گەورەی دادەنی بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی سەرانسەری ئێران: «ئەمن پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست، بە ڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی، بە کوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ و چەندەی پێخۆشە خزمەتی بکا، چەندە بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێی بوو گەلەکەمان بەپەلە بەرێتە پێش و وڵاتەکەمان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەو ماوە کورتەشدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵک کردن. بەڕاستی مەرگی پێشەوا نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بووە . دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر بە دەستی زۆردارێکی سەرەڕۆ و نەزان وشک کرا و لەنێو چوو.»

ـ لە کتێبی «کۆماری کوردستان ١٩٤٦»دا ویلیام ئیگلتن باسی وتوێژی قازی محەممەد و باقرۆف دەکا کە چۆن پێشەوا لە سەر مافی نەتەوایەتیی کورد سوور بووە: «قازی محەممەد لەگەڵ دەستەیەک لە ڕێبەرانی کۆمەڵەی (ژێکاف) لە سەرەتای مانگی حەوتی ساڵی ١٣٢٤ بە سەردانێکی ڕەسمی چوونە باکۆ و لە دانیشتن لەگەڵ باقرۆف، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست و سەرۆککۆماری ئازەربایجاندا باسیان لە پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. لە وەڵامدا باقرۆڤ دوای باسێکی دورودرێژ باسی لەوە کرد کە تورکی ئازەربایجان یەکەم ئالاهەڵگرن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، لە بەر ئەوە پێویست نیە کوردەکان زۆر پەلە بکەن. باقرۆڤ دەڵێ: دڵنیاتان دەکەم هەر کاتێک ئازەربایجان خودموختار بوو، ئازادی و ڕزگاریی ئێوەشی تێدا دەستەبەر دەکرێ. قازی محەممەد یەکەمجار نەبوو دەیدی کە ڕووسەکان مەبەستیانە کێشەی کورد لەگەڵ خودموختاریی ئازەربایجان تێکەڵ بکەن، هەر بۆیە لە وەڵامی باقرۆڤدا دەڵێ: «خەڵکی کوردیش وەک خەڵکی ئازەربایجان بۆ وەدەستهێنانی مافی سروشتیی خۆی هەوڵ دەدا.»

ـ حوسێن مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان»دا بەو جۆرە باس لە کەسایەتی وکاریگەریی پێشەوا دەکا لە سەر ئاشنابوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دیاردە نوێیانە کە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هاتبوونە کایەوە: «پێشەوا بۆ کورد ژیا و لە خزمەت ئامانجەکانی نەتەوەییدا هەرچی لە توانایدا بوو، کردی. پێکهێنەر و ڕێکخەر و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو. تەنیا لە سایەی کەسایەتی و بلیمەتیی پێشەوا قازیدا بوو کە کوردستان بۆ یەکەمجار بەو دیاردە نوێیانە دەرازێندراوە و ڕێبازی ناسیونالیزمی کوردیی پڕ ڕێبوار دەکرد و کۆمەڵی ناتەبای کوردی تەبا دەکرد و لەژێر ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستاندا کۆی دەکردنەوە.»

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم نەخشی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوایەتی و وەدیهێنانی ئامانجی لەمێژینەی کوردان کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، قەت لە بیر ناچێتەوە و بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کراوە و سەربەرز و درەوشاوە دەمێنێتەوە و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان شانازیی پێوە دەکەن.



## د. ئاسۆ حەسەنزادە:

# تەنیا کاتێک لە ئێران ڕێژیمێکی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارمان دەبێ کە ئەو ڕێژیمە لەپێشدا لە بەرامبەر هاووڵاتییانی خۆیدا وڵامدەر بێ

**(وتووێژی «ڕووداو» لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام)**

(لە ئینگلیسییەوە وەرگێڕدراوە)

**تێگەیشتنتان لەبارەی بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران چیە؟**

هەر نەتەوەیەک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بڕیارێکی نێونەتەوەیی بە باش یا بە خراپ لە قەڵەم دەدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی بڕیارێکە لەپێوەندی لەگەڵ ڕێژیمێکدا دراوە کە ئێمە بەدژی خەبات دەکەین، سروشتیترین هەڵوێست بۆ ئێمە ئەوەیە کە پێشوازی لەو بڕیارە بکەین. بەو حاڵەش، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی یا تەنانەت سیاسی بۆ ئەو بڕیارە بڕوانم، پێم باشە لێرەدا لە ڕوانگەیەکی قانوونییەوە بۆی بچم. بەپێچەوانەی بۆچوونی باو کە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ناوکی بەپێچەوانەی قانوونی نێونەتەوەیی دەزانن، ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو بڕیارە شتێک نیە جگە لە ئەنجامی مەنتقیی کار و کردەوەکانی ئێران. هەر دەوڵەتێک لەسەریەتی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە حوسنی نییەتەوە جێبەجێ بکا، واتە هیچ کارێک نەکا کە بەپێچەوانەی مەبەست و ئامانجی ڕێککەوتنەکە بێ. ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە چەکی ناوکی چەکێکی کۆمەڵکوژ و ئامرازێکی برەوپێدانی نفوزی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتانە، ناکرێ دەوڵەتێک لەلایەک بچێتە نێو پرۆسەیەکی داماڵینی ناوکی و لەولاشەوە هاوکات دەست بکا بە پرۆگرامێکی مووشەکی بالیستیک، یان درێژە بە دەستێوەردان لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی بدا. دەزانین کە ئەم پرسانە بەشێک نەبوون لە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەنجامەکەیان شتێک نەبوو جگە لە بنکۆڵ کردنی متمانە کە مەرجی بنەڕەتیی جێبەجێبوونی سەرکەوتووانەی ڕێککەوتنی ناوکی بوو.

**ئایا پێتان وایە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا کە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێرانی لێ کەوتەوە، ستراتژییەکی دروست بوو؟**

بەشێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەریانخست کە کشانەوە لەو ناوچەیە و بەجێهێشتنی بەسەر خۆیدا باشترین ستراتژی نیە. تا ئەو جێگەیەش کە پێوەندیی بە ڕێککەوتنی ناوکییەوە هەیە، کە پرسەکانی دیکە بخرێنە بازنەی دانوستانەکان. بەڵام ئەوە کە بەرجام دەرفەتی ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی هێشتبۆوە کە ئەو سەرچاوە داراییانەی لە ڕێگەی ڕێککەوتنەکەوە وەدەستی هێنابوونەوە بە ئازادی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا بەکار ببا، جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی مەحکووم بە شکست کردبوو.

**سزا ئابوورییەکان هاووڵاتییانی ئێرانیش ئازار دەدەن. شرۆڤەی ئێوە لەو بارەوە چیە؟**

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە سزا ئابوورییەکان لەپێشدا زیان بە خەڵک دەگەیەنن، بەتایبەتی چین و توێژە هەرە بێدەرەتانەکان. بەڵام کێ دەبێ بۆ ئەمە لۆمە بکرێ؟ بێگومان ڕێژیمی ئێران. جێگەی داخە کە خەڵکی وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێران بەمجۆرە لەلایەن حکومەتی خودی ئەم وڵاتەوە بە بارمتە گیراوە. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسایەی ڕێککەوتنی ناوکییەوە ئەسڵەن نەبووە هۆی باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک. ئەمە دەری دەخا کە کێشەکە لە شوێنێکی دیکەیە. لەوەش زیاتر هەروەک لە مانگەکانی ڕابردوودا دیتمان ئەم دۆخە خەڵکی هان داوە کە هەستنە سەر پێ و چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن، ئەمەش خراپ نیە.

**ئیدارەی ترامپ ڕایگەیاندووە کە ستراتیژیی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێرانی نیە. کەوایە بۆچی ئێوە هێشتا پشتیوانی لە سزا و گەمارۆ خستنەسەر ئێران دەکەن؟**

نە ڕێککەوتنی ناوکی و نە کۆتایی ڕێککەوتنەکە و گەمارۆ پێوەندیدارەکان بژارگەلێک نین کە ئێمە داوامان کردبن یان لەبارەیانەوە پرس و ئەو کاتە ئێمە پێمان وابوو کە ئەمە دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی بێ بەو مەرجەی بەڕاستی مەیدانی مانۆڕی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی سنووردار بکا و چیدیکەش پرسی ناوکی هەموو سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆخۆی نەبا، بەڵکوو ئەمجارە ئاوڕ لە پرسی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران بدرێتەوە. کەموکوڕیی هەرە بنەڕەتیی «بەرجام» ئەوە بوو کە بەپێچەوانەی ناوەکەی «جامع» نەبوو و تەنیا گەشەپێدانی ناوکیی دەگرتەوە. دەزانین کە باڵی هەرە توندڕەوی ڕێژیمی ئێران بە توندی موخالف بوو ڕاوێژمان پێ کرابێ. ئەمانە کۆمەڵێک فاکتن کە ئێمە تەنیا دەتوانین دەرەنجامە سیاسییەکانیان هەڵسەنگێنین. ئێمە دەڵێین گەمارۆکان بەتەنیا کافی نین. بەڵکوو پێویستە گەمارۆکان بخرێنە چوارچێوەی ستراتژییەکی هەمەلاگیر و مونسەجیم. ئەمریکا وەها ستراتژییەکی نە سەبارەت بە ناوچە و نە سەبارەت بە ئێران نەبووە. لەگەڵ ئەوەدا کە پاش هاتنەسەرکاری سەرۆک ترامپ زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئێمە هێشتا لە ستراتژییەکی ڕوونی ئەمریکا کە ئومێد و متمانەی خەڵک و هێزەکانی لایەنگری گۆڕان لە ئێران بۆخۆی ڕابکێشێ دوورین. ئەوە کە ئەمریکا گۆڕینی ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێران بەجێ دیڵێ شتێکی خراپ نیە. بەڵام بەبێ هەنگاوی بەکردەوە بەدژی سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەدا و بەبێ مێکانیزمی پشتیوانیی بەکردەوە لە خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، نە ناوچە ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ، نە خەڵکی ئێرانیش بە ئازادی و پێشکەوتن دەگەن.

**گەڕانەوەی سزا و گەمارۆکانی سەر ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ستراتێژیی خەباتی ئێوە بە دژی ڕێژیمی ئێران دەبێ؟**

ئێمە خەباتێک بەڕێوە دەبەین کە بەستراوە بە دۆخی پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و دنیای دەرەوە نیە و هەر بەردەوام دەبێ. بەڵام ئەوەشمان لەبەرچاوە کە فشاری زیاتری نێودەوڵەتی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە قازانجی خەباتی ئێمەشە. گەمارۆکان بەتەنیا شتێکی وا لە وەزعیەتی خەباتی ئێمە ناگۆڕن. ئەگەر بێت و _وەک هیوامانە_ ستراتژیی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا بەڕاستی خواستەکانی گەلانی ئێرانیش لەبەرچاو بگرێ، ئەو وەختە پێمان وایە کە بەهۆی ڕابردووی خەباتگێڕیمان و بەهۆی توانامان بۆ ڕێکخستنی خەڵک، ئێمە دەتوانین بەردەنگ و هاوبەشێکی کارساز بین. لە هەر حاڵدا، بۆ ئەم قۆناغەی لەپێشمانە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەولەوییەتمان ڕێکخستنی خەڵک لە نێوخۆیە، هیچ کام لە شێوە مەشرووعەکانی خەبات بەدژی ئەم ڕێژیمە وەلا نانێین و خۆمان بۆ ئەو کاتە ئامادە دەکەین کە بارودۆخی نێوخۆیی و هەلومەرجی نێونەتەوەیی کۆمەک بە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

**لە ڕوانگەی ئێوەوە باشترین سیاسەتی دەرەوە کە ئەمریکا بیگرێتە بەر کامەیە؟ دەتانەوێ یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا چی بکا؟**

باشترین ستراتیژی بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا ئەوەیە کە لە دیلەمای هەڵبژاردن لەنێوان درێژەدانی بێکۆتایی وەزعیەتی مەوجوود لەلایەک و لەلای دیکەش هێرشێکی نیزامی کە مەعلووم نیە کەنگێ و چۆن ڕوو دەدا، بێتە دەر. ئەمن پێم وایە ڕێگایەکی سێهەم هەیە کە هەق وایە تاقی بکرێتەوە. ئەویش بریتییە لە بەشدارکردنی بەکردەوە و کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانەی لایەنگری گۆڕانن لە ئێران، هاوکات لەگەڵ مێکانیزمێک بۆ پێشگرتنی ڕێژیم لە سەرکوتی خوێناویی بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەی خەڵک. ئێمە ئامادەین لە دۆزینەوەی ئەو ڕێکارانەی هەم لەباری قانوونی و سیاسییەوە پەسندن و هەم لەگەڵ واقعییەتەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران گونجاون، یارمەتیدەر بین. ئێوە بە دروستی ئیشارەتان بە ئورووپاییەکان کرد. ڕێژیمی ئێران هەمیشە سوودی لە جیاوازیی ڕوانین لەنێوان ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا وەرگرتووە. ئێستا ئورووپاییەکان وێڕای هەوڵدان بۆ پاراستن و پەڕاندنەوەی ئەو کۆمپانیایانە کە لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن، دان بەوەش دادەنێن کە ڕێککەوتنێکی نوێ کە هەمەلاگیر بێ و ئەمریکاشی لەگەڵ بێ، پێویستە. واتە دوو ئاقاری هاودژ و پێچەوانە. بەبێ یەکخستنی هەڵوێست لەنێوان ئورووپا و ئەمریکادا، هیچ سیاسەتێکی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر ئێراندا سەرکەوتوو نابێ، مەگەر ئەوەکە ئامادەی دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عیراق لە ئێران بن. ئێستا کاتیەتی بۆ ئەوە کە ئورووپاییەکان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە درێژخایەندا چاو لێ بکەن. ئێمە تەنیا کاتێک ڕێژیمێکی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیارمان دەبێ، کە ئەو ڕێژیمە پێشدا لە بەرامبەر هاووڵاتییانی خۆیدا وڵامدەرەوە بێ.



ئەوە کە ئەمریکا گۆڕینی ڕێژیم بۆ خەڵکی ئێران بەجێ دیڵێ شتێکی خراپ نیە. بەڵام بەبێ هەنگاوی بەکردەوە بەدژی سیاسەتی تێکدەرانەی ڕێژیم لە ناوچەدا و بەبێ مێکانیزمی پشتیوانیی بەکردەوە لە خەڵکی ئێران لە بەرامبەر ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، نە ناوچە ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ، نە خەڵکی ئێرانیش بە ئازادی و پێشکەوتن دەگەن

# هەڵەسوونی هیوای ڕووخاندنی ڕێژیم بە دەستی هێزی دەرەکی



سوڵتان گوڵاوی

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەر جارناجارێک هیوا بەوە کە هێزێکی دەرەکی دێ و کوتایی بە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە دێنێ و لەکۆڵ گەلانی ئێرانی دەکاتەوە، سەری هەڵ داوە و ئەم چاوەڕوانییە هەر هاتووە و درێژەی بووە. ئەم هیوایە لە نێو خەڵک و تەنانەت بەشێکی زۆری ئۆپوزیسیونی ڕێژیمیش شوێنی خۆی داناوە و تا ڕادەیەک پاڵدانەوە و چاوەڕوانیی ئەوانی بە دوادا هاتووە.

ئێستا و لە دوای هەڵوێستی نوێی ئەمریکا بە دژی ئێران و هاتنەدەرێ لە بەرجام جارێکی دیکە ئەو هیوا و چاوەڕوانییە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی نیزامییەوە کوتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێنن، لە نێو زۆر کەس و لایەندا هەڵەسوونی هێناوەتەوە. تەنانەت کار گەیوەتە ئەو جێیەی کە نەک هەر بە شتێکی حەتمییان داناوە، بەڵکوو کات و زەمەنیشی بۆ دیاری دەکەن.

ڕەنگبێ ئەمریکا و هەم زۆر وڵاتی دژبەری ئێران هەبن کە پێیان خۆشبێ ئەگەر گونجابا یەکجێ کۆتایی بە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی شەڕخۆاز و قەیرانخوڵقێن بێنن، بەڵام وەک تا ئێستا دەیبینین ئاوا بە ئاسانی ئەو ئامانجەیان نایەتە دی و بە کردەوە لە مەبەستەیان دوورن. لێرەدا دژبەرانی ڕێژیم لەو هەلومەرجەدا دەبێ لە خۆیان بپرسن کە ئاخۆ کۆماری ئیسلامی تووشی شەڕ و لێکدان لەگەڵ وڵاتێکی بیانی دەبێ یان نا؟ شەڕێکی ئاوا ئەگەر ڕوو بدا چەندە پەل و پۆ داوێ و چەندە لە ئامانجی کۆتایی کە ڕووخانی ڕێژیم بێ نێزیک دەبێتەوە؟ بۆ ئەوەی بزانین ئایا سێبەری شەڕێکی ئاوا دەکشێتە سەر ئێران دەبێ بزانین کە داوای سەرەکیی جیددیترین دژبەری ئێران کە ئێستا ئەمریکایە و هاوپەیمانەکانی دوایەی لەو وڵاتە چیە؟

لایەنی بەرامبەری ئێران سێ داوای سەرەکییان هەیە. یەکەم؛ ئێران لە هەموو چالاکییە ئەتومییەکانی داببڕێ، بە جۆرێک کە بۆ هیچ کەس جێی هیچ شک و گومانێک نەهێڵێتەوە. دووهەم؛ کۆتایی بە بەرنامەی پەرەپێدانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی بالستیکی بێنێ و ئەو مووشەکانەش کە هەیەتی لە کاریان بخا. سێهەم؛ سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش وەلانێ و لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە بکشێتەوە و کۆتایی بە پشتیوانیی لە تێرۆریسمی نێودەوڵەتی و پاڵپشتی لە میلیشیا چەکدارە توندڕەوەکانی ناوچە بێنێ.

ئەو سێ مەرجە یان ئەو سێ داوایە ویستی سەرەکی و داوای بنەڕەتیی ئەمریکایە لە ئێران و گرژییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە کاتێ دەگاتە شەڕ و لێکدان کە ئێران ئەو مەرجانە پشتگوێ بخا و لەولاش ئەمریکا لەسەر پێداگرییەکەی سوور بێ.

لە یەکەم گریمانەدا ئەگەر ئێران مل بادا و وەڵامی دڵخوازی ئەمریکا بە مەرجەکانی نەداتەوە، ناکۆکی و بەربەرەکانیی دوولایەن پەرە دەگرێ و بگرە تا شەڕ و پێکدادانیش لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران بڕوا، بەڵام ئەو پێکدادانە بەمانای شەڕە تەواو عەیارەکە نیە. لەو فازە بە دوواوە هەڵسوکەوت و لێبڕاویی ئەمریکا و هاوپیمانەکانی دژی ئێران دەردەکەون کە ئاخۆ شەڕ ڕوو دەدا یان ئاقارەکە بەرەو سازان و ڕێککەوتن دەبەن.

لێرەدا دوو گریمانە هەیە: ئەگەر هاوپەیمانان لە سەر داواکانیان سوور بن و لە ئێرانی ڕوون بکەنەوە کە یان شەڕ ملدان بۆ مەرجەکانیان. ئەمن پێموایە لەو قۆناغەدا ئێران مل بۆ مەرجەکان، ڕاکێشێ. بەڵام ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەر داوای خۆیان سوور نەبن و هەمدیسان قسە و ئیدیعای بێ کردەیان بێ، ئێرانیش پشووی دێتەوە سەرخۆ و درێژە بە گەمەکەی خۆی دەدا. بە کورتی ئێران ئەگەر بزانێ مەترسیی شەڕێکی حەتمیی لە سەرە، بۆ هەموو مەرجەکانی ئەمریکا کەوی دەبێ و خۆی لە شەڕ دەپارێزێ و هۆکارەکانیش چەند شتن:

کاربەدەستانی ئێستای ئێران لەگەڵ سەردەمی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی زۆر گۆڕاون و لە فەزای ڕادیکالیسمی ئەو سەردەم دوور کەوتوونەوە. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم ئێستا ئیدی ئەو عونسووری فیداییەی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق و دوای شۆڕش نین و دەوڵەمەند و خاوەن کۆمپانیا و بەرژەوەندییەکانن و لەو ئیدەئالانەی ئەو سەردەم دابڕاون. ئەوان لە ئێستادا هەموو ئابووریی وڵاتیان لە پاوان دایە و ژیانی شاهانەیان هەیە و لەو دۆخەدا نایەن خۆیان تووشی شەڕێک بکەن و ستاتوی ئێستایان بخەنە سەر قوماری دۆڕان و بردنەوە.

جیا لەوە ئەوان زۆر باش دەزانن کە زۆرینەی خەڵکی ئێران تا سەرئێسکان لە دەسەڵات بێزارن و چاوەڕێی دەرفەتێکن تا ڕق و بێزاریی خۆیان بەو ڕێژیمە بڕێژن و کوتایی بە تەمەنی بێنن. فاکتێکی دیکە کە لەو پێوەندییەدا زۆر گرینگە ئەویش تەوازونی هێز و قودرەتی نیزامیی لایەنەکانە. کاربەدەستانی ڕێژیم دەگەڵ ئەوەی ڕوو بە دەرەوە وا دەنوێنن کە بەهێزن، بەڵام خۆیان زۆرباش دەزانن ئەگەر ئەو شەڕە ڕوویدا، ئەوە بە حیزبوڵڵا و ئەفغانی و لوبنانی ناکرێ و لەو مەیدانەدا تەنیا چەکی پێشکەوتوویە دەیباتەوە کە ئێران نییەتی.

دواجار و سەرەڕای هەوو ئەو فەکتانە لەبیرمان بێ کە خوو و خدەی ئاخوند وایە وەک سۆنە وان، کە بەرژەوەندییان کەوتە مەترسی، تەڕ نابن و بە «نەرمشێکی قارەمانانە»ی دیکە هەوڵی خۆدەربازکردن لە قۆرتەکان دەدەن. بۆیە بەپێی ئەو گریمانە و ئەوەی ڕووخاندنی ڕێژیم لە بەرنامە و ستراتیژیی ڕاگەیەندراوی ئەمریکادا نیە، ئەگەری پاشەکشە و ملدانی ئێران لە هەموو ئەگەرەکان زیاترە.

ئەوەی لەو نێوەدا لەبەردەم دژبەران و ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامیدا ئاوەڵایە، ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی نابێ کارتێکەریی فشار و هێزی دەرەکی نادیدە بگرن، بەڵام دەبێ پشت بە توانای خۆیان و واقعەکان ببەستن و هەموو وزەی خۆیان لە سەر یەکیەتیی بەکردەوەی ڕیزەکانیان و ڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی خەباتی جەماوەری لە نێوخۆی وڵاتدا دابنێن.

کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە لە بەرامبەر فشاردا بە چۆکدا دێ، ئەوە هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی و هەم لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدا.

کێشە و ململانێی دنیای دەرەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەر بەرژەوەندیی خۆیان و نە لە پێناو ماف و داوای گەلانی ئێران و ویست و داوای بەرحەقی ئەوان بۆ ئازادی و دێموکراسی و بەختیارییە. بۆیە ئەگەرچی ڕەوایە و پێویستە کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە ناکۆکیی نێوان کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن، بەڵام نابێ هەموو هیواکانیان لەسەر ئەو ململانێیە هەڵچنن.

# مانگرتنەکان، دەروازەی شۆڕشێکی جەماوەری



عەلی لەیلاخ

به چاوخشاندنێک به سەر کۆی هەواڵەکانی ناوچە و ئێران، ئەگەر جاران دەستێوەردان و ململانێی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ باسێکی گەرم بوو، بەڵام ماوەیەکە بڵاوبوونەوەی هەواڵی گرفت و کێشەکانی نێوخۆیی ئێران لە ڕێگای سوشیال میدیاوە بەربڵاوتر بووە.

مانگرتنەکان و ناڕەزایەتیدەربڕینی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران یەکێک لە ڕۆژەڤترین هەواڵەکانی ئێرانە کە هەرجارە بە بیانوویەک و لە شار و ناوچەیەک سەر هەڵدەدا.

خاڵی گرینگ ئەوەیە هێندێک پرس و مافی دێموکراتیک ئەگەرچی بەشێوەی سنووردار لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام سیستەمی نادێموکراتیک و سەرەڕۆ تەنانەت ئامادە نیە خاڵە دەستووری و یاساییەکانی وڵاتەکەی خۆیشی جێبەجێ بکا. یەکێک لەوانە ماددەی٢٧ لە یاسای بنەڕەتیی ئێرانە کە تێیدا هاتووە: «پێکهێنانی هەرچەشنە کۆبوونەوە و خۆپێشاندانی خەڵک، بەبێ هەڵگرتنی چەک و پێشێلکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام ڕێگە پێدراوە.»

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ماددە یاساییە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: کە کام خۆپێشاندان بەتایبەتی گردبوونەوەکانی ئەم دواییانەی ئێران لە مانگی بەفرانبارەوە تا ئێستا، خەڵک بە چەکوچۆڵەوە هاتوونەتە سەرشەقام و کام پیرۆزییان پێشێل کردووە؟ وڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هەتاسەر ناتوانن خەڵکی ناڕازی سەرکوت ودەمکوت بکەن و ، «شۆرشی خەڵکی» وەک کارڵ مارکس دەڵێ: شۆڕشی جەماوەری هەر کاتە و لە ڕەهەندێک و لە نێو چینێکدا سەر هەڵ دەدا.

ئەگەر دوای خۆپێشاندانی بێ وێنەی نیزیک بە یەک مانگی خەڵکی کاسبکار و دوکانداری بانە کە تەنانەت بە شێوەی مەدەنیانە دەرفەتێکیان بە دەسەڵات داوە بۆ چارەسەری گرفتەکانیان، ئێستاکە مانگرتنی کامیۆنداران و بارهەڵگرانی شارەکانی ئێران ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە مانگرتن لە ئێران بە پێچەوانەی یاسای وڵات! بووەتە نەریتێکی مەدەنیانە و دژبەرانە و هەرجارەو لە شوێن و ناوچەیەک سەر هەڵدەدا.

مانگرتنی کامیۆنداران یەکەم مانگرتنی سەراسەرییە کە بەهۆی بەردەوامی و پەرەسەندنی لە ئاستی ئێران و کوردستاندا بوو بە هۆکارێک کە دوای دوو حەوتوو نیزیک بە ٢٧٥ شار لە ٣١ پارێزگای ئێران بگرێتەوە و بەردەوامیی مانگرتنی کامیۆنداران و پەرەسەندنی توانی پاڵپشتی فیدراسیۆنی جیهانیی گەیاندن و گواستنەوەشی لێ بکەوتەوە.

تایبەتمەندیی مانگرتنی چینی کامیۆنداران و خاوەن بارهەڵگرەکان ئەوە بوو کە بەشێوەی یەکدەست و ڕێکوپێک هەموویان داواکارییەکانیان هاوچەشن و هەروەها لە ماوەی نیزیک بە ١٤ ڕۆژدا بەشێکی زۆر لە شارەکانی ئێران و چوار پارێزگای کوردستانی گرتەوە، ئەمەش لەوەها دۆخێکدا بۆ کۆماری ئیسلامی کە لە هەرچەشنە گردبوونەوەیەک دەترسێ و هەر زوو سەرکوتی دەکا، شتێکی ئاسان نیە.

وەک ڕۆژنامەی ئێران باسی کردوە گرفت و کێشەی کامیۆندارەکان لە دووتۆیی نامەیەکدا گەیندراوە بە دەفتەری سەرۆککۆماری، وەزارەتی نێوخۆ، وەزارتی ڕێگاوبان، مەجلیس، وەزارەتی ئیتلاعات، ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ و چەند کۆمیسیۆنی پێوەندیداریش؛ بەڵام هیچ کامیان ئامادە نەبوون ڕێکارێک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە بێننە گۆڕێ. ئەوە دیسان پرسیارێکی دیکەی لێ ساز دەبێ کە مانگرتنی سینفی کامیۆنداران یەکێک لە مەدەنیانەترین و ڕەواترین مانگرتنەکانی ئێرانە، ئایا پێڕانەگەیشتن و وڵامنەدانەوە بە داوکانیان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بە ڕاستی کێشەکان و گرفتەکان لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا نەماوە؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوە نیە کە دەسەڵات هەموو هەوڵیان لە ئێستادا ئەوەیە کە لە قەیرانی سیاسیی نێودەوڵەتی دەربازیان ببێ و ئەگەریش بە پەلە مانگرتنەکانی سەرکوت نەکردوە بۆ ئەوەیە لەوەها دۆخێکدا نایهەوێ کێشەیەکی دیکە بۆ خۆی ساز بکا؟

مانگرتنی بارهەڵگرەکان کە شارە گەورە و بچووکەکانی ئێرانی گرتەوە دەگەڕێتەوە بۆ داتەپیوی ئابووری و گرانیی کەلوپەل و پێداویستییەکان، کە یەکێک لە هۆکاری ئەو گرفتە ئابوورییەش بۆ گەمارۆیەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی دوای هاتنەسەرکاری ترامپ دەگەڕێتەوە.

ئێستاکەی ئێران و دۆخی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە بە جۆرێکە کە ئەو ڕێژیمەی لە نێو «مەنگەنە» و گوشاری دوو لایەنە خستووە. لەلایەک بەهۆی شێوە سیاسەتی ئەو ڕێژیمە، وڵاتی ئێران کە لە دەوڵەمەندترینەکانی ناوچەی «ڕۆژهەڵاتی ناڤین»ە، ڕۆژبەڕۆژ خەڵکەکەی هەژار و بێدەرەتانتر دەبێ و، ئەمەش دەیان دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەکوو خۆکوژی، ئیعتیاد، بێکاری و لێکترازانی بنەماڵەکان لێ کەوتووتەوە کە بەرهەمی حکوومەتێکی سەرەڕۆ و نادێموکراتیکە کە مل بە یاساوڕێسا جیهانییەکان نادا و بە زمانێکی سادەتر خەڵکی خۆی بە بارمتە گرتووە.

له لایەکی دیکەش گوشارە دەرکییەکان بەتایبەتی دوای کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام و شکستخواردنی ئەو ڕێککەوتنە زیانێکی چەند بەرانبەری بە ڕێژیمی ئێران و خەڵکی وڵاتیش گەیاندوە.

به وردبوونەوەیەک لە ئێستای ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی ئێران ترسیان لە هەڕەشە و سەرکوت شکاوە و ڕۆژ نیە چین و سنفێک لەو وڵاتە بەنیسبەت کەمتەرخەمییەکان و دژ بە نابەرپرسیاریەتیی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە مان نەگرن و ناڕەزایەتی دەرنەبڕن. لە کاسبکارانی کورد تا کامیۆنداران، لە مریشکفرۆشان تا شوفێرتاکسییەکان و هەتا دەگاتە کارمەند و چینی کرێکاران و هتد... کۆی ئەمە نیشان لە بوومەلەرزیەکی گەورەیە لە نێوخۆی وڵات کە ئەگەر بێتوو هەر بەوشێوەیە درێژە بە سیاسەت و ئیدارەی وڵات بدەن، بێگومان قەیرانێکی جەماوەریی قووڵ ڕوو دەدا. هەربۆیە لە ڕەوتی مانگرتنی کامیۆنداران و خاوەن بارهەڵگرەکانی شارەکانی ئێران و کوردستاندا، ناوەندە ئەمنیەکانی سپا وئەڕتەش نە تەنیا نەیانتوانی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ و سەرکوتی بکەن، بەڵکوو بەپێی هەواڵەکان لە ترسی ئەوەی مانگرتنی چینی شوفێرەکان تەشەنە نەستێنێ و نەبێتە هۆی شۆڕشێکی گشتگیر و بەربڵاو، ئەو دوو ناوەندە بە کامیۆنەکانی خۆیان کەلوپەل و پێداویستییان دەگەیاندە شار و شارۆچکەکانی ئێران.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران و مانگرتنی خەڵکی کاسبکاری کورد و کامیۆنداران، به ئیزافەی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو، دەرهاوێشتەی دەبێتە ئەمە کە سیستەمی سیاسیی ئەو ڕێژیمەیە ئابووریی ئێرانی هەڵتەکاندووە و، دەبێ چاوەڕێی مانگرتن و ناڕەزایەتی و هاتنە سەرشەقامی چین وتوێژەکان بین و وتەی فرانسیس فۆکۆیاماش دوور لە ڕاستی نیە کە دەڵێ: «لە ئێران شۆڕشێکی جەماوەری بەڕێوەیە.»


# تیۆری و کردەی سیاسی



حەسەن شێخانی

باسی تیۆری و کردەی سیاسی، باسێکی کۆمپلێکسە و ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە. ئەم باسە لە فۆڕمی زانست و عەقڵ لە سیاسەت و حکوومەتدا، لە یۆنانی کەونار و لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە لە ئارادا بووە، بە چەشنێک کە ئەفلاتوون دەڵێ دەبێ حکوومەت مەعریفەتەوەور بێ و، لە لووتکەی دەسەڵاتدا، فیلسووف‌شا جێ بگرێ. دواتریش ئەم باسە لە فۆڕم و دیدی جیاوازدا هەر لە ئارادا بووە؛ بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، جان ئێستوارت میل، باوکی دێموکراسیی مۆدێرن، فکری بەم بابەتەوە مژوول بووە و تەنانەت بۆ خوێندەوار و ئاکادیمیسیەنەکان مافێکی زیاتر و دەنگێکی زیاتر قایل بووە. لە سەدەی بیست ویەکیشدا، ئەم باسە لە فۆڕمی پێوەندیی زانست و ئێپیستێم لەگەڵ سیاسەت و بەشداریی سیاسیدا، لە ئارادایە و سەنتێزێک لە بژاردە و زانستتەوەری لەگەڵ ڕۆڵی خەڵکی ئاسایی لە سیاسەتدا، دەخرێتەڕوو. ئەوەی کە تیۆری و کردەی سیاسی چ پێوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە و، بۆچی کردەی سیاسی پێویستی بە تیۆری و مەعریفە هەیە، باسێکی گرینگ و پێویستە و، هەوڵ دەدەم لەم نووسینەدا بەکورتی هەڵوێستەی لەسەر بکەم. بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، لەم وتارەدا باسی ئەوە دەکەم کە: تەتەڵە و شرۆڤەی سیاسی پێویستیی بە تیۆری هەیە و کردەی سیاسیش پشت دەبەستێ بە تەتەڵە و شرۆڤەی سیاسی. بە واتایەکی دیکە بەبێ تیۆری و پارادایمی تیۆریک، کردەی سیاسی لە ڕووکەشدا قەتیس دەبێ و لە ڕەوتی خۆیدا لەگەڵ زۆر کەمایەسی بەرەوڕوو دەبێ. لەڕاستیدا کردەی سیاسی لە نەبوونی تیۆرییەکی یەکگرتوودا، کردەیەکی نەزۆک و بێ ئەنجامە و لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاستەنگە سروشتییەکانی دنیای سیاستدا، توانای داهێنان و تێپەڕاندنی کۆسپەکانی بەردەمی نیە. بەڵام پێوەندیی نێوان ئەو دووانە پێوەندییەکی یەکلایەنە نیە، بەڵکوو دوولایەنە و دیالکتیکییە. واتا چۆن کردەی سیاسی پێویستی بە تیۆری و چەمک و کۆنسێپتی خۆی هەیە، ئاواش تیۆری و چەمکەکان لە سێبەری کردەدا، پێداچوونەوەیان پێدا دەکرێ و هەندێک جار سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان دەبێتە پێویستییەک. واتا پێوەندییەکە، پێوەندییەکی تەواو دینامیک و دووسەرەیە.

واقعیەت و ڕووداوە سیاسییەکان ئاڵۆزن. تێگەیشتن لێیان و شرۆڤەکردنیان پێویستی بە ئامرازی تیۆری هەیە. تیۆری ئامراز و چوارچێوەی شرۆڤەیە؛ تیۆری زانستی شرۆڤەیە. چۆن پزشکێک بۆ ناسین و دەرمانی نەخۆشییەکان پێویستی بە زانستی پزشکی و ئامرازی پێوەندیدار هەیە، ئەمە تاڕادەیەکی زۆر لە بوارەکانی دیکە و لەم بەینەدا، لە بواری شرۆڤەی سیاسیشدا، هەر وایە. واقعییەتە سیاسییەکان ناڕوون و تاریکن، بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین پێویستمان بە تیۆری هەیە کە وەک چرایەک، لە گۆشەنیگایەکەوە تێی بگرین و ڕوونی بکەینەوە؛ هەم شکڵی پێ بدەین و هەم مانای پێ ببەخشین. لێرەدا دیالکتیکی سووژە و ئۆبژە دێتەئارا. هیچ گێڕانەوەیەک لە واقعییەت، گێڕانەویەکی سادە و بە واتایەک ئۆبژێکتیڤ و بێلایەن نیە. هیچ گێڕانەوەیەک وەرگێڕانی کۆنسێپتیی واقعییەت نیە. هەر گێڕانەوەیەک بە فیلتێری سوبژەدا تێپەڕ دەبێ و بمانەوێ و نەمانەوێ ڕەهەندێکی گوتاری وەردەگرێ. واتە هیچ گێڕانەوەیەک لە واقعیەت، دەقاودەق لەگەڵ ئۆبژە نایەتەوە. لەبنەڕەتدا خودی ئۆبژەش، واقعییەتێکی لەخۆیدا نیە و ئەوە سووژەیە کە دروستی دەکا و فۆڕم و مانای پێ دەبخشی. واتە ئۆبژە لە دیالکتیکی سووژە و واقعیەتدا پێک دێ. هەر واقعییەتێک لە فیلتێری زەین و زمان دەگوزەرێ و لە هاتنەدەرێدا کاریگەریی ئەو دووانەی بەسەرەوەیە. واقعییەتەکان و لەم نێوەدا واقعییەتە سیاسییەکان کۆنکرێتن؛ واتە تێکچڕژاو و فرەڕوو و فرەڕەهەندن. هەموو خوێندنەوە و تێگەیشتنەکان سادەترن لە واقعییەتە کۆمپلێکسەکان. چونکە هیچ خوێندنەوە و شرۆڤەیەک ناتوانێ ڕەنگدانەوە و دەرخەری هەموو ئەو ڕەهەند و ڕوو و کۆمپلێکسییە، بێ، کە واقعیەتەکان پێک دێنن و ناچار بە هەڵبژاردنن؛ هەڵبژاردن لەنێوان هەموو ئەو پێکهێنەرە زۆر و زەوەندانەی کە واقعیەت پێکدێنن. لەلایەکی دیکە بە دەربڕینی نیچە، لە پشت هەر خوێندنەوەیەک دوورنمایەک، خواستی دەسەڵات و مەیل و بایەخ و ئەولەوییەتەکانی شرۆڤەکار هەیە. واتە هەر شرۆڤەکارێک کە لە گۆشەنیگایەکەوە لە واقعییەت ڕادەمێنێ و لە پێگەیەکەوە چاوی لێدەکا و چرای تیۆری و گوتاری تێ دەگرێ. ئەمەش خۆی‌لەخۆیدا و بەپێی دیدە جیاوازەکان، خوێندنەوە و شرۆڤەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. هەر واقعییەتێک فرەڕوویە، پێوەندی هەیە بەوە کە ئەتۆ لە چ ڕوویەکەوە لێی دەڕوانی، بەو پێیە خوێندنەوەکەت شکڵ دەگرێ. واتا هەر کەسە و ڕوویەک لە واقعیەتەکە ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر واقعیەتە سیاسییەکان بە شتی فیزیکی بشووبهێنین، لەوانەیە بگوترێ کە بۆ ئەوەی هەموو ڕووەکانی شتێک ببینین، جێگۆڕکێ دەکەین و هەرجارە و لە گۆشەنیگایەکەوە چاوی لێ دەکەین. ئەمە سادەسازییەکی زێدەڕۆیانەی واقعییەتە سیاسییەکانە و لێکچوواندنێکی دروست نیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرکەس لە پەنجەرەی ئاگایی و بیر و ئەولەوییەت و مەیل و پێویستییەکانی خۆیەوە و، لە پێگەیەکی دیاریکراوەوە، دەڕوانێتە دیاردەکان و شرۆڤەیان دەکا. مەسەلەیەک کە کارەکە چەتوون دەکا ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ڕەوتی ناسین لە زانستە سروشتییەکاندا، کە سووژە جیایە لە ئۆبژە و لە سەرەوەڕا لێی دەڕوانێ و بەسەریدا زاڵە، لە زانستە مرۆییەکاندا، شرۆڤەکار بۆخۆی یان لە نێو و بەستێنی مەسەلەکان دایە یان مەسەلەکان تێپەڕیون و ئەو دەبێ لە دوورەوە و لە مەودایەکی زۆرەوە تێیان ڕامێنێ و لەو بەینەشدا زۆر شت دێنە پێش چاوی و ناهێڵین و ئەو شتەی لە مەوادیەکی دوور لە وی جێی‌گرتووە، بە تەواوی ببینێ. بە پێچەوانەی زانستە سرووشتیەکان، لە زانستە مرۆییەکاندا، کە زانستی سیاسەت یەک لەوانە، سووژە جیا و دابڕاو نیە لەو جیهانەی کە هەوڵی تێگەیشتنی دەدا. بۆخۆی بەشێکە لە جڤاک و دەبێ جڤاکیش بناسێ. تا ئێرە باسی ئەوەمان کرد کە بەپێی ڕوانگە جیاوازەکان، واقعیەت و دیاردە سیاسییەکان، مانای جۆراوجۆر وەردەگرن. واتا واقعییەتەکان چەندمانایین. لێرەدایە کە ئۆبژێکتیڤبوون و بێلایەنی لە شرۆڤەدا دەبێتە وەهم. ئۆبژێکتیڤبوون و بێلایەنییەک کە بەزۆری تایبەتە بە پۆزیتیڤیستەکان، کە جیهانی مرۆیی و، سروشتی و فیزیکی بەیەک دەچوێنن و لە میتۆدۆلۆژیی زانستە سروشتییەکان بۆ ناسین، یان باشترە بڵێم خوێندنەوە و تێگەیشتن لە جیهانی مرۆیی و پێوەندییەکانیان کەڵک وەردەگرن. ڕوویکەردێک کە بەتایبەت لەلایەن عەقڵی هێرمێنۆتیکی، پۆست مۆدێرنێزم و پێکهاتە و بنەماشکێنییەوە بە توندی براوەتە ژێر پرسیار و ڕەت کراوەتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم مەکتەبە فەلسەفیيانەی دواییشەوە لە مەسەلەکە نەڕوانین، بەسەرنجدان بەو شیکارییانەی لە سەرەوە پێشکەش کران، دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم بۆچوونە، کە شرۆڤە دەتوانێ ڕەنگدانەوەی سادەی واقعییەتەکان بێ، بە واتایەکی دیکە ئاوێنەی باڵانوێنیان بێ، لەگەڵ قەیران بەروڕوو بووە و براوەتە ژێر پرسیار و نادروستبوونی تا ڕادەیەکی زۆر سەلماوە. هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەم پێکرد واقعییەتە سیاسییەکان لە تاریکی دان؛ بۆ ئەوەی کە لێیان تێبگەین دەبێ چرایان تێبگرین. ئەوەی کە لە کوێ و لە چ گۆشەنیگایەکەوە چراکەی تێدەگرین، بەو پێیە، مانای پێدەدەین و پێناسەی دەکەین. چۆن لە شەودا بۆ ئەوەی کە شتەکان ببینی پێویستت بە چرا یان ئامرازێکی ڕۆشنایی هەیە، بە هەمان شێوە لە خوێندنەوە و شرۆڤەی ڕووداوەکاندا پێویستت بە ئامرازی تیۆری هەیە. تیۆری ڕۆڵی ئەو چرایە دەبینێ یان ڕۆڵی کامێرای دیتن لە شەودا دەبینێ، کە ئەگەر لێیان بێبەش بێ، ناتوانی شرۆڤەیەکی موعتەبەر لە ڕووداوەکان بخەیەڕوو. تیۆری چەک و کەرەسەی دیتنە. ئەگەر ئەو چەک و کەرەسەیەمان نەبێ، بە سادەیی بەسەر دیاردەکاندا تێدەپەڕین و باز دەدەین و ناتوانین دەرەنجامێکی بایەخداریان لێ وەربگرین. لەڕاستیدا هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤەکان وەک یەک و بەقەت یەک ئەزموون بەدەست ناهێنن، ئەوەیە کە زەینی هەرکامیان لە ڕووی هەبوونی ئاگایی، بیر و فکر، چەمک و کۆنسێپتەوە، جیاوازییان هەیە. مێشکی بەتاڵ لە ئاگایی و چەمک، قەت ناتوانێ بەقەت مێشکی چەکدار بەوانە، ئەزموون کۆبکاتەوە و زانستی لێ بەرهەم بێنێ. چۆن هونەرمەندێک لە دیتنی شتێک(بۆ نموونە گوڵێک)دا زۆر شتی لێ دەخوێنێتەوە و تێیدا دەبینی، بەڵام کەسێک هونەرمەند نەبێ هێچ کام لەو شتانە نابینێ؛ بە هەمان شێوە، مێشکی چەکدار بە چەمک و تیۆری، لە ڕووداو و دیارەدکاندا زۆر شتی لێهەڵدێنجێ و دەرەنجامی لێ‌دەردەخا، بەڵام مرۆڤی ئاسایی ئامراز و توانای دەرخستنی ئەو دەرەنجامانەی نیە. تا ئێرە دەبێ ڕوون بووبێتەوە کە بۆچی بۆ شرۆڤەی سیاسی پێویستمان بە کەرەسەی تیۆری هەیە. ئەگەر ئەوەمان قبووڵ کرد کە بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەی واقعییەتی کۆنکرێتی سیاسی ئامرازی تیۆری پێویستە، دەبێ بەدوای ویشدا ئەوە قبووڵ بکەین کە بۆ کار و کردەی سیاسی پێویستمان بە تیۆری هەیە؛ چونکە کردەی سیاسی لەسەر بنەمای شرۆڤە بنیات دەنرێ. لەوانەیە لێرەدا ئەو گومانە بێتە ئارا کە سیاسەت شتێکی کردەییە و ئێمە لە سیاسەتدا پێویستمان بە پراگماتیزم هەیە نە خولانەوە لە دنیای تیۆرییەکاندا! بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە دەبێ بڵێین کە لەجێدا پراگماتیزم بە مانای نەبوونی تیۆری نیە، بەڵکوو تیۆرییەکی ڕوو لە کردەیە. لەڕاستیدا پراگماتیزم بازنەی دینامیکی تیۆری و کردەی سیاسییە. پراگماتیزم ئەو فاکتەرەیە کە بە باشترین شێوە ڕێ لەوە دەگرێ کە واقعییەتەکان لە تیۆرییەکانەوە وەربپێچرێن و ون ببن و بشاردرێنەوە. تیۆری لە کردەدا لە مەحەک دەدرێ و لە دیالکتیکی لەگەڵ کردەدا چەکووچکاری دەکرێ و لە حاڵەتی پێویستدا، پێداهاتنەوەی پێدا دەکرێ. واتە تیۆری لە مەیدانی کردەدا، تەواو دەکرێ، دەگۆڕێ یان جێگیر دەبێ. سیاسەت قووڵایی و پاشخانێکی هەیە، کە ئەویش تیۆری و مەعریفە یان فەلسەفەیە. بەبێ ئەم قووڵایی و پاشخانە، سیاسەتیش نوشوست دێنێ و بێ‌ئەنجام دەبێ. بۆ سەلمەندنی ئەم ئیدیعایە ئاماژە بە دوو نموونەی مێژوویی دەکەم. ئەگەر ئەمڕۆ لە دنیای ڕۆژئاوا سیاسەتێکی سەرکەوتوو دەبینین، ئەگەر حکوومەتی کارامە و باش دەبینین، ئەگەر ئابوورییەکی پەرەسەندوو دەبینین، گرینگتر لەوانەش ئەگەر سیستمێکی سایبێرنیتیک دەبینین کە لە ڕەوتی بەروپێشچوونیدا خۆی چاکسازی دەکا، هەموو ئەمانە بۆ ئەو پاشخان و قووڵاییە هزری و تیۆرییە دەگەڕێتەوە کە بیر و هزری دەیان و بگرە سەدان فیلسووف و بیرکەرەوە بەرهەمیان هێناوە. حکوومەتداریی ئەمڕۆیی ڕۆژئاوا فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕنی لەپشتە. دیارە ئەو فەلسەفە و بیر و هزرەش لە بۆشاییدا بیچمی نەگرتووە، بەڵکوو لە دیالکتیکی هەلومەرج و بەستێنە سیاسی و جڤاکییەکانی ئورووپاوە سەریان هەڵداوە. واتە هزر و کردە لە ڕەوتێکی بەردەوامی کار و کارلێکیدا بوون. کاریگەرییان لەسەر یەکتر داناوە و تا گەیشتووە بەمڕۆ. ئەمڕۆش ئەم ڕەوتە ناوەستێ و هەروا درێژەی هەیە. سیاسەتی سەرکەوتوو و کردەی سیاسیی سەرکەوتوو پشت دەبەستێ بە عەقڵ، بە تیۆری، بە هزر. لەو قۆناغە مێژووییانەی کە عەقڵ و مەعریفە لاواز دەبن و ئاوا دەبن، کردەی سیاسی و بەگشتی سیاسەتیش تووشی نوشوست دەبێ و بەرهەمدار نابێ و ئاستی کارامەیی دادەبەزێ و پاشکەوتوویی لێدەکەوێتەوە. سەدەکانی نێوەڕاستی ئورووپا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. ئەگەر ئێران بە نموونە بێنینەوە بە قەولی جەوادی تەباتەبایی، لەو کاتەوە کە نەقڵ جێگای عەقڵی گرتووە، ئێران لە سەردەمی ڕێنێسانسی ئیسلامی دوور کەوتەوە و چووە نێو سەردەمی تاریکی و داڕووخان و دواکەوتووییەوە؛ کە تا هەنووکەش درێژەی کێشاوە.




## ئەنجام

بواری سیاسی وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان پێویستی بە کەرەسە و ئامرازی خۆی هەیە. خۆ ناکرێ لە هەموو بوارەکانی ژیان، تەنیا بواری سیاسی و سیاسەت هەڵاوێرین و بڵێین کە پێویستی بە تیۆری و مەعریفە نیە و بوارێکی کردەیی پەتییە. دنیای سیاسەت بە هۆی کۆمپلێکسبوونی چەندقاتییەوە، تەنانەت زیاتر لە بوارەکانی دیکەش پێویستی بە مێشکی پڕ و چەکدار بە ئامرازی فکری و چەمکی هەیە. سیاسەت وردبینی و دیتنی شتە ورد و نوکتەکانە. تیۆری ڕۆڵی ئەو «منشور»ە دەگێڕێ کە یارمەتیت دەکا کە هەموو ڕەنگەکان ببینی؛ بەبێ تیۆری لە شتە گشتییەکاندا دەمێنیەوە و لە دیتنی شتە ورد و لە هەمانکاتدا گرینگەکان، کە ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری دەکەن، بێتوانا دەبێ. ئەگەر دەبینین کە سیاسەتێک لە ماوەیەکی درێژدا ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی، لاوازبوونی ئەو پاشخان و پێویستییە فکری و تیۆریکەیە. سیاسەتی پشتەبەستوو بە تیۆری، داهێنەرە و چەق نابەستێ. ئەمە ئیدیعایەکە کە ئەزموونە مێژووییەکان دەیسەلمێنن.


# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## (هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد ٣-٢)



د. کامران ئەمین ئاوە



4. Shaikh Abdullah Effendi Gilani in 1961
(l-r: Shaikh Abdul Qader, son of Shaikh Abdullah; Shaikh Abdullah Effendi Gilani; Sayyid Musa; the Author)

گوشار و زوڵم و زۆریی بێ پسانەوەی تورکەکان، هەوڵی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران لە ساڵەکانی ٤٠ هەتا ٦٠ی سەدەی ١٩دا، بۆ نۆژەنکردنەوەی دەوڵەت و سیستمی سیاسی_ئیداریی ئەم وڵاتانە، کۆجێخوازیی حکوومەتەکانی ناوەندی، چوونەسەرەوەی ماڵیات، نیوەکۆڵۆنیبوونی عوسمانی و ئێران، هەروەها چەوساندنەوە و سەرهەڵدانی فەرهەنگێکی نامۆ، بوون بە هۆی نارەزایەتیی بەربەرینی خەڵکی کوردستان. لاوازبوونی تورکەکان بە هۆی شەڕی کریمە و دابەزینی توانای سیاسی و سوپایی تورکەکان لە کوردستان وێڕای کەڵکوەرگرتنی ڕووس لە دوژمنایەتیی کوردەکان لەگەڵ ناوەند و پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی میلان، زیلان و هتد، بەستێنێکی باشی بۆ شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد پێک هێنا. لەم بارودۆخەدا یەزدانشێر، برازای بەدرخان بەگ کە سەرەڕای هاوکاری لەگەڵ تورکەکان حکوومەتی کوردستانی بەنەسیب نەببوو، لە بارودۆخی پێکهاتوو کەڵکی وەرگرت و بۆ ڕزگارکردنی خاکی کوردستان گەورەترین شۆڕشی لە دیسامبری ١٨٥٤ دا لە بۆتان و هەکاری وەڕێ خست. ئەم ڕاپەڕینە پانتاییەکی بەرچاوی لە باکوورەوە هەتا ڕۆژئاوای کوردستان بە خۆیەوە گرت، تەنانەت ئاسۆری، ئەرمەنی و یۆنانییەکانیش پەیوەست بە کورد بوون. ئەم ڕاپەڕینە وەکوو تێپەڕینی بزووتنەوەی جیاییخوازانەی کورد بۆ ڕووداوێکی بە ڕاستی نەتەوەیی لە مێژووی کورددا تۆمار دەکرێ.

ڕاپەرینی یەزدانشێر بە هۆی فاکتەری دەرەکی و ناوەکی وەکوو هاوکارینەکردنی ڕووسیە، نەبوونی بەرنامەی سیاسی، تەیارنەبوونی نیزامی_ سپایی، ورووژاندنی بەشێک لە ڕێبەرانی کورد بە فیتی بریتانیا بۆ دژایەتی لەگەڵ شۆڕش، و لە کۆتاییدا فریوخواردنی یەزدانشێر لە ئینگلسییەکان، شکستی خوارد. یەزدانشێر کە بە تەزمینی شابەندەری بریتانیا لە مووسڵ بۆ دیدار و دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی تورک چووبوو، کۆتایی مانگی مارسی ١٨٥٥ لە کاتی وتووێژدا قۆڵبەست و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەستەنبووڵ کرا.

ڕاپەرینی یەزدانشێر کۆتایی بە کێشەی کورد نەهێنا. پاییزی ساڵی ١٨٧٨ ڕاپەڕین لە ناوچەی بدلیس، مووش و وان، هەروەها هەکاری و بۆتان بە ڕێبەریی عوسمان و حوسێن بەگ، کوڕانی بەدرخان دەستی پێکرد. ئەوان لە ماوەیەکی کەمدا توانییان بەشێکی گەورە لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان ئازاد بکەن. عوسمان بەگ خۆی وەکوو ئەمیری سەربەخۆی ئەم ناوچانە ڕاگەیاند. هەرچەند ئەم بزووتنەوەیەش لە لایەن تورکەکانەوە سەرکوت کرا، بەڵام ساڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی دیکە بە ڕێبەریی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیی کوردەکانی عوسمانی و تا ڕادەیەکی بەرچاویش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دەستی پێکرد.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری توانی بە پێی پێگە و نفووزی خۆی ببێتە هۆی یەکگرتوویی سیاسی لە نێوان ناوچەکانی بۆتان و هەکاری لە ئیمپراتووریی عوسمانی، هەتا موکریان لە ئێرانی قاجاردا. بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورددا لە نێوەڕاستەکانی ژووئیەی ١٨٨٠دا یەکەمین کۆنگرەی ڕێبەرانی کورد لە شەمزینان پێک هات. ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆڵی بە هۆی شەڕی ڕووس و عوسمانی ساڵانی ١٨٧٨_١٨٧٧ و سەرکوت و لەنێوبردنی میرنشینەکانی نیوەسەربەخۆی کورد لەلایەن عوسمانییەکانەوە، بارودۆخی پێویستی بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرییەکی نوێی سیاسی پێک هێنابوو؛ ڕێبەرێک کە دەیەویست مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد مسۆگەڕ بکا. بە وتەی «لۆرد جۆرج کەرزن» لەم بارودۆخەدا شێخ عوبەیدوڵڵا کە بە هۆی کەسایەتیی پیرۆزی خۆی ناوبانگێکی زۆری هەبوو، بەزوویی توانی خۆی بە پلەی ڕێبەرێکی نەتەوەیی بگەیەنێ».(١) ترۆتێر»(٢) سەرکۆنسوولی بریتانیا لە ئەرزەڕۆم، شێخ وەکوو پڕنفووزترین ڕێبەری کورد لە تەواوی کوردستان ناو دەبا کە کاریگەری و دەسەڵاتی لە سوڵتانیش زۆرترە.(٣) ئامانجی شێخ، ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێردەستیی عوسمانی و دامەزراندنی حکوومەتێکە کە پانتایی دەسەڵاتەکەی بە پلەی یەکەم لە باشووری وان هەتا باکووری مووسڵ بێ و لە قۆناخی دواییدا تەواوی کوردستان بگرێتەوە.(٤)

بۆ زۆربەی کاربەدەستانی وڵاتە زلهێزەکان ڕوون بوو کە شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ پێکهێنانی یەکڕیزیی کورد و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ تێ دەکۆشێ. تەنانەت خودی شێخ عوبەیدوڵڵاش لە نامەیەکدا بۆ توێژەری ئینگلیسی، «کۆچران»(٥) دەنووسێ: «نەتەوەی کورد لە پتر لە ٥٠٠ هەزار بنەماڵە پێک هاتوە و ئەمە[کورد] گەلێکی جیاوازە. ئەوان ئایین، یاسا و داب و ڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە».(٦) شێخ عوبەیدوڵڵا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وڵاتە ئورووپاییەکان بەرامبەر بە بێ یاسایی لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆڵی پێویستە لە بزووتنەوەی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پشتیوانی بکەن. لەم پێوەندییەشدا پێداگری دەکرد کە کوردەکان بۆ سەقامگیرکردنی یاسا، نەزم و دادپەروەری دەیانەوێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، لەم حاڵەتەدا ئەوان هەر ئەو مافەیان دەبێ کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە. هەروەها «شێخ عوبەیدیللا لە نامەیەکدا بۆ «ئیقبالولدەلە«، حاکمی ورمێ دەنووسی، «ئامانجی سەرەکی ئەو و هاوڕێیانی، دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەی کوردەکانە ... شیاوترین ڕێگاچارە بۆ پرسی کورد، یەکیەتیی و سەربەخۆیی ئەوانە».(٧)

شۆڕشی کورد بە پێی ئەوەی کە سوپای ئێران خەریکی سەرکوتکردنی تورکمەنەکان بوو و بە بەراورد لەگەڵ سوپای عوسمانی لاوازتر بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا توانی بە هاوکاریی هەمزەئاغای مەنگوڕ و عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا پاش گرتنی شاری سابڵاغ هەتا نزیکەی ورمێ، هەروەها بەرەو تەورێز پێشڕەوی بکا. شێخ خۆی لە لای ورمێ بوو و شێخ عەبدولقادر چوو بۆ مەهاباد و میاندواو و تا بناو چووە پێشێ، بەڵام دوای ئەو کوشتارە وەحشییانەی وا لە خەڵکی میاندواوی کرد ئیتر خەڵکی بناو چوونە بەربەرەکانی کردنی و سوپاکەیان تێک شکاند. ڕووداوەکانی کوردستان ترسێکی زۆری خستە دڵی کاربەدەستانی ئێرانەوە، چونکە «ئەگەر تەورێز گیرابا، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە ئێران گەورەترین شار، واتە پایتەختی دووهەمی ئێرانی لەدەست داوە. ئەگەر تەورێز گیرابا، دەتوانرا بگوترێ کە گیرانی تارانیش نزیک بۆتەوە».(٩) ترسی بزووتنەوەی کورد، تاران و کاربەدەستانی دەوڵەت و سوپای ئێرانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کرد، ئەم پەشێوییە لە وەڵامی ناسرەدین شا لە ٤ی ذیقەعدەی ١٢٩٧ی هـ ق دا کە داوا لە موخبیرەلدولە، وەزیری پۆست و تەلگراف دەکا سەر لە بەیانی ئەم تەلگرافە بۆ تەیموور پاشا خان سەرداری ماکۆ بنێرێ، بە جوانی دیارە کە دەڵێ: «شێخ یان کەسێکی دیکە کێیە کە ئاوا پڕرووییی دەکا؟ بۆچی چوار کورد ئێوەیان تا ئەم ڕادەیە پەشۆکاندوە و زراویان بردوون کە بەم چەشنە قسە و تەلگراف عەرز دەکەن؟ ... نازانم چی بووە کە تا ئەم ڕادەیە بێغیرەت بوون؟ یانی چی؟ سوێند بە خودا، سوێند بە ڕووحی شای خوالێخۆشبوو ئەگەر ئاوڕ لە باوکی ئەم یاخیانە بەرنەدەن، و لەم چەشنە قسە بێمانایانە بکەن، وەکوو ژنان بجووڵێنەوە، هەمووتان ئاور دەدەم. ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان لە ئێوە دەکرد و دەکەین کە هێرش بەرنە سەر مەملەکەتانی بیانی، ئاوریان تێبەردن، تاڵانیان بکەن و سەرکەون، نەک ئاوا لە دەست چوار کورد تووشی ترس بن و هەتا ئەم ڕادەیە زەلیل بکەون.»(٩)

بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە قۆناخی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا سەرکەوت، عەبدولقادر حکوومەتێکی کاتیی پێک هێنا و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی حاکمەکانی هەڵبژارد و لەسەرکاری دانان. ئەمە لووتکەی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو، بەڵام ڕاپەڕینەکە نەیتوانی لەمە زۆرتر پەرە بگرێ. کوشتوبڕ و بێ ڕەحمیی هێزەکانی کورد لە دەوروبەری ورمێ بوو بە هۆی ڕق و تووڕەیی و نارەزایەتیی ناکوردەکان، لە لایەکی دیکەشەوە «فتوای غزا دژی شیعەکان و ڕاگەیاندنی شەڕی ئایینی کاریگەرییەکی زۆری لە ویلایەتی مراغە هەبوو، بوو بە هۆی کوشتارێکی زۆر لە نێوان سوننە و شیعەکان، لەم نێوانەدا زیانی ماڵیی و ڕووحی شیعەکان زۆرتر بوو، و شکۆ و گەورەیی، هەروەها توانایی سپای مریدەکانی شێخ، شاری تەورێزی تووشی ترس و خۆف کرد»(١٠)

دەوڵەت هێزێکی زۆری [کە بەشێکشیان لە کوردەکانی جەلالی و تورکەکانی ماکۆ بوون] بە سەرۆکایەتیی تێمورخا،ن سەرداری ماکۆ بۆ بەرەکانی شەڕ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا نارد و توانیی پاشەکشە بە هێزی ڕاپەرین بکا و هەتا سەرەتاکانی مانگی دیسامبری ١٨٨٠ تەواوی ئەو ناوچانە کە کورد ڕزگاری کردبوون، بگرێتەوە.

ئەم ڕاپەرینە بەهۆی نەبوونی بەستێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها سیاسی و فیکری و بە هۆی چەندبەرەکی و پرژوبڵاویی سیاسی، نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی؛ ئاستی خوارەوەی ناسیۆنالیزمی کورد کە سەرچاوەی لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی_ سیاسی خودی کوردستان دەگرت؛ لاوازیی سوپایی و هەڵە لە لێکدانەوەی ستراتێژی و تاکتیک، هەروەها دەوری نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان وەکوو ڕووسیە و بریتانیا تووشی شکست هات. ڕووسیە لەسەرەتاوە بە هۆی دیتنەوەی بەرژەوەندیی خۆی لەبەرامبەر بزووتنەوەی کورددا ڕاوستا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ یارمەتیی تارانی دا. بریتانیاش کە دەسەڵاتی بەسەر ئەستەنبووڵدا هەبوو و لەسەرەتادا بەرژەوەندیی خۆی لە لاوازکردنی تاران و ڕووسیەی هاوپەیمانیدا دەدی، کوردەکانی دژ بە تاران هان دەدا، بەڵام کاتێک هەستی بە گەڕانەوەی مەترسیی کورد دژ بە ئەستەنبووڵ کرد، دژ بە کورد جووڵایەوە.

پاش شکانی شۆڕش، بەشێک لە دەرەبەگ و سەرۆک هۆزە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەو باکووری کوردستان وەڕێ کەوتن، بەڵام تا ماوەیەک هەمزەئاغا درێژەی بە بەرەنگاربوونەوەی خۆی دا. «ئەو هۆزە کوردانە کە سەرۆکەکانیان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە جێ هێشتبوو تووشی چەرمەسەری و چەوساندنەوەیەکی دڕندانە لە لایەن ئێرانییەکانەوە بوون. کاربەدەستانی ئێران لە ئەنجامی کوژاندنەوەی ڕاپەرینەکەدا کەوتنە قەڵاچۆکردنی کوردەکان و بێ ئەوەی گوێ بدەنە تەمەن، یان ژن و پیاو، هەزاران کەسیان دارکاری کرد و پتر لە دووسەد دێی کوردستانیان سووتاند»(١١) لە کاتی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا و پەیوەستبوونی خەڵکی موکریان، ناسرەددین شا لە نامەیەکدا بۆ موشیرەلدەولە، سپاسالاری ئازەربایجان لە ڕێکەوتی ١٢٩٧ی هـق بە توندی باس لە سزادانی سەخت و تەواوی کوردەکانی سابڵاغ و موکریان و بە زنجیرکێشانی سەرۆکەکان و ناردنیان بۆ تاران دەکا.(١٢) سوپای ئێرانیش بێبەزەییانە پاش سەرکەوتنیان، ئەم بڕیارەیان بەجێ گەیاند. ئەسکەندەر غوریانس، نووسەری کتێبی ڕاپەرینی شێخ عوبەیدولا لە سەردەمی ناسرەددین شادا، کە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ڕووداوەکان لە سابڵاغ و گوندەکانی دەوروبەری بووە، لە ڕاپۆرتێک بۆ ناسرەددین شا دەنووسێ: «ئاوری تۆڵەستاندن تا ئەو ڕادەیە بەسەر سپادا زاڵە کە ئەوان بێ لەبەر چاوگرتنی ئابڕووی دەوڵەت دەیانەوێ تۆوی کوردەکان لە سەر زەوی پاک کەنەوە و هەر ئاوادانیک وێران بکەن».(١٣)

هەرچەند بزووتنەوەی شێخ عوبەیدیللا بە ئاکام نەگەیشت. بەڵام ئەو ڕاپەرینە وەکوو هەنگاوێکی جیددی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد پێناسە دەکرێ.

**پەراوێزەکان:**

١) George N. Curzon: Persia and Persian questiin, London ١٨٩٢, p ٥٣
٢) Major Henry Trotter
٣) W. jwaideh. Kurdish National Movment. Ist origins and development. New York ٢٠٠٦. P ٧٧
٤) W. jwaideh. P ٨١
٥) Dr. James P.Cochran
٦) W. jwaideh. P ٨١
٧) W. jwaideh. P ٨٢
٨) ن.ا. خەڵفین خەبات لە ڕێی کوردستاندا، لاپەڕەی ١٨٤، وەرگێڕ لە ڕووسیەوە جەلال تەقی، سلێمانی، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧١
٩) یوسف بیگ باباپور و مسعود غلامیە، فتنە شیخ عبیداللە کرد، گزارش وقایع حملە اکراد بە صفحات آذربایجان در دورە قاجار ص ١٤٨، تهران ، کتابخانە، موزە و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی ١٣٩٠
١٠) محمد امین زکی بیگ، زبدە تاریخ کرد و کردستان، جلد اول ص ١٨٠، ترجمە یداللە روشن اردلان، انتشارات توس، ١٣٨١
١١) ن.ا. خەڵفین، خەبات لە ڕێی کوردستاندا، لاپەڕەی ١٩١-١٩٠، وەرگێڕ لە ڕووسیەوە جەلال تەقی، سلێمانی ، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧١
١٢) ابراهیم صفائی، اسناد برگزیدە دورە قاجار، سند چهارم، ص ١٢، انتشارات بابک، تهران ٢٥٣٥
١٣) سید محمد صمدی، تاریخ مهاباد ص ٤١، انتشارات رهرو مهاباد، ١٣٧٣

## مافیای زبڵ و منداڵانی زبڵهەڵوەژێر

ئەحمەد محەممەدی



لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتی هەن کە ژیانیان لە بە میلیۆن کەسی ئەو وڵاتە تاڵ کردوە. وەکوو بێماڵوحاڵی، خەوتن و ڕۆژکردنەوە لە گوێ جادە و بن پرد و شوێنە لاپەڕەکانی شار، کە بە کارتونخەوی باسی لێ کراوە. تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا دیاردەی خەوتن لە نێو گۆڕە ئامادەکراوەکانی گۆڕستانەکاندا (گۆڕخەوی) و، دەیان دیاردەی وەکوو برسییەتی و هەژاریی ڕەها، واتە ئەو مرۆڤانەی کە لە شەو و ڕۆژدا ژەمێک نانی وشکییان وەدەست ناکەوێ و، دیاردەی منداڵانی کار، کە زۆربەی ئەو منداڵانە بەبێ ئەوەی کەمترین ئیمکاناتی پەروەردەییان هەبێ، هەر بە نانەزگی و بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرن ناچارن سەختترین کار بکەن؛ ئەوپەڕی نامرۆڤایەتی تێپەڕاندووە.

هەر لەو پێوەندییەدا ئەم ڕۆژانە لە لایەن کۆمەڵێک ڕاگەیاندنەوە باس لە دیاردەیەکی زۆر ناخەژێن لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەدا دەکرێ و باسی ئەوە هاتووەتە گۆڕێ، کە منداڵانی کار، ئێستا ناچارن زبڵەکانی خەڵکی شار لێک هەڵوەژێرن، کە لەو کارەدا زۆربەی هەرەزۆریان تووشی نەخۆشیی زۆر دژوار دەبن و سەرباری ئەوەش لە ژێر هەڕەشەی دەستدرێژیی سێکسی دان؛ کەچی سوودی کارەکەیان بۆ خۆیان هەر ئەوەندەیە لە برسان نامرن و شەوانەش دەتوانن لە شوێنە دوورەشارەکانی کۆکردنەوەی زبڵ ڕۆژ بکەنەوە، بەڵام هەر ئەو کارەی ئەوان سوودی زۆر گەورەی ماددی و دارایی بۆ ئەو کەسانە هەیە، کە هێندێک لە ڕاگەیاندنەکان بە «مافیای زبڵ» ناویان هێناون.

وەنەبێ ئەوە یەکەم جار بێ کە باسی ئەو دیاردەیە بکرێ، ساڵانێکە لەبارەی کۆکردنەوەی زبڵی شارە گەورەکان و ڕۆڵی منداڵانی کار لەو کارەدا دەیان ڕاپۆرتی ڕەخنەگرانە و لەقاودەرانە بڵاو کراونەتەوە، کەچی بەرپرسان بە بای خەیاڵیاندا نایە، بۆ ئەوەی چارەیەکی ئەو ستەمە نامرۆڤانەیە بکەن.

ڕاستە پێش ئەم کارە نوێیەی لەمەڕ منداڵانی کارەوە باس دەکرێ، پێشتریش لە ئێران زۆر کاری جۆربەجۆری منداڵان ناسراون، وەکوو کار لە مەزرا و مووچە، دەستفرۆشی، کارکردن لە کێڵگەی بەخێوکردنی مریشک و کوورەخانەی خشتپێژان و ...هتد، کە هەمووی ئەو کارانە بۆ منداڵ زۆر دژوارن، بەڵام دیاردەی زبڵهەڵوەژاردن لە لایەن منداڵانەوە، کە ئێستا بووەتە یەکێک لە کارە هەرە باوەکانی منداڵان، لە هەموو کارێک بۆ منداڵ دژوارتر و مەترسیدارترە.

وەک ڕەواڵی ئیداری شارەوانیی شارە گەورەکانی ئێران کۆکردنەوە و لێکهەڵوەژاردنی جۆرەکانی زبڵ بە شێوەی بەڵێندەرایەتی بە کۆمەڵێک کۆمپانیا دەسپێرن، ئەو کۆمپانیایانە لە قەراغ شارەکان چەند گاراژ و هۆڵ دروست دەکەن و زبڵەکان دەبەنە ئەوێ بۆ ئەوەی لێکیان هەڵوەژێرن و ئەو جۆرە زبڵانەی بۆ مردەوەژیکردنەوە (دووبارە بەکارهێنانەوە) دەبن لە زبڵە بێکەڵکەکان جودا بکەنەوە، ئەو کارەش بە کۆمەڵێک منداڵی بێدەرەتان دەکەن، بەبێ ئەوەی لەو شوێنانە هیچ ئیمکاناتێکی تەندروستی بۆ نیشتەجێبوونی ئەو منداڵانە دروست بکەن.

لەو بارەیەوە، ئیلهام فەخاری، ئەندامێکی ئەنجومەنی شاری تاران بە هەواڵدەریی کاری ئێران (ئیلنا)ی گوتووە: «زۆربەی ئەو منداڵانە تووشی نەخۆشی بوونە، بەڵام نەخۆشی لەچاو کۆمەڵێک کێشەی دیکە بۆ ئەو منداڵانە زۆر گرینگ نین، چونکە زۆربەی ئەو منداڵانە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەریان.» مردەوەژیکردنەوە و دووبارەبەکاهێنانەوەی بەشێک لەو کاڵا و شتومەکانەی مرۆڤ بەکاریان دێنێ و بە پاشماوە و زبڵ ناو دەبرێن، لە دنیای ئەمڕۆدا باوە، بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو کارە هەر لە ماڵان و لە لایەن بەکارهێنەرانەوە دەکرێ و خەڵک زبڵەکان لە تەنەکە و زبڵدانی جودا دەکەن و تێکەڵاوی یەکیان ناکەن، تاکوو ئەو زبڵانەی بۆ بەکارهێنانەوە دەبن، تێکەڵی ئەو زبڵانە نەبن، کە پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو لەنێو ببرێن، بەڵام لە ئێران نە خەڵک ئەو فەرهەنگەیان هەیە و نە دەوڵەتیش هیچ ڕێکارێکی تەندروستی بۆ ئەو کارە دیاری کردووە.

لەو پێوەندییەدا بەڕێوەبەری پێوەندییە گشتییەکانی ڕێکخراوی بەڕێوبەرایەتیی پاشماوەکان بە هەواڵدەریی کاری ئێران (ئیلنا) ی گوتووە: «بەکارهێنانی منداڵان بە پێی ئەو گرێبەستانەی کە شارەداری لەگەڵ بەڵێندەران مۆریان دەکەن، بەتەواوەتی ناقانوونییە، بەڵام بەداخەوە ئەو کارە هەر دەکرێ.» کەچی ئەندامێکی دەورەی چوارەمی ئەنجومەنی شاری تاران، کە سەر بە بەرەی ڕیفۆرمخوازەکانی ڕێژیمە، بە ناوی محەممەدمەهدی توندگویان، لەو بارەیەوە دەڵێ: «هیچ کۆمپانیایەک بە ناوی کۆمپانیای هەڵوەژاردن و مردەوەژیکردنی زبڵەوە نیە، بەڵکوو کۆکردنەوەی ئەو زبڵانە بەتەواوەتی بە شێوەیەکی ناقانوونی دەکرێ و کۆمەڵێک خەڵک لە بازاڕی ڕەشدا دەیکەن، کە ئەوانە لە لایەن ئەو مافیایانەوە بەڕێوە دەبرێن وا ناویان لێ نراوە بەڕێوەبەرانی پاشماوەکان.» داهاتی بەکارهێنانەوەی زبڵ لە ئێراندا بە چەندان هەزار ملیارد تمەن بەراورد دەکرێ، کە بڕی ڕاستی ئەو داهاتە بە هۆی شاراوەبوونییەوە دیار نیە، بەڵام ئەوەی کە «مافیای زبڵ» لە ئێران هەزاران منداڵی زبڵهەڵوەژێر دەچەوسێنێتەوە و شەو و ڕۆژ بێگارییان پێ دەکا و هەر لە نێو زبڵەکانیشدا دەیانخەوێنێت و سەرباری ئەوەش دەستدرێژیی سێکسییان دەکاتە سەری، دیاردەیەکی هێندە ئاشکرایە کە کاربەدەستانی ڕێژیمیش ناتوانن حاشای لێ بکەن، بەڵام لەبری ئەوەی ڕێچارەی بۆ بدۆزنەوە زۆر زەبوونانە، وەکوو ئەوەی کە بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری خەساردیتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوی خۆشبژی (بێهزیستی)ی ڕێژیم، ڕەزا جەعفەری بە هەواڵدەریی ئیلنای گوتووە: ئەو منداڵانە لە هەموو مافێکی خۆیان بێبەشن بەڵام هێندە زۆرن هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی بەتەنیا دەرووەست نایا چارەیان بۆ بدۆزێتەوە.



# ئیسلامی سیاسی
## [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

حەسەن حاتەمی

### موجاهیدینی خەڵق و هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان

لە کاردانەوەی موجاهیدین بە پێشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاغای ڕەجەوی باسی میلییەتەکان دەکا کە دەبێ چارەنووسی خۆیان بۆ خۆیان دیاری بکەن. ناوبراو ئەوا دەدوێ: ئەوەی لە ئەسلی٥ دا، بە پێی ئایەی ١٣ ی سوورەی «حجرات» باس کراوە، کە میللەت و قەومە جۆراوجۆرەکان مافی وەک یەکیان هەیە، بەهیچ جۆر کیفایەت ناکا. مەگەر لە یاسای پێشووشدا نەنووسرابوو کە «تەواوی میللەت لە بەرانبەر یاسادا، یەکسانن؟» ئەوە تەواو نیە. چونکە مەسەلەیەکی میللی لە ئارا دایە. ئەگەر بەڕاست لەگەڵ نێوەرۆکی ئەو ئایەی هێنراوەتەوە موافیقن، دەبێ لە یاسای بنەڕەتیدا بەڕوونی بنووسرێ کە ئەوان لە بەڕێوەبردنی ناوچەیی خۆیاندا، دەبێ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. نە تەنیا هاووڵاتیانی ئێمە لە کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خوزستان؛ بەڵکوو لە هەموو شوێن و پارێزگاکان بەو جۆرە بن. ئێمە بڕوامان بەو ناوەندگەراییەی کە تا ئێستا لە ئێرانێدا بووە، نیە. بۆ تاوتوێکردن و باس لە سەر بەرنووسی یاسای بنەڕەتی، بڕیار بوو مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرێ. موجاهیدین کە پێگەیەکی بەهێزی، لەتاران و ژمارەیەک لە شارە گەورەکان هەبوو، لەگەڵ چەند ڕێکخراوی دیکەی بەرەی میللی_مەزهەبیش، کاندیدای هاوبەشیان هەبوو. بەڵام حیزبی جمهووری ئیسلامیی تازە دامەزرا و هەم کەڵکی لە فەزای نوێ وەردەگرت و هەم زۆربەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی بەهۆی پشتیوانیی ئا. خومەینی، کۆمیتەکان و سپای پاسداران پاوان کردبوو؛ بەتایبەتی لە شووڕای شۆڕشدا، زۆر بەهێز بوو. بۆیە بەهەر فێڵ و تەڵەکەیەک بوو، زۆرینەی ئەو مەجلیسەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. دوای ٤ دەیە لە تێپەڕینی کۆماری ئیسلامی، بە پێی قسەکانی ئاغای بەنی سەدر کە لە بیرەوەریی د. ئیبراهیم یەزدی دیهێنێتەوە، گەڵاڵەیەکی شاراوە هەبووە کە ئیسلامییەت بەسەر جمهووریەتدا، زاڵ کەن. ئەو گەڵاڵەیە ئەحمەد خومەینی، بازرگان و ئا.موتەهەری لێی ئاگادار بوون. بە پێی گەڵاڵەکە ڕێبەر خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە، شووڕای شۆڕش موجری دەستووراتی ڕێبەرە، حیزبێک بۆ سازماندانی خەڵک لە پاوانخوازنی و دەسەڵاتخوازی نوێدا، چێ دەبێ. سپای پاسداران و دادگاکانی شۆڕش و ژێرکۆیەکانی دەسەڵاتی تایبەتییان دەبێ.(١)

بۆ ئەو مەجلیسی خیبرەگانە، موجاهیدین لەگەڵ «جنبش انقلابی مردم ایران (جاما)، جنبش مسلمانان مبارز و سازمانی اسلامی شوڕا (ساش)» دە بەربژێری هاوبەشیان هەبوو. کە بریتی بوون لە: « ئا. تاڵقانی، د. حەبیبوڵڵای پەیمان، د. عەلی ئەسغەری حاجی سەیدجەوادی، ئاغای مەسعوود ڕەجەوی، د. کازمی سامی، مەهەندیس عێزەتوڵڵای سەحابی، خانمی د. تاهیرەی سەفارزادە، حوجەتولئیسلام عەلی گوڵزادەی غەفووری، د. ناسری کاتوزیان و ئاغای عەبدولکەریمی لاهیجی.

موجاهیدین کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکە ناڕازی بوو، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا، بۆ «آیت الله العضمی خمینی»، لە خەوشدار بوونی هەڵبژاردن لە تاران، ساختەکاری و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵات دوا بوون. ئەوان ئاماژەیان بە ٢٠٠ جار سکاڵا و بەتاڵکردنی سندووق گەلێک لە لایەن بازارییەکان کردبوو و لە ئاکامدا پێیان وابوو، مەجلیسێکی لەو چەشنە ناتوانێ نوێنەرایەتیی بیروڕای شۆڕشگێڕانی نەسلی جەوان و ڕووناکبیری موسوڵمان بکا. هەروەها، ئەو مەجلیسە ناتوانێ وڵامدەری، هەستیارترین، داخوازییەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی موسوڵمان لەچوارچێوەی تەدوینی یاسای بنەڕەتیدا بێ. ئەو چوار ڕێکخراوەیە ١٢ ماددەیان بۆ چارەسەری کێشەکانی گەلانی بەرایی لە ئێران و وڵامدانەوەی یاسایی بنچینەیی بۆ پێکەوە ژیانی بێ توندوتیژی لە بەرنامەدا بوو.(٢)

موجاهیدین دواتر بە جیا بیروڕای خۆی لەسەر مەجلیسی خیبرەگان لە بابەتێکدا بەناوی «خیبرگان لە تەرازووی داوەری»دا، نووسی کە لە بەشێکیدا ئاماژە دەکا کە: سەبارەت بە تاوتوێکردنی یاسای بنچینەیی لەو مەجلیسەدا، شێوەی هەڵبژاردن و هەڵسوکەوتەکان قسە لەسەر دوو جۆر ئیسلامە. ئیسلامی عەلەوی _کە موجاهیدین لایەنگریەتی_ و ئیسلامی مەهدەوی _کە بناژۆخوازەکان و زۆربەی کاربەدەستان_ بەسەر کۆمەڵگەیدا، دەیسەپێنن.

ئەوان دەنووسن: ئێمە بەهیچ جۆر، ئەو پاساوە کە لەبەر کەمبوونی کات و درێژەکێشانی باسەکان لە مەجلیسێکی «نوێی هەڵقوڵاو» بە ناوی خیبرەگانی جێنشینی مەجلیسی دامەزرێنەران (موئەسیسان)، قبووڵ ناکەین.

موجاهیدین ئەو مەجلیسە بەو نێوەڕۆکە، بۆ پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی، دژی ئیمپڕیالیستی، دژی داگیرکاری و دژی چەوسانەوە، بە بێنرخ دەزانن. موجاهیدین لە سەر نیزامی شووڕایی، ئازادی _تا سنووری چەکداری_ کارکردن _وەک بناخەی نرخ دانان_ پێ دادەگرێ و دەڵێ: ئەوکاتی کە دەنگی بەڵێمان بە کۆماری ئیسلامی دا، بەو تێبینییەی بوو کە: کۆماری ئیسلامی بەڵێ، کەڵکی خراپ لە ئیسلام وەرگرتن نا. (٣)

#### داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا و موجاهیدینی خەڵق

لە ١٣ی گەلاڕیزانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، ژمارەیەک لە خوێندکارانی ئیسلامی بناژۆخواز کە خۆیان بە «خوێندکارانی موسڵمانی هێڵی ئیمام» ناساند _هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا_ بە لەژێرپێنانی یاسای نێودەوڵەتی، باڵوێزخانەی ئەمریکایان داگیر کرد.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، پشتیوانییەکی گەرم و بێ ئەم لاو و ئەولای لەو ئاکارە دزێوە کرد. ژمارە ١٠ ی موجاهیدی بۆ ئەو بۆنەیە تەرخان کرد کە لە مانشێتی لاپەڕە یەکەمیدا، نووسیبووی: «شور ضد امپریالیستی خلق قهرمان ایران خروشان باد.» پاشان دەچێتە سەر ڕووداوەکە و دەنووسێ: پێشنیوەڕۆی ١٣ی خەزەڵوەر لە ساڵوەگەڕی لەخوێنوەردانی قوتابییان، شاهیدی گیرانی یەکێک لە هێلانە جاسوسییەکانی ئەمریکا لە ئێران بووین. بەم شێوە سەدان کەس لە خوێندکارانی هێڵی ئیمام، دوای ڕێپێوانێکی کورت بە دروشمەکانیان کە لایەنگریی لە ئیمام خومەینی و بە دژی ئیمپریالیسمی ئەمریکا بوو، ئەو ناوەندە سیخوڕییەیان گرت.

ڕێپێوانی خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکان، نیشانەی «تووڕەیی (خشم) موقەدەس»، بەدژی ئەمریکایە کە لە ئاورتێبەردانی ئاڵای ئەو وڵاتەدا، خۆ دەنوێنێ.(٤)

**سەرچاوەکان:**

١ـ یوتیوب، خط قرمز گفتگو با ابولحسن بنی‌صدر، مهدی فلاحتی.
٢ـ مجاهد شمارە ٤
٣ـ مجاهد شمارە ٨.
٤ـ مجاهد شمارە ١٠.

# تێڕوانینی دەسەڵات و نوخبەی ناوەندگەرا بۆ پرسی نەتەوەکان و یەکپارچەیی خاکی ئێران



سمایل شەرەفی

فرەنەتەوەبوونی وڵاتی ئێران یەکێک لەو پرسە گرینگ و بەردەوامانەیە کە هەرکات لە شەرایەتی جۆراوجۆردا قسە لە داهاتووی ئەم وڵاتە و جۆری نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی تێدا دەکرێ، زیاتری قسە لە سەر دەکرێ. نێوەرۆکی باسەکانیش وەک هەمیشە پڕن لە نیگەرانی، بێمتمانەیی، دڕدونگی، حاشالێکردن، سڕینەوە، هەڕەشە و دەرفەت و... ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرینگە و وا دەکا ئەم پرسە زیاترین قسە و باسی لە سەر بکرێ، ئەو شەرایەت و بارودۆخە نێوخۆیی و دەرەکییانەیە کە ئێران بە گشتی و یەکێک لە پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت دەگرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر قسە لە پاشکەوتوویی ئابووریی



سیستان و بەلووچستان، میلیتاریزەکردنی شار و ناوچەکانی کوردستان و بێڕێزی بە نەتەوەی تورک دەکرێ، یان هەر ئەوەیکە ئەم ڕۆژانە ئێران لە بارودۆخێکی تایبەتیی ئابووری و سیاسیی قەیراناوی دایە و ناڕەزایەتییە گشتییەکان دژ بە نیزامی سیاسی لەم وڵاتە پەرەی سەندوە و قسە لە مان و نەمانی ڕێژیم دەکرێ، قسەکردن لە داهاتووی ئەم وڵاتە لە سۆنگەی فرەنەتەوەبوونیەوە گرینگیی تایبەت بە خۆی پەیدا دەکا.

هەر وەک چۆن ڕوانین و خوێندنەوەکان بۆ پێکهاتەی نەتەوەی و مەزهەبیی ئێران یەکدەست نین، بێگومان ڕێچارەکانیش نە تەنیا وەک یەک نین بەڵکوو بەداخەوە هێندێ جار زۆریش لێک دوورن. لەم پێوەندییەدا دوو ڕەوتی دیار و پێداگریی لێکجیاواز نوێنەرایەتیی ئەم خوێندنەوانە دەکەن؛ یەکیان لایەنی دەسەڵاتە بە سیستەمی سیاسی و نوخبەی ناوەندگەراوە، دووهەمیان هێز و لایەنەکانی تایبەت بە نەتەوەکانن کە نوێنەرایەتیی گوتاری نەتەوەیی خۆیان و فرەنەتەوەبوونی ئێران دەکەن و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکیان دەوێ.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو ڕەوتە لانیکەم لە ماوەی نزیک بە سەدساڵی ڕابردوودا بە قۆناغگەلی دژوار و پڕ تێچوودا تێپەڕیوە کە بەداخەوە بە هۆی سەرسەختیی ڕەوتی یەکەمەوە کە هەمان نیزامی سیاسی لە تاران بێ، کەلێنێک بە پان و بەرینیی بێمتمانەیی، بێباوەڕبوون، حاشالێکردن و سڕینەوە درووست بووە.

ڕەوتی خاوەن دەسەڵات (نیزامی سیاسی و نوخبەی ناوەندگەرا) لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک دەرکیان بە جۆراوجۆری لە پێکهاتەی ئێراندا کردوە، بەڵام مادام هەوڵیان نەداوە ئەم جۆراوجۆرییانە بە قوڵی هەست پێ بکەن و دانی پێدا بنێن، لە دوو بواردا تووشی هەڵەی ئیستراتژیک بوون و تا ئێستایش هەروا لە هەڵەدان؛ یەکەمیان خوێندنەوەیان بۆ ماهییەتی ئەم جۆراوجۆریانە کە خۆیان بە «تەنەوعاتی قەومی» ناوی دەبەن و تا ئێستا هەوڵیان داوە زۆر رووکەشانە مودیرییەتی بکەن. دووهەمیان ئەو ڕێگاچارانەیە کە پێیان وایە دەتوانن بە بەکارهێنانیان، «پرۆژەی یەکسانسازیی ئەقوام» بە ئاکام بگەیەنن

> پاراستنی یەکپارچەیی ئێران لە داهاتوودا پێش هەموو شتێک پێویستیی بە گۆڕینی گوتار و ئەقڵییەتی دەسەڵاتی نیزامی سیاسی لە تاران و نوخبەی ناوەندگەرای ئێرانی هەیە. بێگومان ئەم گۆڕانە ئەگەر لە لایەک پێویستی بە زەمان هەیە، لە لایەکی دیکەیش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە خودی نەتەوەکانی ئەم وڵاتەوە هەیە کە تا ئێستایش لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و پێداگری و بەردەوامیی ئەوان لە سەر وەدیهێنانی مافەکانیان و هەوڵدانی بۆ گۆڕینی تێڕوانینی دەسەڵات و نەتەوەی باڵادەست لە گرەوی یەکیەتی و یەکگرتوویی ئەم نەتەوانەیە.

و بەم جۆرە «تەواویەتی ئەرزیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران» لە مەترسیی «فرووپاشی» و هەڵوەشانەوە رزگار بکەن!

لە سەر بنەمای ئەم تێڕوانین و خوێندنەوانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و نوخبەی ناوەندگەرا، نەتەنیا ئەم جۆراوجۆریانە لە پێکهاتەی وڵاتدا بە دەرفەتێک بۆ پێکەوەژیانێکی سەقامگیر نازانێ، بەڵکوو لە دەلاقەی «هەڕشە»وە بە مەترسییەکی گەورەی دەزانێ کە، دەبێ کار لەسەر سڕینەوەیان و «یەکسانسازی»ی ئەم جۆراوجۆریانە بکا. زاڵبوونی ئەم تێڕوانین و تێفکرینانە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران چەند هەنگاوێک زیاتر لە دژکردەوە نیشاندان بە شێوەی ڕەقئامێری نزیک دەکاتەوە. مادام ئەم جۆراوجۆرییانە بە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر چوارچێوە گەورەترەکە دەبینرێ، هەوڵ دەدرێ بە چاوی گومانەوە سەیری تەواوی ئەو هۆکار و عاملانە بکرێ کە هەوڵی پاراستن و داکۆکیکردنی لەم جۆراوجۆریانە دەدەن. بە تایبەت کە ئەم هۆکار و عاملانە لە شێوەی ڕەوت یان بزووتنەوەیەکی شوناسخوازانەدا لە سەر بنەمای «بەڕەسمییەت ناسین»ی ئەم جۆراوجۆریانە (جیاوازیی نەتەوەیی و مافەکانی)، دەر بکەون و خۆیان ڕابگەیەنن.

ڕوانینی ئەمنیەتیی بۆ چارەسەرکردنی پرسی فرەنەتەوەبوونی ئێران بەرهەمی ئەم تێڕوانین و ئەقڵییەتەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و نوخبەی ناوەندگەرا تا ئێستایشی لە گەڵ بێ، نەیانتوانیوە ئێعتراف بە واقعییەتی جۆری پێکهاتەی ئێران بکا. ئەوان نەتەنیا خەریکە خۆیان لەم واقعییەتە دەدزنەوە، بەڵکوو زۆر ئاشکرا بە بێ ئەوەی دەرکی پێ بکەن خەریکن ئەوەی تا ئێستا بە تەوەهووم، بە هەڕەشەیان بۆ سەر «یەکپارچەیی خاکی ئێران» دەزانی، دەیکەنە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی بەکردەوە. ئەوان کە تا ئێستا بە پشتبەستن بە ژوورە ئەمنیەتییەکان و ڕێکارە سەخت و نەرمەکانیانەوە، نەتەنیا نەیانتوانیوە «پرۆژەی یەکسانسازیی ئەقوام» بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵکوو بە کارە هەڵە و دوژمنکارانەکانیان، «جۆراوجۆرییەکان»یان لە پێکهاتەی ئێران گۆڕیوە بە «جیاوازی»یە قوڵ و کەڵێن تێکەوتووەکانی ئەم پێکهاتەیە.

ئەم جۆرە لە تێڕوانین و ڕێگاچارەی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران، لە بەرانبەردار دژکردەوەیەکی سەختی بەسەر لایەنی بەرانبەردا سەپاندووە کە ناچاربووە بۆ پاراستنی مان و مەوجوودیەتی خۆی، بەرەنگارییەکی ڕەوا بکا. بەڵام دیسانیش مادام لایەنی دەسەڵات لە دەلاقەی «هەڕەشە»وە لە تەواوەتیی پرسەکەی

> مانەوەی ئێرانی فرەنەتەوە ئەو کاتە دەتوانێ گەرەنتی بکرێ کە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و نوخبەی ناوەندگەرای ئێرانی ڕاشکاوانە و ئازایانە ئێعتراف بە جۆراوجۆریی نەتەوەیی و مەزهەبیی ئەم وڵاتە بکا و دۆسیەکانی چارەسەریی کێشەی نەتەوەکان لەم وڵاتە لە ژوورە ئەمنیەتییەکانەوە بگوازرێنەوە بۆ ژوورە یاسایی و دامەزراوە دەوڵەتییەکان

ڕوانیوە و دەڕوانن، ئەو مافە بۆخۆی بە ڕەوا دەبینی کە بۆ لابردنی ئەم کۆسپ و هەڕەشەیە هەموو ڕێکارێک بگرێتەبەر. ئەم خولانەوەیە تا ئێستا بەم تایبەتمەندییەوە بەردەوامە؛ نە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران وازی لە تێڕوانینە هەڵەکانی خۆی هێناوە و نە نەتەوەکانی ئەم وڵاتەیش لە خەباتی شوناسخوازانەی خۆیان پاشەکشەیان کردوە. بۆیە ئەم پرسە تا ئێستا لیپاولیپ لە بێ‌میمانەیی بە یەکترە.

مانەوەی ئێرانی فرەنەتەوە ئەو کاتە دەتوانێ گەرەنتی بکرێ کە؛ ڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و نوخبەی ناوەندگەرای ئێرانی ڕاشکاوانە و ئازایانە ئێعتراف بە پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبیی ئەم وڵاتە بکا و دۆسییەکانی چارەسەریی کێشەی نەتەوەکان لەم وڵاتە لە ژوورە ئەمنیەتییەکانەوە بگوازرێنەوە بۆ ژوورە یاساییەکان و دامەزراوە دەوڵەتییەکان.

لە بارودۆخی ئێستادا کە نیزامی سیاسیی لە تاران چ لە ئاستی نێوخۆیی وڵات و چ لە ئاستی ناوچەیی ونێونەتەوەییدا تووشی کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری، سیاسی، ئەمنیەتی و.. بۆتەوە و قسە لەوە دەکرێ کە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک زیاتر پەرە بستێنی و لە کۆتاییدا ئاکامی دڵخوازی خەڵکی لێ بکەوێتەوە، دیسان پرسی فرەنەتەوەیی لەم وڵاتە لە لایەن کۆمەڵێک میدیای سەر بە دەسەڵات و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنیشەوە بەهەمان ئەقڵییەت و تێفکرینی کلاسیکەوە باسی لێ دەکرێ. ئاخێزگەی ئەم تێڕوانینانە هەروەک تا ئێستا باوە لە سەر حاشاکردن لە ڕاستییەکان و بە هەڕەشەوە سەیرکردنی مەسەلەکەیە. بەناوی «دیفاع لە چوارچێوەی ئەرزیی خاکی ئێران و پاراستنی یەکپارچەیی» کە جیا لە ئەقلییەتی خۆیان کەس ئیدیعای لە مەترسیخستنی نەکردوە، دیسان ڕووکەشانە سەیری پرسەکە دەکەن و دەیانهەوێ بە ناوی «هەمگەرایی ئەقوامەوە»، پشت بەو ڕێکارانە ببەستن کە جیا لە پشتگوێخستن، هەڵاواردن و لە کۆتاییدا سڕینەوە هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتووەتەوە.

هەر وەک باس کرا پاراستنی یەکپارچەیی ئێران لە داهاتوودا پێش هەموو شتێک پێویستیی بە گۆڕینی ئەم ئەقڵییەتە هەیە کە دەبێ هەم نیزامی سیاسی لە تاران وەک دەسەڵات پەیڕەوی بکا و هەمیش نوخبەی ناوەندگەرای ئێرانی واز لەم گوتارە بێنی. بێگومان ئەم گۆڕانە ئەگەر لە لایەک پێویستی بە زەمان هەیە، لە لایەکی دیکەیش پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە خودی نەتەوەکانی ئەم وڵاتەوە هەیە کە تا ئێستایش لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشن. پێداگری و بەردەوامیی ئەوان لە سەر وەدیهێنانی مافەکانیان و هەوڵدانی بۆ گۆڕینی تێڕوانینی دەسەڵات و نەتەوەی باڵادەست لە گرەوی یەکێتی و یەکگرتوویی ئەم نەتەوانەیە. لە ئێرانی داهاتوودا ئەوە تەنیا یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران و پێداگریی هاوبەشیان لە سەر ماف و ئازادییەکانیانە کە دەتوانێ خێڕایی بە گۆڕینی ئەقڵییەتی تەواویەتخوازی نوخبەی ناوەندگرا و ملڕاکێشانی دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران بۆ مافەنەتەوایەتییەکانیان ببەخشێ.

# هەوڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم
## ئاخۆ یەکیەتیی ئورووپا درێژە بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی دەدا؟



دان ستاینبۆک_ فارین پالیسی جورناڵ
و: کەماڵ حەسەنپوور

سێ ساڵە ڕێککەوتننامەی ناسراو بە بەرجام بۆتە هۆی سووککردنی ئابلۆقەی فرەلایەنە بۆ سەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن لە ئێران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەڵام ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦ دەستی پێکرد و ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە بە کۆی دەنگ ماوەی ئابلۆقەکانی سەر ئێرانیان بۆ ساڵی دەهەم درێژ کردەوە. نەتەنیا زۆربەی کۆماریخوازەکان، بەڵکوو دێموکراتەکانیش کە لە سەردەمی ئۆبامادا پشتیوانییان لە بەرجام کرد بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵوێستی خۆیان گۆڕی.
ئەمە بووە هۆی ورەبەخشین بە ترامپ بۆ سیاسەتێکی بەهێزتر، و ڕێگە پێنەدراو، دژی ئێران.

### هەوڵی ناسەقامگیر کردنی ئێران بۆ بردنەوەی خۆرهەڵاتی ناڤین

لە ناوچەکە، هەڵوێستی ترامپ پشتیوانیی ئابووری و ژێئۆپۆلیتیک لە عەرەبستانی سعوودییە، هەروەک مامەڵەی ١١٠ میلیارد دۆلاریی چەکوچۆڵ لەگەڵ ڕیاز لە ساڵی ڕابردوودا نیشانی دەدا، و بەهێزکردنی پەیوەندیی ئەمنیەتی لەگەڵ ئیسرائیل، وەک بە فەرمی ناسینی ئورشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل؛ هەڵەیەکی سیاسیی بەرچاو کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەحکوم کرا و بووە هۆی بەراوەژوو کردنەوەی سیاسەتی حەفتاساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکان.
پەرەگرتنی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سعوودی و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی پەرەئەستێن بۆ باڵادەستیی ناوچەییە. ئۆکتۆبری ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بڕیاری خستنی ئابلۆقەی زیاتر بۆ سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەرنامەی موشەکی و سوپای پاسدارانی دەرکرد، هاوکات هەڕەشەی چوونەدەر لە ڕێککەوتننامەی بەرجامی کرد. بە لاواز کردنی «میانڕەوە»کانی ئێران، کۆشکی سپی هیوادار بوو کە «هەڵۆکان» هەنگاوی ستراتێژیک بنێن تا وەک بیانوو بۆ گۆڕینی ڕێژیم کەڵکی لێ وەرگرێ.
پلانەکە کە لەلایەن نوێکۆنەپارێزەکانی کۆماریخواز و دێموکراتە لیبراڵەکانی خوازیاریی دەستێوەردان پشتیوانیی لێدەکرێ و پشت بە ئێرانییە ناڕازییەکانی تاراوگە و لایەنگرانی شا لە ڕۆژئاوا دەبەستێ، لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل هەوڵ دەدەن لە ڕێگای سەربازیی و ئۆپەراسیۆنی شاراوە لە شەڕە بە وەکالەتەکانی کە لە ناوچەکەدا لە ئارا دان، ئێران لاواز بکەن.
لەگەڵ زەختی ئابووری، ترامپ دەستی بە ئۆپەراسیۆنی شاراوە کرد لە ڕێگای دیاریکردنی مایکل دیئاندرییا، کە بە قووڵی لە بەرنامەی پرسیارلێکردنی [گیراوان] لە ئامریکا دوای هێرەشەکانی یازدەی سێپتامبر، و بەرپرسی مێزی ئێران لە ناو سی ئای ئەی، لە کاتێکدا کە مایک پۆمپێئۆ کە توندئاژۆیەکی کۆنەپارێزە، بووە جێگرەوەی ڕێکس تیللەرسۆن وەک وەزیری کاروباری دەرەوە. دیئاندرییا و پۆمپێئۆ هەردوو لایەنگری گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانن.
ترامپ بە هەمان شێوە جان بۆڵتۆنی نوێکۆنەپارێزی وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و جینا هاسپێلی وەک سەرۆکی نوێی سی ئای ئەی دیاریکرد. لە کاتێکدا کە بۆلتۆن یارمەتیی بە ئیدیعای «چەکی کۆمەڵکوژ» کرد کە بووە هۆی شەڕی عێراق، هاسپێل وەک ڕەئیسی وێستگەیەکی سی ئای ئەی کە زیندانییەکان لێی ئەشکەنجە کراون و لە نێوبردنی نزیکەی ١٠٠ فیلمی ڤیدیۆی لێپرسینەوە لە زیندانیان دەستی هەبووە.
لە ٢٠٠٣ بۆڵتۆن پشتی بە زانیاریی ساختە لە لایەن عێراقیانی بەرهەڵستکاری نیشتەجێ لە ئامریکا بەست، و ئێستا پشتی بە زانیاریی هەڵەی تاراوگەنشینانی ئێرانی دەبەستێ. لە نۆڤامبری ٢٠١٧، بۆڵتۆن داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد تا پلانێکی «سیناریۆی شای ئێران»ی هەبێ. چوارمانگ پێشووتر، ئەو لایەنگریی لە کشانەوەی ترامپ لە بەرجام کردبوو و داوای گۆڕینی ڕێژیمی ئێران پێش فێورییەی ٢٠١٩، چل ساڵ دوای شۆڕشی ئێرانی کردبوو. دوای ئەوەی کە بۆڵتۆن جێگای ئێچ ئار مەکماستێری وەک ڕاوێژکاری نەتەوەیی ترامپی لە مانگی ئاپریل گرتەوە، ئێستا پلەوپایەی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی نەخشەی گۆڕینی ڕێژیم هەیە.

### گۆڕینی ڕێژیم، تێرۆر، بەکرێگیراو و پارەی جێگای گومان

بۆڵتۆن پشتگیری لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەکا، گروپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە زانیارییان (و پارەی قسەکردن لە کۆڕوکۆبوونەکانیان) لێ وەردەگرێ.
ڕێکخراوی موجاهیدین لایەنگری ڕووخاندنی دەوڵەتی هەڵبژێراوی ئێران لە ڕێگای توندوتیژییەوەیە. تا سەرەتای ٢٠١٠، بریتانیا، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێکخراوی موجاهیدینیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی دەناسی، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوە هیلاری کلینتۆن گروپەکەی لەو لیستەیە هێنا دەر، بە گوێرەی زانیارییەکان بۆ ئەوەی کە کەڵک لە موجاهیدینی خەلق بۆ ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیرێ. لە هەمان کاتدا، کلینتۆن ئابلۆقەی لە سەر میلیۆنان دۆلاری موجاهیدینی خەلق هەڵگرت تا بتوانن زۆرتر لە کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاری لۆبی بکەن.
لەگەڵ لایەنگرانی شای پێشوو لە ویلایەتە یەکگرتووکان و شوێنی دیکە، پلاندانەرانی گۆڕینی ڕێژیم پشت بە ئەم کەسە جێی گومانانە، و ڕێکخراوە شێوە یاساییانە دەبەستن، هەر وەک بەرامبەر بە ئەحمەد چەڵەبی ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق لە ٢٠٠٣ کردیان. ئەوە کاتێک بوو کە ئابلۆقەکان بوونە هۆی شەڕی عێراق، کە ئێستا هەمان دەوریان لە بارەی ئێراندا هەیە.

ئامریکایی کە هەڵگیرابوون و ئەگەری ئابلۆقەی چەند لایەنانەی نێونەتەوەیی.
چونکە ڕووسیە و چین درێژە بە پشتیوانیی لە ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران دەدەن، پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئاخۆ هێزە سەرەکییەکانی ئورووپا، ئەڵمان، فەڕانسە، بریتانیا و خودی یەکیەتی ئورووپا، داکۆکی لێ دەکەن.

### هەوڵەکان بۆ بنکۆڵکردنی پەیوەندییەکانی یەکیەتی ئورووپا_ئێران

پێش بڕیاری ترامپ، ڕێبەرانی ئورووپا پێداگرییان لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی بەرجام دەکرد. سەرۆک کۆماری فەڕانسە ئێمانوێل ماکرۆن هۆشداریی دا کە «بڕیارنامەی پێشگرتن بە پەرەئەستاندنی چەکی ئەتۆمی لە مەترسی دایە». وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمان هەیکۆ ماس دەلیلی هێنایەوە کە بەرجام «دونیا ئەمینتر دەکا». وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا بوریس جانسۆن گوتی کە «بریتانیا وەفادارێکی بەهێزی بەرجام دەمێنێتەوە.» هەروەها دیپلۆماتی پایەبەرزی یەکیەتیی ئورووپا فێدریکا مۆگێرینی بەڵێنی دا کە یەکیەتیی ئورووپا وەفای بۆ ڕێککەتننامەکە دەمێنێ.
بەڵام لەم دواییانەدا ماکرۆن گوتی «ئێمە بەیەکەوە کار دەکەین بۆ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر، کە چالاکیی ئەتۆمی، ماوەی دوای ٢٠٢٥، چالاکیی موشەکیی، و سەقامگیریی لە خۆرهەڵاتی ناڤین، بە تایبەتی سورییە، یەمەن و عێراق بگرێتەوە.» ئەم لێدوانانە نیشاندەری ئەوەن کە هەندێک لە ڕێبەرانی یەکیەتیی ئورووپا لەوانەیە بەدوای دووبارە پێناسە کردنەوەی هەڵوێستی یەکیەتیی ئورووپا لە ڕێگای جێهێشتنی ڕێککەتننامەی بەرجام بە شێوەی ئێستا بن، بەڵام ڕێککەتننامەکە بە یەکی نوێ و مەرجی بەرینتر پێوەست بکەنەوە کە دەبێتە بنکۆڵکردنی ڕێککەتنەکە.
بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وێدەچێ کۆمپانیاکانی ئورووپایی بکاتە ئامانج کە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی مامەڵەیان لەگەڵ ئێران کردووە. لەوانەیە ئابلۆقە بخاتە سەر کۆمپانیای وڵاتی لایەنی بەرجام، کە چین، فەڕانسە، ڕووسیە، بریتانیا، ئەڵمان و یەکیەتیی ئورووپان، بۆیە مەترسی دەستڕاگەیشتنیان بە بازاڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەچێتە سەر. وەک وەزیری دارایی ستیڤن مانچین لەم دواییانەدا گوتی، ڕێککەتننامە بازرگانییەکانی ئورووپا_ ئێران «کاتێک کە ڕێپێدانەکانی ئێستا وەرگیرێنەوە» لە ئیعتیبار دەکەون.
جگە لە ڕینۆ، پیژۆ سیترۆئەن و سانۆفی، کۆمپانیای فەڕانسەیی بەشێکی بەرچاویان لە ڕێککەوتنەکە هەیە بەهۆی گرێبەستی ئەیرباس بۆ فرۆشتنی ١٠٠ فڕۆکە بایی ٢١ میلیارد دۆلار و توتال گەورە کۆمپانیای نەفت کە گرێبەستێکی ٢ میلیارد دۆلاری بۆ گەشەپێدانی کێڵگەی پارس لە باشوور واژۆ کردووە. نزیکەی ١٢٠ کۆمپانیای ئەڵمانی، لەناویاندا فۆلکسڤاگێن و زیمێنس، لە ئێران خەریکی چالاکین و ١٠٠٠٠ دانەی دیکە لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەن. ڕۆیال داچ شێل بە شێوەی نەرێنی کاریگەریی لەسەر دەبێ. زەختی ئابووری دەتوانێ زەرەری بەرچاو بە کەرتی نەفتی ئێران بگەیەنێ کە مەزنترین کڕیارەکانی چین، کۆرەی باشوور، تورکیە، ژاپۆن، ئیتالیا و هیندوستانن.
پەیامی کۆشکی سپی بەرز و ئاشکرایە: «ئەگەر دەتانهەوێ لە ئامریکادا بمێننەوە، لە ئێران بچنە دەر»، ئەمە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیمە بەڵام بێ ڕەوایی نێونەتەوەیی، بەتایبەتی چونکە ئێران مەرجەکانی بەرجامی بە تەواوەتی بەڕێوە بردووە.
ئێستا ئیعتیباری بەهێزەکانی ئورووپا کەوتۆتە ژێر تاقیکاری.




### لە ئابلۆقەی کۆنەوە بۆ هی نوێ

حەوتووی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە تاکلایەنانە، کاتێک کە وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی خستە سەر چەند کۆمپانیا و تاکی ئێرانی کە دەگوترێ دەستیان لە پارە گۆڕینەوەی نایاسایی لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیدا هەبووە، هەنگاوی بەرەو دابڕاندنی ئێران لە ئابووریی جیهان هەڵێنا. لە بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ دا ترامپ ڕێککەتننامەی ئەتۆمیی وەک «کارەسات» وەسف کردبوو. ڕەوانبێژیی هێرشبەرانە یەکێک لە توخمەکانی مامەڵەکردنی ناوبراوە. ئەمە دووبارە پێناسەکردنەوەی مەرجەکانی بەدواوە. ئەم هەوڵە تاکلایەنانە لە پێشدا پشت بە زەختی ئابووری دەبەستن، پاشان هەڕەشەی سیاسی و کاتێک پێویست بێ، هێزی سەربازیی.
دوای بەرجام، ئابلۆقەی سەرەتایی لەسەر کەرتی وزە، دارایی، کەشتیوانیی و ڕاگواستن، دوای ئەوەی کە ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیی لە ژانویەی ٢٠١٦ پشتڕاستی کردەوە کە ئێران ڕێککەتننامەکەی بەڕێوە بردووە، هەڵگیران. لە هەمان کاتدا، ئابلۆقەی دیکە لەسەر کۆمپانیایان لەگەڵ ئابلۆقە لەسەر کۆمپانیای ئامریکایی، لە ناویاندا بانکەکان، لە جێی خۆی مانەوە.
کۆشکی سپی هەوڵ دەدا ئەم ئابلۆقانە بەهێزتر بکا، لە کاتێکدا کە هەوڵ دەدا ئابلۆقە سەرەتاییەکان زیندوو بکاتەوە. لە ئۆکتۆبری ڕابردوو، ترامپ داوای کرد کە بەرجام پرۆژەی گەشەپێدانی موشەکی بالیستیکی و چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران سنووردار بکا. لە ئاکامدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ئابلۆقەی خستۆتە سەر لایەکی دیکەی پەیوەندیدار بە بەرنامەی موشەکیی ئێران، چالاکییەکان لە خەلیجی فارس و چالاکیی دیکە لە ناوچە.
سەرنجەکان گەڕاونەوە سەر ئەو ئابلۆقانەی کە لە لایەن کۆنگرە پەسەند کراون یا لە ژێر لێکۆڵینەوە دان، وەک یاسای بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی ئامریکا لە ڕێگای ئابلۆقەوە لە ساڵی ٢٠١٧، هەروەها پێشنیاری یاسای پەیوەندیدار بە موشەکە بالیستیکییەکانی ئێران، داراییەکانی ڕێبەرانی ئێران، چاودێریی وردتر بەسەر دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دارایی، دووبارە سەپاندنەوەی ئابلۆقەی



# لە حوجرەوە

## ماموستا مەلا محەممەد عوسمانی

عادڵ مەحموودی

مەلا محەممەد عوسمانی، پێشمەرگە و کەسایەتیی سیاسی و نیشتمانپەروەری ناوچەی پیرانشار بوو کە زۆربەی تەمەنە بەنرخەکەی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەسەر برد.
مامۆستا مەلا محەممەد ساڵی ١٣١٥ لە ئاوایی نەمنجێی پیرانان لە بناری قەندیل لە دایک بوو. لە تەمەنی تازەلاویدا دەنێردرێتە حوجرە و لە لای ماموستا مەلا ڕەحمان لاهیجانی لە ئاوایی دربکەی نیزیک پیرانشار دەست بە خوێندنی ئایینی دەکا و دواتر لە حوجرەکانی ناوچەکانی لاجان و شنۆ درێژەی بە خوێندن و فێربوونی زانستی ئایینی داوە.
ساڵی ١٣٤٢ کە بە ساڵی ئینقلابی سپیی شا بەناوبانگە، لە بەر ئەوەی گیروگرفتی زۆر لە نێوان مالیک و وەرزێرەکاندا پەیدا ببوو بە ناچار بۆ درێژەپێدانی خوێندن چووەتە ناوچەی مەریوان و لە حوجرەی دێی بالیک لە خزمەت مەلا باقری مەریوانیدا درێژەی بە خوێندن داوە و هەر لە خزمەت ئەو مامۆستایەدا ئیزنی مەلایەتیی وەگرتوە.



مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی لە ساڵی ١٣٣٧دا بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی نیشتمانی پێوەندیی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەگرێ و وەک ئەندامێکی حیزب درێژە بە تێکۆشانی خۆی دەدا.
وەک باس کرا دوای شۆڕشی سپیی حەمەڕەزاشا لەبەر ئەوەی ناوچەکانی پیرانشار و نەغەدە و شنۆ ناوچەیەکی کشتوکاڵین و زەویی کشتوکاڵی و بەپیتی زۆرە، زوڵم و بێعەداڵەتی ئاغاوەت لەڕادەبەدەر بوو. ئەو ناکۆکییە گەیشتبووە جێگایەک، کەم وا هەبوو ماڵە وەرزێرێک بتوانێ دوو ساڵ لە دێیەک وەمێنێ و لە لایەن ئاغاوە دەرنەکرێ. ئەو ناکۆکییە کێشابوویە نێو حوجرەی فەقێیانیش. لە نێو فەقێیانیشدا هێندێکی وا هەبوون لایەنگرییان لە ئاغا دەکرد. لەو نێوەدا نەخشی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب چ لە نێو حوجرەدا و چ لە دەرەوە زۆر گرینگ و کاریگەر بوو. ئەندامانی حیزب چالاکانە لە ڕوونکردنەوەی زەحمەتکێشاندا تەئسیریان هەبوو و نەیاندەهێشت ئەم ناکۆکییە بە بارێکی خراپدا وەرگەڕێ و بۆ نموونە قەتڵ و کوشتار ڕووبدا و لە عەینی حاڵدا جووتیار بە شێوەیەکی هێمنانە پێویستە دیفاع لە هەقی خۆی بکا. مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی لەو پێوەندییەدا وەک کادرێکی حیزب نەخشی بەرچاوی بووە.
لەو بارودۆخەدا مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی بەردەوام هاتوچۆی ناوەندی حیزب لە کوردستانی عێراق دەکا و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەید ڕەسووڵ دێهقان، کاک سلێمانی موعینی و سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) دادەمەزرێنێ، ڕێنوێنی و بڵاوکراوەی حیزبی وەردەگرێ و لە نێوخۆ بە نێو کادرەکانی تەشکیلاتدا بڵاو دەکاتەوە.
مامۆستا جیا لە وەزیفە و ئەرکە حیزبیەکەی پێش ئەندامەتی لە حیزبیش لە تەنیشت وەزیفە ئاینییەکەی هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کردوە، وەک ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردنی خەڵک بە حیزب و ماڵەکەی شوێنی مانەوەی کادرەکانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب بوون.
لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بە دژی حکومەتی پەهلەوی، مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی لە دەوروبەری خۆی خەڵک بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانەکان هان دەدا و وەک مامۆستایەکی ئایینیی ڕووناکبیر لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بزاوتەکەدا جێ دەگرێ و ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی حیزب بە نێو خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە.
تێکۆشان لە ڕیزی ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا و هەڵگرتنی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانە و نەتەوەیی و خەباتکارانە، کەسایەتیی ئایینی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا مەلا محەممەدیان ئەوەندەی دیکە لای کۆمەڵانی خەڵک خۆشەویست کردبوو. ناوچەی سەرشاخان، لە سۆنگەی بنەماڵەکانی بابی گەورە و سەیدئامین کە کەسایەتیی تێکۆشەری وەک سەید ڕەسووڵ و مەلامحەممەدیان لێ هەڵکەوتبوو، لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی شایەتیدا، ببووە مەڵبەندی حەوانەوە و حەشاردرانی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات. لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاویدا، مەلا محەممەد عوسمانی جگە لەوەی خۆی و بنەماڵەکەی پشتیوان و مەئوای کادرەکانی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ڕاکردوو لە ساواک و ژاندارمی ڕێژیمی شایەتی بوون، وەکوو ئەندامێکی زانا و بە وەجی حیزبیش بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو دەکردەوە.
مامۆستا مەلا محەممەد کە لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە گوندی کێلێی سەرشاخان مەلای ئەم ئاواییە بوو، لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات هەم وەک مامۆستای ئاوەدانی و هەم وەک پێشمەرگە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا.
مامۆستا لەو قۆناغەدا لە ناوچەی پیرانشار بەشی تەداروکاتی نیزامیدا بەرپرسایەتیی دەدرێتێ و لەگەڵ دروستبوونی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە لە ساڵەکانی ١٣٦١ و ١٣٦٢دا دەبێتە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی لەو کۆمیتەیەدا و بەرپرسایەتیی بەشی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ و لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی ناوەندەوە سەرپەرستیی بەشی قەزایی شارەکانی شنۆ و نەغەدە و پیرانشار دەکا. ساڵانی دواتریش مامۆستا مەلا محەممەد لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و بەشی قەزایی، سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیی گرتە ئەستۆ و هەتا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی کە توانای جێبەجێکردنی کار و مەئمووریەتی حیزبیی هەبوو، لە کارو تێکۆشانی حیزبیدا، چالاکانە بەشدار بوو.
لە ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی مەرگی مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانیدا هاتووە: مامۆستا مەلا محەممەد نەک هەر ناتەباییەکی لە نیوان بیروباوەڕ و ئەرکی ئایینی و نەتەوەییدا نەدەدی، بەڵکوو بە تەواوکەری یەکتری دەزانین. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە موسوڵمانی ڕاستەقینە، نابێ بەرامبەر ستەم و زۆرداری بێدەنگ و بێهەڵوێست بێ. بە تایبەتی ستەمی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی، با لە ژێر ناوی ئایین و لە لایەن ڕێژیمێکی بە ناو ئیسلامییەوەش بێ، نابێ قبووڵ بکرێ. لە ڕوانگەی مامۆستا مەلامحەممەدوە، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری و ڕزگاربوون لە دیکتاتۆری و بندەستی، بە ڕادەی جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان پیرۆز بوو. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو کە نەک هەر ڕێگری لە بەشداریی کوڕو بووک و کچەکانیو ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی لە خەبات و تێکۆشاندا نەدەکرد، بەڵکوو هانی دەدان بەردەوام بن و شانازیی پێوە دەکردن. مەلا محەممەدی عوسمانی هەر وا کە لە شوێنی کار و لە نێو کۆمەڵدا، مرۆڤێکی دێموکرات و پێشکەوتنخوازو بە کردەوە مامۆستا و کەسایەتییەکی شیاوی لێ فێربوون بوو، لە نێو بنەماڵەشدا پیاوێکی کراوە و بە کردەوە دێموکرات بوو.
مامۆستا مەلا محەممەد عوسمانی دوای تەمەنێکی پڕ خزمەت و شانازی و سەروەری، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
ڕووحی شاد.

هەکبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# داستانی خۆڕاگریی حەڵبێ و کۆیکان

گەلی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی نیشتمانی کوردستان دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشانی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی بەردەوامە و بۆ پاراستنی مەجوودییەتی خۆی خەبات دەکا. مێژووی خەباتی کورد تا بڵێی خوێناوی و پڕ قوربانیدان بووە، بەڵام ئەم کاروانە تا ئێستاش نەگەیوەتە سەر مەنزڵ و کوردستان ئێستاش لە سەنگەری خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی دایە. ئێستاش هەوڵی تواندنەوە و نەهێشتنی دەدرێ و حاشا لە شوناس و پێناسی نەتەوەیی دەکرێ. ئێستاش هەر جینایەت و کوشتارە لە شێوەی جۆراوجۆر لە دژی کورد دەکرێ و هەمدیسان، ئێستاش هەر داستانی حەماسەیە لاوانی ئەو نەتەوەیە لە سەنگەری خەباتدا دەینووسنەوە و هەر لاپەڕەی شانازییە دەیخولقێنن. کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەنگەری لەگیرانەوە نەهاتووی خەبات و مافخوازی دژی کۆماری ئیسلامی بووە و نە سەرکوت و نە کوشتار و نە هەوڵی تواندنەوە کۆڵیان بە ڕوحی خەباتگێریی کورد نەداوە.

بیرەوەرییەکان و فیداکاریی هێزی پێشمەرگە هێندە زۆرن کە نە لە ئەژمار دێن و نە لە گێڕانەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە ناخی ئەو ڕۆژە سەختانەدا شۆڕ بینەوە و بەربەرەکانی و هەڵمەتبردن و قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بنووسینەوە، زۆر خاڵی گرینگ بەرچاو دەکەون. ئەگەر بە وردی لاپەڕەکانی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی نەپساوەی ئاشکرا و نەهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەینەوە و، بە ڕابردووی پڕ لە شانازیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیدا بچینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە تێکۆشەرە ئەرکناس و نیازپاکەکانی ئەو نەتەوە خۆڕاگرە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدان، چۆن دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتوە و، تەنانەت لە گیانی خۆشیان مایەیان داناوە.

لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاویدا ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی بۆ داسەپاندنی هەیمەنەی خۆی لە کوردستان و بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە کورد و ئازەری بە یەکەوە لە شار و گوندەکان دەژیان، خەڵکی کوردی بە تەواوی لەژێر فشار نابوو، هەر بۆیەش هەر ڕۆژێ لە شوێنێک و جێگایەک بە مەبەستی چاوترساندنی ڕۆڵەکانی کورد خەڵکی بێدیفاعی قەتڵوعام و دەربەدەر دەکردن.

کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی سەرەتای دەسەڵاتی نگریسی خۆیدا، لە دەیان گوندی کوردستانی بە شێوەیەکی بێبەزییانە و درندانە حەولی سڕینەوە و پاکتاوکردنی کوردی دا و، دەیان جینایەتی سامناکی خولقاند کە ڕووداوی «حەڵبێ» و «کوێکان» یەک لەوانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩ بە هێزێکی بێئەژمار هێرشی کردە سەر گوندەکانی «حەڵبێ» و «کۆیکان» و «یونسلیان» لە ناوچەی سندوسی نێوان نەغەدە و شنۆ. ئامانج لەو هێرشە چاوترسێنکردنی خەڵک و کوشتوبڕیان بە تاوانی مافخوازی بوو.

هێزە کۆک و پۆشتەکەی کۆماری ئیسلامی بە تانک و تۆپ و چەکدارێکی زۆرەوە بەتەما بوون جنایەتێکی دی لە چەشنی ئەوانەی لە قاڕنێ، بایزاوێ، کەرێزەی شکاکان کردیان، دووپات بکەنەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەستیان بە خوێنی پاکی ڕۆڵەکانی کورد سوور بێ، پێشمەرگەی هەڵقولاوی نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە لە هێزی دوژمن ڕاسان و هەڵۆئاسا لە هێزی دوژمن ڕۆهاتن و تامی تاڵی شکستیان پێ چێشتن.

شوێنی شەڕەکە هەمووی پێدەشت و تەنیا چەند تەپۆڵکەیەک دەوری گوندەکەی گرتبوو؛ هێزی پێشمەرگەکان دوای ئاگاداربوون لە پیلان و مەبەستی ڕێژیم، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا خۆیان سازمان دا و ڕێگاکانی هاتوچۆی سەر جاددەی نەغەدە ـ شنۆیان کە بۆ لای ستوونی دوژمن دەچوون کۆنترۆڵ کرد و، تیمی هێرش بە فەرماندەیی محەممەد عەلی پیرێژن هەڵمەتەکەی دەست پێ کرد. لە ماوەی کەمتر لە سێ سەعاتدا ستوونەکە بە تەواوی تەفروتوونا کرا. لەو هێرشەی شێرەکوڕانی دێموکراتدا کێوی پیر ناسر، ملانەی مریشک قڕان، کۆتایی کێوی پادار کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی «دووڕبە» و «حەڵبێ» لە هێزی داگیرکەر پاکرانەوە. هێزی دوژمن بە جۆرێک کەوتە گەمارۆوە بڕستیان لێ بڕا. ئەوان کە بۆ قەڵاچۆکردنی ئەو گوندانە هاتبوون، هەر زۆر زوو تاڵەواری مەرگیان چێشت. دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و ئەوەش کە گیانی دەرباز کرد، ئێستاش لە ناوهێنانی ئەو شکستە ترس و خۆف دایان دەگرێ.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ستوونێکی گەورەی دیکە بە هاواری هێزی شکستخواردووی ڕێژیم هات. کە ئەویش لەسەر جادەی نەغەدە_شنۆ، واتە لەبەر دەرگای قاوەخانەی قەڵاتان کە کەوتە کەمینی پێشمەرگەکان. ئەم ستوونەش لە هێزەکانی پشتیوانی دوژمن لە ماوەیەکی کەمدا لێک هەڵتەکان. ئەوەی توانی بە وەخت خۆی دەرباز بکا بە زیندوویی دەرچوو و ئەوانی دیکەش بە دەردی ستوونی یەکەم چوون.

خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە مەزنە لە پاش ١٢ سەعات شەڕی قارەمانانە سێ شەهید بوو. سێ تێکۆشەری کورد بە ناوەکانی محەممەد کوردنژاد ناسراو بە محەممەدی عەلی پیرێژن کە فەرماندەری لک و خەڵکی گوندی زمێی شنۆ بوو؛ هەروەها حەسەن ڕەجەبی خەدەمەی بازووکا، خەڵکی گوندی شێخانی شنۆ، و خەلیل نەخشینی، پێشمەرگە و خەڵکی گوندی گەلازی شنۆ کە بە خوێنی خۆیان حەماسەیەکی مێژوویی و لەبیرنەکراویان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کرد.




# ڕۆژهەڵاتییەکان و دیپلۆماسیی شەقام لە دەرەوەی وڵات*



ئازاد مستۆفی

### کاریگەریی دیپلۆماسیی خەڵک لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتان

لایەنگرانی هەر کێبڕکێیەک دەتوانن سەبارەت بە یارییەکە گەشبین یان ڕەشبین بین. دەتوانن تووشی ئێحساسات و دەمارگرژیش بن و ئومێد و نائومێدیش بیانگرێ بەڵام یاریزانەکان، چ ئەوکاتەی خۆیان ئامادەی یارییەکە دەکەن و چ لە کاتی یاریکردندا هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی سەربکەون و بەو هۆیە گۆڕەپانەکە بەجێ ناهێڵن کە گوایە تیمی ڕکەبەر بەهێزە؛ یان بەو هۆیە یارییەکی لەسەرەخۆ ناکەن چونکە تیمی ڕکەبەریان لاوازە. یاریزانەکان، ڕۆڵی ڕاستەقینەیان بەپێی بەرپرسیارێتییان بەئەنجام دەگەیەنن، نەک بەپێی گەشبینی و ڕەشبینی و ئێحساسات و دەمارگرژییان.

بەپێی پێناسە باوەکانی دیپلۆماسی لە کتێبە کلاسیکەکانی زانستی سیاسەتدا، هەڵوێستی دەوڵەتەکان لە گۆڕەپانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا پێویستیی بە پشتگیریی دەسەڵاتە لە بەشەکانی ئابووری، جوغرافیا، تەکنۆلۆژی، سەربازیی و سیاسی. بەڵام لە پێناسەی نوێی دیپلۆماسیدا، ئەوەی دیپلۆماسی گشتی پێک دێنی، نەک ئەو هاردوێرانە بەڵکوو سۆفتوێریش گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەو خاڵانەی کە سۆفتوێری دیپلۆماسی گشتیی پێک دێنن بریتین لە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیا، کولتوور، سۆشیالمیدیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەم خاڵانە کاریگەرن بەسەر سیاسەتەکانی خودی ئەو دەوڵەتەدا و هەروەها کاریگەریشن بەسەر هەڵوێستی دەوڵەت یان دەوڵەتانی بەردەنگدا. لە دنیای ئەمڕۆدا هەرچەند دەوڵەت، سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکا و دامودەزگەی دیپلۆماسیشی بەدەستەوەیە بەڵام خاوەنی هەموو دەسەڵاتی دیپلۆماسی نیە و خەڵکیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

دوو بۆچوون دەربارەی چۆنیەتیی کاریگەریدانانی خەڵک بەسەر دارشتنی سیاسەتی دیپلۆماسی و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا هەیە. یەکەمیان باوەڕی بەهێزی گەل نیە و پێی وایە ناتوانێ لە یاریی ئاڵۆزی نێودەوڵەتیدا دەوری هەبێ و بەهۆی کاریگەریی میدیاوە، بیروباوەڕی خەڵک بەرهەمی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیە کە دەیانەوێ سەرنجیان ڕابکێشن. واتە لەم ڕوانینەدا خەڵک دەبێ تەنیا داکۆکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیان بکەن و بە باش و خراپ کاریان پێی نەدابێ بەڵام لەڕاستیدا لە هەزینەدانەکانی سیاسەتی هەڵەی دەوڵەت لە بەشی دەرەوەدا یەکەم زیانمەندیش هەر ئەو خەڵکەن کە بەپێی ڕوانینی کلاسیکی دیپلۆماسی وەلا نراون.

لە بەرامبەر ئەو ڕوانگەیەدا، بیرۆکەیەکی دیکە هەیە کە ڕۆڵی خەڵک لە سیاسەتی دەرەوە بەپاسیڤ نازانێ و بەڵکوو بەئاماژەدان بەنموونەگەلی زۆری مێژوویی؛ شی دەکاتەوە کە جیهانی ئەمڕۆ، یاریزانانی نادەوڵەتیش تەنانەت لە هەندێ جاردا پتر لە دەوڵەت کاریگەرییان لە هێڵەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا هەیە. لەم بیرۆکە نوێیەدا کە وەڵامی ئەرێنی خۆیشی لە جیهانی پێشکەوتوودا وەرگرتووە و سەرکەوتووبوونی سەلمێنراوە، دیپلۆماسی بە دوو بەشی جیاواز دەزانێ بەڵام ئەو دوو بەشە جیاوازە بە یەکەوەن کە یەکیان دەوڵەت بەڕێوەی دەبا و ئەویتریان بەرهەمی ئیرادە و خواستی گشتییە و هەردوو بەشی جیاوازی دیپلۆماسی بەسوودی دەوڵەت و میللەتە.

خاڵی گرنگی دیپلۆماسیی خەڵکی ئەوەیە کە نێوەڕۆکی شەفافە و خۆی بەپێبەندی ڕەچاوکردنی چوارچێوەی پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان نازانێ و هەر ئەم خاڵەش بووەتە هۆی ئەوەی کە داهاتووەکەی پێشبینی نەکرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران چونکە حکوومەتێکی دیکتاتۆرە کە گرنگی بە بۆچوون و هەڵوێستی خەڵکەکەی دەربارەی سیاسەتی دەرەوە نادا؛ هەمیشە هەموو وزە و توانای خۆی بۆ ڕازیکردنی زلهێزەکان و دەوڵەتانی خاوەن بڕیار سەرف دەکا. بۆیە ئەو دەوڵەتانە سەبارەت بەڕەزامەندبوونی خەڵکی ئێران بۆ ئایەتوڵڵاکان، پشت بەهەمان پڕوپاگەندەوە دەبەستن کە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی یاخود دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بانگەشەی بۆ دەکەن.

### ڕۆژهەڵاتییەکانی تاراوگە و دیپلۆماسیی شەقام

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرخودانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە زۆر هۆوە خەڵکێکی زۆری ئەم پارچەیەی کوردستان؛ ئاوارەی هەندەران بوون. دیارە هەموو ئەو کەسانەی ڕوویان لە وڵاتانی بیانی کرد، سیاسی یان ئەندامی حزبێکی بەرهەڵستکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون بەڵام ئەو خاڵەی کە ناکرێ حاشای لێ بکرێ، ئەوە بوو کە سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئێران لە هەموو بوارەکانەوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەژمارێکی بەرچاو لە نوخبەوە بگرە هەتا خەڵکی ئاسایی نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن.

حیزبهکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئەوکاتەی لە گۆڕەپانی شەڕ دژی داگیرکەردا زۆرترین وزەیان بۆ بەرخۆدانی پێشمەرگانە هەبوو، لە ڕاستیدا گرنگییەکی ئەوتۆیان بەکاری دیپلۆماسی وەکو پێویست نەدا؛ بێجگە شەهید دکتۆر قاسملوو کە «جاناتان ڕێندێل» وتەنی بەتەنیا خۆی بەقەت هەموو حزب و کەسایەتییەکان بۆ کاروباری دیپلۆماسی چالاک بوو. پاش ئەوەش کە گۆڕەپانی بەرخودانی پێشمەرگانە دژی ئێران لە کزیی دا، ڕێچکەی گرنگینەدان بە هێزی تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵات لەلایەن حیزبەکانی ئەو پارچەوە هەمدیسان بەردەوامە و دەبینرێ.




حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئەوکاتەی لە گۆڕەپانی شەڕ دژی داگیرکەردا زۆرترین وزەیان بۆ بەرخۆدانی پێشمەرگانە هەبوو، لە ڕاستیدا گرنگییەکی ئەوتۆیان بەکاری دیپلۆماسی وەکو پێویست نەدا؛ بێجگە شەهید دکتۆر قاسملوو کە «جاناتان ڕێندێل» وتەنی بەتەنیا خۆی بەقەت هەموو حزب و کەسایەتییەکان بۆ کاروباری دیپلۆماسی چالاک بوو. پاش ئەوەش کە گۆڕەپانی بەرخودانی پێشمەرگانە دژی ئێران لە کزیی دا، ڕێچکەی گرنگینەدان بە هێزی تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵات لەلایەن حیزبەکانی ئەو پارچەوە هەمدیسان بەردەوامە

هەر حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆی کۆمیتە و نوێنەری هەیە و کەمتاکورتێ لەگەڵ وڵاتاندا دیپلۆماسییان بەردەوامە. هەتا ئێستەیشی لەگەڵدا بێ ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ وڵاتانی بیانی نەیتوانیوە جەماوەری خۆی لە تاوارگە و نێوخۆی نیشتماندا ڕازی بکا، چونکە کەڵکی لە هەموو وزەکان وەرنەگرتووە.

لەو ڕووداوە نەخوازراوانەی کە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە و پێویستی بە پشتگیریی و هاتنەسەر شەقام و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی زلهێز بۆ کاریگەری خستنەسەر دۆسیەی کورد بووە، ڕیزی یەکەم و زیاترین ئەژماریی بەشداربووان؛ ڕۆژهەڵاتییەکان بوون. واتە لە ڕاستیدا بەهۆی گرنگینەدانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە «دیپلۆماسی شەقام» کە چەند دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بیروڕای خەڵکی ئەو وڵاتە و هەروەها لە سەردەمی مۆدێڕنیتەدا کاریگەریی لەسەر میدیا و دەوڵەتانیش هەبێ، ئەم وزەیە سەرفی ناساندنی خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵات نەکراوە.

ئێستە کە ڕۆژانە هەواڵی مانگرتنی سەرانسەریی سەندیکاگەلی جۆراوجۆر لە ئێران و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە پێشەنگی بەرخۆدانی مەدەنییە دەبیسترێ و «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»یش مەوجوودە، کاتێکی گونجاو و پێویستە کە ئاوڕێکی جددی لە وزە و توانای دیپلۆماسیی شەقام بدرێتەوە و کوردی تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵاتیش یەکدەنگ و یەکگرتوو هەڵوێستی هەبێ. هەموو ئەو خاڵانەی کە ئاماژەن بۆ ڕوودانی ڕۆژی مەزنی سەرکەوتنی نەتەوەکەمان بەسەر دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکانی تاراندا، لەبەر چاومانن. ئیتر کاتی ئەوە نیە وەکوو بینەرێک لە دوورەوە شرۆڤەی دۆخەکە بکەین. مرۆڤ هەرچەند توانای ئەوەی هەیە کە پێشبینی مەترسییەکان یان ڕووداوە نەخوازراو و خوازراوەکانی داهاتوو بکا بەڵام بێگومان خۆدوورخستنەوە و بەئەنجامنەگەیاندنی بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی، ڕوودانی کارەساتی قەرەبوونەکراوی بەدواوە دەبێ.

هەتا ئێستە مێژوو بەئێمەی کوردی سەلماندووە کە بێڕەحمە و چاوەڕوانی نەبوونمان، لە گۆڕەپانی کردەوەدا، ناکا. دەبێ گەشبینی و ڕەشبینیمان لەم هەلومەرجەدا وەلا بنێین و بەهەژاندنی شەقامی وڵاتانی بیانی، خەڵک و دەسەڵاتیان لە خواستەکانیی بەرخۆدانە ڕەواکەمان تێبگەیەنین و بەپێشاندانی وزە و هێزی ئازادیخوازانەمان ببینە قورساییەک کە لە نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران دوانەکەوین.

جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەتایبەتمەندیگەلێکی وەکو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و میدیا کە هەیەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە تەنیشت دەوڵەتەکانەوە، نەتەوەکانیش گرنگی خۆیان هەبێ و جیهان هەر هی دەوڵەتەکان نەبێ بەڵکو هی نەتەوەکانیش بێ.

کوردی ڕۆژهەڵات کە ئێستە حەشیمەتێکی بەرچاویان لە هەندەران دەژین و دەتوانن کەڵک لە جیهانی ئازاد و دێموکرات و مۆدێڕن وەربگرن، پێویستە لە ڕێی حیزبەکانیانەوە یاخود بە میکانیزمێکی دیکە ڕۆژێکی مێژوویی هاوبەش وەکو سیمبولێک هەڵبژێرن و لە وڵاتێکی دیاریکراودا هێزی خۆیان و خواستیان بۆ گۆڕانی ئێران و بوونیان وەکو نەتەوەیەکی کورد بە جیهان و هەروەها زلهێزان و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش؛ بسەلمێنن.

* «ڕۆژهەڵاتییەکان» لەم بابەتەدا مەبەست خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە لە دەرەوەی وڵات دەژین.

# ڕەوت و قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## (بەشی دووهەم و کۆتایی)



کاوان محەمەدپوور


### قۆناغی دووهەم: چیرۆکی مۆدێرن

قۆناغی دووهەمی ئەدەبی لە ڕوانگەی گۆڵدمەن، هەڵگری چەشنێکی دی لە پێناسەی کاراکتێرە. سیستەمی کاپیتالیزم لە قۆناغی دووهەمی خۆیدا شێوەی کارکردی ئابوورییەکەی لەسەر تاکەکەسی زەق نابێتەوە و چەشنێک لە تایبەتمەندی دەگرێتە بەر، واتە ئابوورییەک کە تایبەت کراوەتەوە بە گرووپ یان برەندێکی تایبەتەوە، ئیتر لە سیستەمی ئابووری ئەم قۆناغەدا، تۆ تاک نابینی، بەڵکوو لەگەڵ هەژمارەیەک ناو و گرووپ و برەندی ئابووری بەرەوڕووی، هەر بۆیە کاراکتێرێک کە لە چیرۆکی ئەو سەردەمەدا دەخولقێ بە ڕوانگەی گۆڵدمەن، وەک ئەوە دەچێ کە لە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە ناهۆمێد بووە و نازانێ هۆی کێشەکان چین تا بە شوێنیان کەوێ و چارەیان بکا _چوون سیستەمی ئابووری برەند، گشت چەمکەکان دادەپۆشێ_ چەشنێک لە سەرگەردانی و نیگەرانی بە هۆی نەناسینی «هۆی کێشەکان» لە دەروونی ئەم کاراکتێر/مرۆڤە پێکدێ، بۆیە زیاتر لەوەی باسی کۆمەڵگە بکا، باس لە دەروونی خۆی دەکا، وەک ئەوەی کێشە و قەیرانەکە لە نێو خۆیدا بێ. بە وتەی گۆڵدمەن لێرەدا چیرۆکی (دەروونناسانە) دێتە ئاراوە، چیرۆکێک کە کاراکتێرەکانی سەرقاڵیی یەکجار زۆریان لەگەڵ دەروونی خۆیانە و کەمتر وەهایە باسی جیهانی دەرەوە بکەن یان ئەگەر باسیشی بکەن، جیهانێکی تاریک و لێڵە و هەمیشە خەریکی ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لەم جیهانەن. بۆیە زیاتر «مۆنۆلۆگ» ئەبیندرێ. فەزاسازی ئەم چەشنە چیرۆکە، فەزای سارد و سڕ و لێڵ و نامۆیە. ئەمە لایەنێک لە «چیرۆکی مۆدێرنیستی»یە، واتە هاوتەریب لەگەڵ تاکبوون و خاوەن کێشە بوون _کە خسڵەتی بنەڕەتی چیرۆکە_ لایەنێکی دەروونناسانەش بۆ کاراکتێر دێتە ئاراوە. ئەم چەشنە کەسایەتییە، لە قۆناغی دووهەمی چیرۆکی ڕۆژهەڵاتدا بەدی دەکرێ. -هەڵبەت تەواو کۆ و گشت چیرۆکنووسەکان ناگرێتەوە، لەسەرەتا باسم کرد ڕەنگە گریمانەکەی گۆڵدمەن تەواو کۆ بۆ پێناسەکردنی چیرۆکی کوردی نەبێ بەڵام لایەنێکی زۆرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

قۆناغی دووهەمی چیرۆکی کوردی لە ساڵی ١٩٩٣ دەست پێدەکا و تا نیوەڕاستەکانی دەیەی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ درێژەی هەیە، دەتوانین دەسپێکی ئەم قۆناغە بە بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (زریکە)ی عەتا نەهایی ناودێر بکەین. عەتا نەهایی لەم کۆمەڵە چیرۆکە و دواتر کۆمەڵە چیرۆکی (تەنگانە)دا هەوڵی داوە لە فەزا و پێکهاتەی ساکاری قۆناغی یەکەم دەرباز بێ و شێوەیەکی نوێ لە گێڕانەوەی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەر بکا. ئەم چیرۆکانەی عەتا نەهایی کە بە چەشنێک کاریگەریی ئەدەبی فارس، بەتایبەت (هووشەنگ گۆڵشیری)یان پێوە دیارە، بووژانەوەی چیرۆکی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمە دایە. هەر لە قۆناغی دووەمدا، دوو ڕووداوی بەرچاومان هەیە کە جێگەی خۆیەتی باسی لێوە بکرێ. یەکیان دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٩٦ لە شاری بۆکان، دەستەیەکی پێنج کەسی لە چیرۆکنووسانی گەنج، کە ئەزموونی خوێندنەوەی چیرۆکی مۆدێرنیستییان هەبوو و لەگەڵ شێوازی چیرۆکنووسیی جیهانی تاڕادەیەک ئاشنا بوون، کۆڕێک پێک دێنن بەناوی (کۆڕی خۆر). ئەم پێنج کەسە لە هەوڵی نوێکردنەوەی چیرۆک و دەربازبوون لە شێوە گێڕانەوەکانی قۆناغی یەکەم دان. ئەم پێنج کەسە کە هەموویان ئەزموونی چیرۆکنووسییان هەبوو، بریتین لە «بریا کاکەسووری، حەمەدئەمین شامحەممەدی، عەلی غوڵامعەلی، ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە و سولەیمان عەبدولڕەحیمزادە.» کۆڕی خۆر، دوو بوڵتێن لە چیرۆکی نوسەرانی نوێ بڵاو دەکەنەوە و لەسەر باسکردن لە چیرۆکی کوردی بەردەوام دەبن. بریا کاکەسووری یەکێک لە ئەندامانی سەرەکیی ئەم کۆڕە ساڵی ١٩٩٨کۆمەڵە چیرۆکی «سیاسووت» بڵاو دەکاتەوە، حەمەدەمین شامحەممەدی هەر ئەو ساڵە کۆمەڵە چیرۆکی «قەڵا» بڵاو دەکاتەوە و کۆمەڵە چیرۆکی «چارەنووسی تاپۆکان»ی سولەیمان عەبدولڕەحیمزادەش هەر لەم خانەدا جێ دەگرێ. بەگشتی فەزای نوسینی ئەو دەستەیە فەزایەکە کە دێتە ژێرخانەی چیرۆکی مۆدێڕنیستی. پێکهاتە و فۆڕمی پێچەڵاوپێچەڵ، سەرەکیبوونی مۆنۆلۆگ بە جێگەی دیالۆگ، وەسفی دەروونناسیی کەسایەتییەکان، وەسفی زۆریی فەزای داستان و ڕەخنە لە جیهانی بێمانا و هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی مانا، تێمی سەرەکیی فۆڕم و پێکهاتەی ئەم چەشنە چیرۆکانە بوو. کاریگەریی کەسانێک وەکوو سادق هیدایەت، کافکا، سارتەر و ساموئێل بێکێت بەسەر نووسراوەکانی ئەم دەستەیەوە دیارە.

ڕووداوی دووەمی قۆناغی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ کە کۆمەڵە چیرۆکی «مزگێنی»ی محەممەد ڕەمەزانی بڵاو دەبێتەوە. تەکنیکی نوسین و پێکهاتە و ڕاوێژی کاراکتێرەکانی ڕەمەزانی، چەشنێکی تایبەتە و لەسەر بەشێک لە چیرۆکنووسانی گەنجی ئەو سەردەمە کاریگەریی هەبوو. محەممەد ڕەمەزانی کە بەداخەوە جیا لەم کۆمەڵە چیرۆکە کاری دیکەی بڵاو نەکردوە، یەکێک لە باشترین چیرۆکنووسانی ئێمە بوو کە ئێستا دەستی کێشاوەتەوە و زیاتر سەرقاڵی کاری وەرگێڕانە. ئەگەر فەتاح ئەمیری لە قۆناغی یەکەمدا لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی «دەوڵەت ئابادی»دا بوو و عەتا نەهایی لە کۆمەڵە چیرۆکی «تەنگانە»دا لەژێر کاریگەریی گۆڵشیری، ئەوە محەممەد ڕەمەزانی لە «مزگێنی»دا هەوڵی سەربەخۆیی زیاتر دەدا کە لەم کاریگەرییەی چیرۆکی فارس کە ساڵانێک بوو لەگەڵمان بوو دەرباز بێ، بۆیە زیاتر پێکهاتە و فۆرمی نووسراوەکانی ڕەمەزانی بە چیرۆکی بیانی نزیکترە تا چیرۆکی فارسی. لە نێوەڕۆکیشدا هەوڵی ئەوەی داوە مۆرکی کوردیی پێوە دیار بێ.

قۆناغی دووەم بەدڵخۆشییەوە بەرهەمی زۆری تێدا چاپ بوو و ئیتر ئەو وەستان و بێدەنگییەی قۆناغی یەکەم بۆ هەمیشە نەما. هەر لەم قۆناغەدا، ناسر وەحیدی لە پێشدا ساڵی ١٩٩٥ کۆمەڵە چیرۆکی «خەوەڕاو» بڵاو دەکاتەوە و پاشان کۆمەڵە چیرۆکی «هاوار» و «خەونەکانی ئیقلیمی با» لە ساڵی ١٩٩٧دا دەنوسێ. ڕۆمانی «شاربەدەر»ی حوسێن شێربەگی لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاو دەبێتەوە و دوو ڕۆمانی «بڵێند و نەوی»ی خاتوو نەسرین جەعفەری و «هەزار ئەشکەوتی» عومەر مەولوودی لەو ساڵەدا چاپ دەبن. هەڵبەت ئەم دوو ڕۆمانە، «بڵێند و نەوی» و «هەزار ئەشکەوت» هەرچەند بەپێی ساڵی چاپ لەنێو قۆناغی دووەم دان، بەڵام لەڕووی پێکهاتە و دەربڕینەوە زیاتر لە چوارچێوە و تایبەتمەندیی ڕۆمانی قۆناغی یەکەمدا پۆلێن دەکرێن. دەبێ ئاماژە بکەم، ئەمە بە هیچ شێوەیەک بە مانای کەموکوڕی بۆ ئەم دوو بەرهەمە نییە، بەڵکوو مەبەستم لە پێکهاتە و شێوە داڕشتنی فەزای ئەم دوو ڕۆمانەیە، یانی وەک کارەکانی دی کاریگەریی چیرۆکی مۆدێڕنیستییان پێوە دیار نیە.




### قۆناغی سێهەم: فرە ژانر و پێکهاتە

قۆناغی سێیەم، کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە دەستی پێکردووە تا ئێستاش بەردەوامە، لەم قۆناغەدا لەگەڵ شێوازێکی جیاواز لە پێکهاتەی گێڕانەوە و نێوەڕۆک و لەحن بەرەوڕوو دەبینەوە، بەڵام بەگشتی ئەم قۆناغە لە پێکهاتەی ساکاری قۆناغی یەکەم و جیهانی تەم و لێڵی قۆناغی دووەمدا لە زۆربەری بەرهەمەکان دەرباز بووە و نوسەرەکان هەوڵی ئەوەیان داوە ئاوڕێکی نوێ لە سووژەکانی کۆمەڵگەی کوردی بدەنەوە، هەر لە پێناو ئەم مەبەستەشدا «فرەگوتاری، کاراکتێری جیاواز لە گشت چینەکانی کۆمەڵگە و چەند ڕەهەندی خوێندنەوەمان» هەیە. بۆ نموونە هەندێ نوسەر سەرنجی تایبەتیان بە توانستە گێڕانەوەییەکانی ئەدەبی زارەکیی کوردی داوە، وەکوو عەتا نەهایی لە ڕۆمانی «گوڵی شۆڕان»دا کە تێمی چیرۆکەکەی لە بەیتی «لاس و خەزاڵ» وەرگرتووە و لەنێو چیرۆکێکی ئەمڕۆییدا دایدەڕێژێتەوە، واتە کەڵکوەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی بۆ بەرهەمهێنانی چیرۆکی مۆدێڕن، یان سەید قادر هیدایەتی لە ڕاوێژی مەزهەبی و خانەقایی کە لە مەحفیلی دەروێشانەی کوردیدا ئەبیسترێ، بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی «تۆقی عەزازیل» کەڵک وەردەگرێ و لە ڕۆمانی «گابۆڕ»دا تەکنیکێکی تایبەت لە بەکارهێنانی کەرەستەی «گێڕەوە» نیشان ئەدا کە لە جێگەی خۆیدا بێ وێنەیە. جیاواز لەم بەرهەمانە ئەتوانین بە سێ کۆمەڵە چیرۆکی بریا کاکەسووری بە ناوەکانی «تابووتی تەمەن»، «سەفەرنامەی دۆزەخ» و «مەرگەژین» ئاماژە بکەین کە لە بەرهەمە بەرچاوەکانی کورتە چیرۆکی ئێمەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێکی دیکە لە باشترین بەرهەمەکانی ئەو ساڵانەی دوای کۆمەڵە چیرۆکی «پاشای تەنیایی»یە لە نوسینی عەلی غوڵامعەلی، ئەم بەرهەمە بە باشی توانیویەتی فۆڕمی کورتە چیرۆک بە پێکهاتەی بەهێز و زمانێکی سرنجڕاکێش نیشان بدا. کۆمەڵە چیرۆکەکانی «پیاوێکی ڕیش خەنەیی»ی عەزیز مەحموودپووریش یەکێک لە بەرهەمە باشەکانی کورتە چیرۆکی ئێمە لە قۆناغی سێیەمدا.

لە قۆناغی سێیەمی ڕەوتی چیرۆکنووسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوە خاڵەی جێگەی تێڕامانە، ئەوەیە کە هەمانە بە بنزاراوەیەکی تایبەت چیرۆکی نووسیوە، وەک سەراجەددین بەناگەر، چیرۆکنووسی سنەیی لە کۆمەڵە چیرۆکی «چاوشارەکێ» و ڕۆمانی «قولولولوو»دا کە بە بنزاراوەی ئەردەڵانی دایڕشتووە. فەروخ نێعمەتپوور لە زمانێکی فەلسەفی بۆ گێڕانەوەکانی سوود وەردەگرێ، بەتایبەت لە ڕۆمانی «باڵندەی بریندار، ماسیی سەرسام.» یەکێکی دیکە لە ڕۆماننووسە باشەکانمان «شارام قەوامی»یە کە سێ ڕۆمانی بەناوەکانی «سوەیلا»، «بیربا» و «پاڵتاوشۆڕ» هەیە و کۆمەڵە چیرۆکێک بە ناوی «مێژوویترین زامی دایکم» کە لە بەرهەمەکانی پێشوویەتی. قەوامی یەکێ لە باشترین نوسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە زانستێکی تایبەتی لەسەر پێکهاتەی چیرۆک و ڕۆمان هەیە و ئەم زانیارییەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. کامڕان حامیدی لە سێ ڕۆمانی «زینوی بەتەم»، «گۆمی بەردەلانکێ» و «مان و نەمان» ڕەهەندەیکی جیاوازی لە ڕۆمانی مێژوویی بۆ ڕۆژهەڵات خوڵقاندووە. بریا کاکەسووری لە ڕۆمانی «چریکە و تاریکستانی ساڵە سپییەکان»دا لە تەکنیکی «مێتافیکشێن» بۆ گێڕانەوە سوودی گرتوە. مەنسوور حامیدی لە ڕۆمانی «دوورە دەراوی سوورە چۆم»دا هەوڵێکی شایانی بۆ ڕۆمانی پۆست مۆدێڕن داوە.

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی ئاماژەیەکی گشتی بە نوسەرە گەنجەکان بکەم، کە لە ڕاستیدا دڵخۆشیی داهاتووی چیرۆکی کوردین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەک لەو کەسانە عەلی حوسێنی لە سەقز بە ڕۆمانی «کەتنگە» و «سەفەرەکانی شەوبا»یە کە ئەم دوایین ڕۆمانەی ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکردەوە. ڕزگار لوتفی بەرگی یەکەمی ڕۆمانی «نیشتمان» و سێ کۆمەڵە چیرۆکی تا ئێستا بڵاو کردۆتەوە. خاتوو شەپۆل مەجیدپوور بە کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو نامانەی هەرگیز نەخوێندارنەوە» لە پێشدا وەکوو دەنگێکی نوێی چیرۆکنووسی ژنان خۆی ناساند و لەم دواییانەدا سێ نۆڤێلتی لە کتێبکدا بە ناوی «حکوومەت نیزامی» و چیرۆکێکی درێژ بەناوی «ملوانکەکانی دایکم» کە چیرۆکێکە بۆ منداڵان و ڕەخنە لە تەڵاق و جیایی خێزانەکان دەگرێ، بڵاو کردۆتەوە. خانمی پەری کەریمی‌نیا یەکێ لەو نوسەرە پڕ کارانەیە کە تا ئێستاکە ڕۆمانی «هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجار» و سێ کۆمەڵە چیرۆکی «کێ لە من و ڤیرجینیا وۆڵف دەترسێ»، «قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن» و «قەست و نییەتمە هەنارێک بسمیل بکەم»ی بڵاوکردۆتەوە. سەدیق ڕەسووڵی کۆمەڵە چیرۆکی «سەیدەوان»ی لە چاپ داوە کە چیرۆکی سرنجڕاکێشی تێدان. هێمن عەبدوڵاپوور لەو گەنجە چیرۆکنووسانەیە کە داهاتوویەکی باشی بۆ پێشبینی دەکرێ. هێمن ساڵی ٢٠١٢ کۆمەڵە چیرۆکی «دەنگەدەنگی بێدەنگی» و ساڵی ٢٠١٧ کۆمەڵە چیرۆکی «با زۆر شت لەگەڵ خۆی نابا»ی بڵاو کردۆتەوە. هیوا قارەمانی ساڵی ٢٠١٧ کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی «نیار» بڵاو کردۆتەوە کە زمانی گێڕانەوەیەکی تایبەتی هەیە. خانم چنوور سەعیدی لە سنە دوو کۆمەڵە مینیماڵی بەناوی «هەناسەی پێخەفە داخراوەکانی ئەبەدی» و «تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە» تا ئێستا بڵاو کردۆتەوە. خانم سارا سادقزادە ساڵی ٢٠١٦ ڕۆمانی «ئاسمانێکی بێ مەودا» و کۆمەڵە چیرۆکی «ئەم چیرۆکانە زۆر ژنانەن» بڵاو کردەوە.

بێگومان چیرۆکنووسانی دیکەش هەن کە دەرفەتی ئاماژە پێدانیان لەم وتارە کورتەدا نیە و ڕەنگە شێوەیەکی تایبەتیان بۆ گێڕانەوە _لانیکەم لە چیرۆکی ڕۆژهەڵاتدا- پێ بێ. ڕەخنە و خوێندنەوەی چیرۆکی هەر یەک لەو نوسرانەی لەم وتارەدا باسمان کرد وتار و دەرفەتێکی تایبەتی دەوێ و ڕەنگە نەتوانین بە وردی ئاماژە بە گشت لایەن و ڕەهەندەکانی گێڕانەوەی تاکەتاکەی ئەمانە بکەین.

* لە فەیسبووکی نووسەر وەرگیراوە

## بۆ هەست و دڵی جەلال مەلەکشا

ئەمین گەردیگلانی



جەلال مەلەکشا و ئەمین گەردیگلانی لە سەر گۆڕی نەمر ئەحمەد قازی_ مەهاباد

شێعر، شنەی بای وادەیە
پڕیەتی لە هەست و سۆز و ژیانەوە
شێعر، گوڵاڵەی بەهارە
پڕیەتی لە بۆن و عەتری گەشانەوە

شێعر، ئاگری نەورۆزە
ئەشق و تین و ڕووناکی دەبەخشێ بە ژیان
شێعر، ڕووگەی ئارەزووە،
ئۆخژنی سەوزی هیوایە
ئۆقرە و چێژ دەبەخشێ بە گیان

شێعر کۆلکەزێڕینەیە
لە قەندیلەوە تا شاهۆ
لە ئاگری تا داڵاهۆ
پردی ڕەنگاڵە دەکێشێ
دڵی بێستوون و تەرەغە وناڵشکێنە
پیرەمەگروون و ئاربەبا
لە شەکراوی شیلەبزەی
تیشکی هەتاو هەڵدەکێشێ

شێعر، خەیاڵی دڵێکی پڕ هیوایە
لە نێو سنگی مەلەکشادا دەشنێتەوە
شێعر، پەپوولەی تاسەیە
لە سەر سەری جەلالە دڵ خەمبارەکەی
کێوی ئارێز و ئاویەر دەخولێتەوە

شێعر، هەنگێکی تینووە
بۆ شیلەی هەستی شیرینی خەیاڵی جەلال دەگەڕێ
پەپوولەیەکی ئاشقە
لە سەر گوڵی دڵی سیسی
ئەویندارە غەمگینەکەی
شار سنەی دەلال دەگەڕێ

شێعر، مەلێکی کۆچەرە
باڵی لە شەونمی ڕوونی ئەستێرەکان هەڵکێشاوە
شێعر، دڵی مەلەکشایە
لەگەڵ هەموو ئازارێکی وڵاتەکەیدا گریاوە

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 727 5 june 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

### جەلال مەلەکشا، شکۆی شێعری بەرگری



ئەنۆر عەزیزیان

«لە کازیوەی تەمەنتدا
ڕەنگت بۆ هەتاو بردوە
خونچەی دەمی ئاسۆ پشکووت
لە شێعرێکا کۆت کردەوە...»

باس و خواسی ئەم دێڕانە «جەلال مەلەکشا»یە. ئەم تاڤگە سۆما کەسکە لە سەرەتای خرۆشانەوە ڕواڵەتی بەهاری بە دێم و بەیار بەخشی و قاقڕیی لە هەناوی زەوی و زار خڕکردەوە و لە تویی شێعر و داستانا وەرزی سەردەمێکی زێڕینی چاند و، وەک ئەویندارێکی لێبڕاو، ئارام و قەراری لێهەڵگیراو، تەنیا لە تویی کتێب و دەفتەرا حەسایەوە و سینگی سپیی کاغەزی بە وشەی جوان و شیاوی سەرنج پڕ کردەوە.

لەو سەردەمدا کە زمانی دایکی بێناز و، ڕێگەی خوێندنگە و زانکۆی لێ گیرابوو، هەست و خولیای جەلال لە فارسی نووسیندا یەک دەگرنەوە و گلێنەی ئەم ڕێزمانەش ڕوون دەکاتەوە. ئەحمەد شاملوو دەڵێ: «ئەگەر لە دوارۆژدا کەسێک لە شێعری فارسی بدوێ ئەوە جەلالی مەلەکشایە؛ جەلال لە «خودا»یانی شێعری فارسی و «ناخودا»ی ئەدەبیاتی کوردییە.»

ئەم شاعیرە کە بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی نوێ و، ورد و وێچوویانە لە ئەدەبیاتی دەڕوانی و هەڵسەنگاندنی بۆ قالب و قەوسی برۆ و برژانگی وشەی خەیاڵیی شاعیر و قەڵەمبەدەستانی هاوچەرخی خۆی دەکرد، ببووە مایەی سەرنجی نووسەران و مەحەکی لێکدانەوەکان، ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێش دەچوو و بە شارەزایی تەواوەوە دەرکەوت و، وەک قەڵەمێکی دیار و بەرچاو هاتە گۆڕەپانی ڕووناکبیرانی ئێرانەوە و بوو بە ئەندامێکی کارای کانوونی نووسەرانی ئێران.

ئەو هۆنەرە هەست ناسکە و ئەوینداری هەژارانە، بۆ چرکەساتێکیش بیری لە بەرژەوەندیی خۆی نەکردەوە و لە هەمبەر بەختەوەری و ژینی خۆیدا سازشی لەگەڵ داگیرکەران و دیکتاتۆڕان نەکرد. جەلال ئەوکاتەی ئەقڵ و بیری بە ملکی خۆی دەزانی، کە بڵێسەی لە دەروون هەڵدەستاند و، وشەی یاخی و سەربزێوی بە هەستیدا دەخرۆشان و، وەک کوان و برین لە سەر دڵی تاریکپەرستان ڕەگ و ڕیشەیان دادەکوتا، ئاخر ڕازونیازی بیری ئەدەبی ئەو هەستە پاک و ئینسانیە بوو کە لە سەرچاوەی ئەوینی شعووری مرۆڤێکی ڕاستەقینەوە هەڵدەقوڵا. ئەو مەڵحەمانەی جەلال تیماری زام و زەخمی کۆمەڵانی ڕەنجکێش و حەقخوراوی وڵاتەکەی پێدەکردن، سیمایەکیان لە ڕەنگی ئازادیخوازی بە کەسایەتی و پێگەی ئەو بەخشیبوو؛ هەر بۆیە دوژمنانی ژین و ژیان ڕۆژبەڕۆژ چوارچێوەی بەختەوەرییان لێ بەرتەسک دەکردەوە و بە گەل و وڵاتیان ڕەوا نەدەدی. ئەم شاعیرەی پەیمانی لەگەڵ ڕووناکی بەستبوو، بە زوڵمەت ڕا نەدەهات و توانج و پلار و تیروتانە و ئازار و برک و ژان لە ئیرادە و خواستی ڕەوای نەیدەسڵەماندەوە و لە بەر هیچ چەشنە ئازارێکا بە چۆکدا نەدەهات. ئەوە جەلال بوو ساواکی دڕندە و نوکەری دەرباری تاجی ئێعدامی کردبووە چەقەنەی ئاشی و خەوی سەرکورسی لێزڕاندن و خوانی چزە و بزەی چەور و پێکهاتوو لە ڕەنجی پەڵە و جووتیار و کرێکاری دەس قەڵەشیو و بێری و شوانی ڕوومەت تاو بردوو لێ حەرام کردن.

شەوپەرستان بۆ پەرەپێدانی زەبروزەنگ و، کپکردنی بانگەوازی دادپەروەری کە هەڵزناوی ئاوازی شێعر و داستانی جەلال بوون، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم قەڵەمە هەقبێژەیان لە دەیەی چلی هەتاویدا لە قوژبنی بەندیخانەکانی ڕێژیمی شادا ڕاگرت، بەڵام جەلال کە بەڵێن و پەیمانی بە سەنگەری ڕزگاری دابوو، زیندان نەیتوانی لە بیری شۆڕشگێڕیی دووری بخاتەوە و لە پشتی میلەکانی گرتووخانەوە هەمدیسان قەڵەمەکەی دەکاتە تریبوونی بانگی ئازادی و سنوورە لۆکاڵیەکانی ئەقڵیەتی دەربار دادەچڵەکێنێ و دنەی بیری سەربەستی دەدا و لە شەقام و هەستی نووسەراندا بەربەرینتر دەبێتەوە.

ئەم وێژە خەماوییەی، زۆربەی لاوەتیی لە کونجی بەندیخانە و مێحنەتی ڕۆژگاری سەخت و بێدەرەتانیدا ڕابرد، لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا گوڵی ئاخی دەپشکوێ و شۆڕشی گەلانی ئێران ڕەنگی زەردی لەبەردادەماڵێ و ئاهێکی وەبەر دێنێتەوە. دوای ئەوەی «سروە»، شنەی بەهارێکی هێمن لە شاری لاوکەوە هەڵ دەکا و گۆڤارێکی ئەرخەوانی لە خاکی ئەشق و ئەوین دەڕوێ، وەرچەرخانێک لە هەست و ڕێزمانی هونەری جەلالدا پێکدێ و دەگەڕێتەوە نێو شنەی کوێستانی کوردستان و ئاوی سازگاری کوچکەڕەش و سەیوان ئەخواتەوە و سەر لە بنار و چەم و چیای نیشتمان هەڵدێنێ و لە نێو زمان و ئەدەبیاتی میللەتی خۆیا ئەگیرسێتەوە و دەبێتە پاڵپشتی هێمنی موکریانی و لە سەنگەری گۆڤارە ڕەنگینەکەی سروەدا دەچێتە بەرەکانی خەباتی گەلەکەیەوە و، لە مەیدانی بەرخۆدانی وشەوە هەقانییەتی مافی زەوتکراوی نەتەوەکەی دەسەلمێنێ. ئەم بلیمەتە، دڵداری خاوەن بەڵێنی دڵی شێعر لە ماڵەکەی سروەدا دەبینێتەوە و غەدر لە زمانی وتووێژی ئەم ئاشقە ناکا و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ ئەوینی ئەو دڵدارە لە ژوانی ئامێزی وێژە و ئەدەبدا دەحەسێتەوە و وەک قەڵەمێکی دیار و بەبڕشت جوانترین بەرهەمەکان دەخولقێنێ و دەبێتە بەرپرسی بەشی ئەدەبی و شێعر کە ئەو سەردەمە بە قۆناغی زێڕینی گۆڤاری سروە دادەنرێ. بەڵام مەخابن؛ جەلال لە کۆلکە سڵەمیوەتەوە و بەسەر بەرازا کەوتوە! ئەمجارەیان ڕێژیمی چاوچنۆک و بیرتەسکی کۆماری سێدارەیە گەمارۆی بیری ئازادیی دەدا و مەجال بۆ قەڵەمی جەلالی شەیدای ئازادی ناهێڵێتەوە و لە خەیاڵی شێعرا سواری ئەسپێکی تیژڕەو ئەبێ و سنوورەکان ئەبڕێ و تادێ بگلێ، ئیسمایلی بەرزەنجی جڵەوی ئەسپەکەی ئەگرێ؛ بەڵام جەلالی هەست بریندار و غەریب لە شاری خۆی دەردەداری خاکە و ژانی خاکیش بە کۆچ ناکرێ...

بەمجۆرە ئەو مامۆستا هەگبە لەکۆڵە، پەڕیوەی گەرمێن دەبێ و لەوێش گوڵبژەی نیشتمانەکەی لەسەر بیری دەڕوێ و سەرپەرستیی گۆڤاری «پڕشەنگ» دەگرێتە ئەستۆ و بە ئەدەبیاتێکی پاراو و جێکەوتوو لاپەرەکانی دەڕازێنێتەوە. شێرکۆ بێکەس لە وەسفی قەڵەمی ئەو هۆزانڤانەدا دەڵێ: «جەلال بۆتە هۆی پێشکەوتن لە زمان و ئەدەبییات، شێعری ئەو لە دڵەوە دێن و لەسەر دڵیش دەنیشن، ئەگەر ئەو ژیانێکی ئارام و بێ ڕەنجی بووبا، دەیتوانی بەرهەمی بەپێزتر بە گەل و نیشتمانەکەی ببەخشێ.»

جەلال پاش ئەوەی بەرگەی دووریی زێدەکەی ناگرێ، دەگەڕێتەوە کوێستانی نیشتمانەکەی و لە گۆڤاری فەرهەنگیی ئەندیشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ، قەڵەمی وەگەڕ دەخاتەوە. ئەو کۆچاوکۆچ و گەرمێن و کوێستان کردنە، ئەوەندەیتر ڕەنج و ئازارەکانی میللەتەکەی پەلکێشی ژیانی هونەری دەکا و، شێعر و داستانی بەرگی شۆڕش لە بەر دەکەن و لە هەمبەر ڕووداوەکاندا هەڵوێست دەگرێ و ڕووحی هونەر لەگەڵ سەنگەر و پێشمەرگەدا، گەوە و چیای سەختی خەبات دەپێون و شەهیدان دەبنە سونبول و لە نێو پەلکی بۆنخۆشترین گوڵە شێعرەکانیدا دەڕوێن...

ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرە زۆر جار دوژمنانی گەلەکەی ویستویانە بەرگی ڕووسوری و وڵاتپارێزیی لەبەردامالن و لە بەرامبەر بژیویدا بە چۆکی دابێنن، بەڵام ئەو ژینێکی سادە و ساکاری بردۆتە سەر و کۆشک و تەلاری ڕەنگاوڕەنگی لە ئازادیی نیشتماندا دیتۆتەوە و خەمی گەورەی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەی بووە؛ هەر بۆیە لە ئاست هیچ خەمێکی نیشتماندا بێدەنگ نەبووە و لێکدابڕانی هێزەکانی جووڵانەوەی کوردیشی داوەتە بەر پەلاماری شێعر و نشوست و نسکۆکانی ڕوون کردۆتەوە...

مامۆستا جەلال لەگەڵ ئەوەدا کە مافی ژنی بەڕەوا زانیوە و بەردی یەکسانیخوازی بۆ لە سینگ داوە، بەڵام زۆرجاران دڵی ئاوێنەئاسای چڕژاوە و شێعری وەک مار لە قەدی دڵدارا پاپۆکەی خواردۆتەوە و سەرسەرای هونەری لێ ڕووخاندوە و لە پەسیو و قوژبنی داستان و شێعردا بێمەیلیی خۆشەویستەکەی هۆنیوەتەوە....

ئەو شاعیرە خاوەن هەڵوێستەی شەو و ڕۆژ بە دەردی نیشتمانەوە دەگلێ، هەتا ئێستاش لە شاری سنە هەروا خەمی وڵاتەکەی بە کۆڵەوە و شێعر و داستانی چۆڕچۆڕ خوێنی شەهیدان و فرمێسکی کەسوکاریانی لێ دەچۆڕێ و ژانی ڕووح و جەستەی وێکڕا زەرد و ژاکاویان هەڵگەڕاندوە و کوچکەڕەش و ئاویەر تەم و تاریکە و ئاسمانی جەلال نزم و نەوی سەری تا بن میچی دەگا.

## دوکتور محەممەد ساڵح ئیبراهیمی ماڵاوایی لە ژیان کرد



دکتور محەممەد ساڵح ئیبراهیمی ناسراو بە مامۆستا «شەپۆل»، کەسایەتیی ئەدەبی، نووسەر، وەرگێر، لێکۆڵەر، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا شەپۆل کە ڕۆژی شەممە، ٥ی جۆزەردان بەجێی هێشتین، زیاتر لە ٣٠ کتێبی بە زمانی کوردی نووسیوە و خاوەنی چەندین بەرهەمی وەرگێڕانە، و لە ساڵی ١٩٧٩ی زاییینیدا و لە ماوەی نۆ مانگدا ٩ ژمارەی لە گۆڤاری «گڕشەی کوردستان» دەرکردوە. ئەو هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەران و سەرۆکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کوردی و لە دامەزرێنەرانی جامیعەی کوردانی نیشتەجێی مەرکەز بوو.

وەرگێڕانی «قورئان بۆ سەر زمانی کوردی»، نووسینی پەرتووکەکانی «واڕگە و ناودارانی کورد»، «کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی»، «باوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی» و «زریزەی زێڕین» چەند بەرهەمێکی نەمر مامۆستا شەپۆلن کە پێشکەش بە وێژە و خەرمانی ئەدەبی کوردیی کردوە.

## «سەرای هێمن» وەک باشترین موزەخانەی ئێران

لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە ساڵۆنی مامۆستا شاناز لە بینای هونەرمەندان گیرا، «سەرای هێمن» وەک باشترین بیست مۆزخانەی ئێران ناسرا و میداڵی باشترین مۆزخانەی لە لایەن ڕاوێژکاری سەرکۆمار و سەرۆکی ڕێکخراوی میراتی فەرهەنگی، پیشەی دەستی و گەشتیاری پێ درا.

سەلاح پایانیانی، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی هێمن لە شاری مەهاباد وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە گوتی: لە ڕۆژی جیهانیی مۆزخانەدا، کۆمیتەی میلیی مۆزەخانەکانی ئێران هەموو ساڵێ بەو بۆنەیەوە خەڵات بە بیست لە باشترین مۆزەخانەکانی ئێران دەبەخشێ کە لە نێوان ٤٠٠ مۆزخانەی ئێراندا «سەرای هێمن» خەڵاتی ئەو کومیتەیەی پێ بەخشرا.



«سەرای هێمن» لە شاری مەهاباد بۆ دووەمین ساڵ لە ئاستی ئێراندا وەک باشترین موزەخانە ناسرا.

## بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە قەڵای حیزبی دێموکرات



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ی جۆزەردان منداڵانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا بە چەند بڕگەی شاد و چالاکیی شەڕەئاو بزەی شادی کەوتە سەر لێوی منداڵانی بەشدار و، دواتر ڕێوڕەسمەکە بە چەند بڕگەیەکی هونەری درێژەی پێ درا.

خوێندنەوەی پەیام، پێشکێشکردنی کۆمەڵێک سروود و گۆرانی، خوێندنەوەی شێعر و چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی منداڵان بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون. ڕێوڕەسمی ئاماژەپێکراو لەلایەن «ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»ەوە ئامادەکاریی بۆ کرابوو.

## هونەرمەندانی دەروەستی ئێران نەچوونە میوانییەکەی ڕووحانی

ئاناهیتا هێمەتی، ژنە ئەکتەری ناسراوی سینەمای ئێران بەبڵاوکردنەوەی نامەیەک ڕوو لە حەسەن ڕوحانی گوتی: بەڕێز سەروککۆمار ئەمن نایەمە ئەو میوانییە، چونکە لەمێژە سفری خەڵکی ئێران بەتاڵ و ڕۆژبەڕۆژ خەڵک هەژار و دەسکورتتر دەبن.

ئاناهیتا هێمەتی لە درێژەی نامەکەیدا بە باسکردن لە کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ئێران ئاماژەی بە کوشتنی کوڵبەرانی کورد و لێقەوماوانی پارێزگای کرماشان و گرانی و گەندەڵیی ماڵی کردبوو.

مەهناز ئەفشار، ژنە سینەماکاری بەناوبانگیش وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو بانگهێشتە، ڕوو بە حەسەن ڕوحانی گوتی: بەڕێز سەرۆککۆمار لە جیاتی من ئاتنا دائیمی کە ئێستا لە بەندیخانە دایە بۆ ئەو مەراسمە بانگ بکە، کە جینایەتکاریش نیە و تەنیا لە سەر مافی خەڵکی وڵاتەکەی دەسبەسەر کراوە.



بەشێک لە هونەرمەندانی دەروەست و ئەکتەرەکانی سینەمای ئێران لە وڵامی نامەی بانگهێشتی حەسەن ڕوحانی بۆ زیافەتی بەربانگ، نەچوونە ئەو میوانییە و دۆخی خراپی ئابووریی و کەشی نائەمنی سیاسیی وڵاتیان بە چاوی حەسەن ڕوحانی دادایەوە و خستیانە بەر دەمی ڕەخنەی توند و لەو بارەوە ڕەخنەیان لێیگرتووە.

